
# ڕۆژنامە

کۆمپانیای وشە هەفتانە دەریدەکات | ژمارە (٦٢٥) سێشەممە ٢٠١١/٣/١٥ | نرخ (٧٥٠) دینار | www.rozhnama.net



کاتێ گوتاری ڕاگەیاندنی دەسەڵات بێڕێزیی دەکات ■٢١



لە یادی هەڵەبجەی ئەمساڵدا، دەسەڵات دادگایی دەکرێت ■١٨



ماڵپەڕی نوێی ڕۆژنامە









دەیان موڵکی گشتیی لە زاخۆ داگیر کراون ■١٥

کەماڵ کەرکوکی تۆڵەی لە تاڵەبانی کردەوە ■٣


## شکستەکانی کابینەی شەشەم بە ژمارە

ل٦

# لە کابینەکەی نێچیرڤان بارزانیدا

# (٤٧٦) دۆنم دەدرێتە سەرۆکی دیوانەکەی

تایبەت بە ڕۆژنامە

لە یەک ڕۆژدا کابینەی پێشووی حکومەتی هەرێم، زیاد لە (٤٧٦) دۆنم زەوی لە ناوچەرگەی هەولێر دەکات بە ناوی د.نوری عوسمان سنجاری، سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیرانو دواتر بە بڕی (٣٧٩) ملیۆن دینار، بە زانکۆی کوردستان دەفرۆشرێتو بەرامبەر بە (١٩٥) دۆنمیشیان، پارە وەرنەگیراوە.

بەپێی چەند تاپۆیەک کە کۆپییەکانی دەست ڕۆژنامە کەوتوون، لە ٢٠٠٨/٣/١٣دا، ڕووبەری (٤٧٦) دۆنمو (١٨) ئۆلک زەوی بەتاڵ لە کەرتی عەینکاوەی ناوچەرگەی شاری هەولێر کراوە بە ناوی د.نوری عوسمان سنجاری، سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران، کە تائێستاش لەسەر لیستی پارتی لەو پۆستەدا ماوەو دواتر جگە لە (١٩٥) دۆنمی کە نرخی دیاریی نەکراوە، لەگەڵ تێکرای زەوییەکانی تردا بە بڕی (٣٧٩) ملیۆن دینار بە زانکۆی کوردستان فرۆشراوە.

بەپێی ئەو تاپۆیانە کە ژمارەیان (٢٢) تاپۆیەو لە سەردەمی دەسەڵاتی نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمدا ئامادەکراوە، (١٢) تاپۆیان کە بە خاوەنکردنی (تەملیک)ی ئەو زەوییانەیە بە ناوی د.نوری عوسمانەوە، تەنیا لە یەک ڕۆژدا ئەنجامدراوە کە ٢٠٠٨/٣/١٣وو دوای (١٧) ڕۆژ بەهەمانشێوە لە یەک ڕۆژدا لە ٢٠٠٨/٣/٣٠دا بە شێوازی فرۆشتن، کراوە بە ناوی زانکۆی کوردستانەوە، کە وەک زانکۆیەکی ئەهلیی لە هەولێر ناسێنراوە...

بۆ...ل٢



نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی کابینەی پێنجەم

نوری عوسمان، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی حکومەت

## هەولێر: هەڕەشەکردن لە هەڵسوڕاوانی گۆڕان چڕدەبێتەوە

هاوڕێ عەبدوڵڵا

ترساندنو هەڕەشەو هەڵکوتانە سەر ماڵی هەڵسوڕاو و لایەنگری گۆڕان لە هەولێر، چڕتر دەبێتەوەو هەڵسوڕاوێکی گۆڕانیش دەڵێت: "پارتی هەوڵی سەرکوتکردنی هەڵسوڕاوانی گۆڕان دەدات".

چەند ڕۆژێک پێش ئێستا، چەند چەکدارێک هەڵیانکوتاوەتە سەر ماڵی (م.ع) هەڵسوڕاوی بزووتنەوەی گۆڕان لە شاری هەولێرو بە تەلەفۆن هەڕەشە لە د.سلێمان جەعفەریش کراوە، کە یان واز لە گۆڕان بهێنێت، یان دەکوژرێت.

سەرچاوەیەکی نزیک لەو هەڵسوڕاوەی گۆڕان لە هەولێر، ئەوەی خستە ڕوو؛ کە ماوەی چەند ڕۆژێکە ئۆتۆمبێلێکی چەکدار، چاودێریی ماڵی ئەو هەڵسوڕاوەیان کردووەو دواتر بە شەو چوونەتە ماڵەکەیو فۆرمی زانیارییان پێ پڕکردوونەتەوەو هەڕەشەیان لە خۆیو منداڵەکانی کردووە، کە دەبێت واز لە گۆڕان بهێنێت. ئەو هەڵسوڕاوە بۆ ماوەی دە ڕۆژە ماڵەکەی بەجێهێشتووە.

لەو بارەیەوە عوسمان بانیمارانی، هەڵسوڕاوی بزووتنەوەی گۆڕان لە هەولێر، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: "ترساندنو هەڕەشەکردنو هەڵکوتانە سەر ماڵی هەڵسوڕاوو لایەنگرانی گۆڕان لە هەولێر بەردەوامەو ڕۆژانە خەڵک دەستگیر دەکەن".

وتیشی: "ئەم دەسەڵاتە لە سنووری حکومڕانیی خۆی تەنیا زمانی هەڕەشەو تفەنگ دەزانێتو شاری هەولێری گەمارۆداوەو خەڵکەکەی زیندانیی کردووە، چونکە پارتی قبووڵی نییە جگە لە خۆی، هیچ کەسو لایەنێک کاری سیاسیی بکات لە هەولێر".


## لە پەرلەمانی کوردستاندا، لێدانو "زیندانیی" هەیە

**ڕۆژنامە:** ڕووداوەکانی چەند ڕۆژی ڕابردووی ناو پەرلەمانی کوردستان لە بریندارکردنو زیندانیکردنی پەرلەمانتارو بێلایەن نەبوونی سەرۆکو سەرۆکایەتی، نیگەرانیی لای پەرلەمانتاران دروستکردووەو پەرلەمانتارێکیش دەڵێت: "داوا دەکەم سەرۆکی پەرلەمان دەستلەکار بکێشێتەوە".

کاروان ساڵح، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان، پێیوایە؛ ئەو ڕووداوانەی چەند ڕۆژی ڕابردووی ناو پەرلەمان بە هەڕەشەو لێدانی پەرلەمانتار بورهان ڕەشیدو داخستنی دەرگای هۆڵی پەرلەمان لەسەر پەرلەمانتارانی ئۆپۆزسیۆنو زیندانیکردنیان بۆ ماوەیەک، جۆرێک لە لەکەدارکردنی ئەدای سەرۆکایەتی نیشان دەدات، کە "نە داوای لێبووردن دەکات، نە ئیدانەیەکی ڕەسمییو ڕاشکاو دەکات".


لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامە کاروان ساڵح، وتی: "زیندانیکردنی پەرلەمانتار لە هیچ پەرلەمانێکی دنیا...

بۆ...ل٢



ل٩

### شەش ساڵە (٥) لیژنەی پشکی یەکێتیو پارتی لە کەرکوک بێ سەرۆکن



ل١١

### ڕۆشنبیرانی هەولێر ئیدانەی دژایەتیکردنی خۆپیشاندان دەکەن

## ڕۆژنامە ڕەشنووسی (پەیڕەوی ناوخۆ)ی "گۆڕان" بڵاودەکاتەوە

تایبەت بە ڕۆژنامە

بزووتنەوەی گۆڕان بەشی یەکەم لە پرۆژەی پەیڕەوی ناوخۆو ڕێنماییە ڕێکخراوەییەکانی ئاشکرا دەکات، کە ئامادەکراوە بۆ یەکەمین کۆنگرەی بزووتنەوەکە، تا لەوێدا بڕیاری لەسەر بدرێتو پەسەند بکرێت.

بەپێی پرۆژەی پەیڕەوی ناوخۆی بزووتنەوەی گۆڕان، کە کۆپییەکی لە لاپەڕە (٤و٥)دا بڵاوکراوەتەوە، هەیکەلی بەڕێوەبردنی بزووتنەوەکە پێکهاتووە: لە (ئەنجومەنی بنکە، ئەنجومەنی بازنە، ئەنجومەنی ڕایەڵە، ئەنجومەنی شار، یان قەزا).

هەر بەپێی ئەو پرۆژەیە بزووتنەوەی گۆڕان بەمشێوەیە پێناسە کراوە: ڕێکخراوێکی سیاسیی خاوەن کەسایەتی مەعنەوییە، لە گردبوونەوەی ئارەزوومەندانەی ئەو هاوڵاتییانە پێکدێت کە لە دەوری بەرنامەی سیاسییو پەیڕەوی ناوخۆی بزووتنەوەی گۆڕان کۆبوونەتەوە.

بەپێی ئەم پرۆژە پەیڕەوەی بزووتنەوەی گۆڕان، ئەنجومەنی شار هەموو مانگێک بە لایەنی کەمەوە یەک جار لە سەری مانگ، یا لە ناوەڕاستی مانگدا کۆبوونەوە دەکات، یان هەر کاتێ چواریەکی ئەندامەکانی داوایان کرد، یان لە کاتی پێویستدا.

کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی شار تەرخان دەکرێت بۆ هەڵسەنگاندنی هەمەلایەنەی هەلومەرجی سیاسیی، ئابووریی، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیریی، پەروەردەیی... هەروەها بۆ هەر بابەتو کێشەیەک کە لەو ماوەیەدا ورووژا بێت یان لێدوانی پێویست بێ.

هەر لەو پرۆژەیەدا ئاماژە بە جۆرێکی تر لە چالاکیی کراوە بە ناوی کۆنفرانسی شار، ئەم کۆنفرانسە ساڵی جارێک دەبەسترێتو ئەرکی ئەوەیە ئەدائی ئەنجومەنی پێشووی شار (یا قەزا)، هەڵسەنگێنێت.

هەروەها لە کۆنفرانسی شاردا هەڵسەنگاندن بۆ دۆخی بزووتنەوەی گۆڕان لە ناوچەکەدا دەکرێتو بەراورد لەنێوان پشتیوانەکانی بزووتنەوەکەو ژمارەی دەنگدەرانی ناوچەکەدا دەکرێتو باسی گرفتەکانو چارەسەرەکانو ڕێگەکانی گەشەکردنی زیاتری بزووتنەوەکە دەکرێت.



## هەڵەبجەییەکان: یادکردنەوەمان ناوێت، پرۆژەمان دەوێت

١٩

هەواڵ و ڕاپۆرت

**کامەران مەنتک: ئەو جۆرە تانەدانەی یەکێتیو پارتی بۆ یەکتر، پەیوەندیی بە پەروەردەی ئەو دوو لایەنەوە هەیە**

## «خەریکبوو ببێت بە (٦٦)»

# کەمال کەرکوکی، تۆڵەی خۆی لە تاڵەبانی کردەوە!

ڕاپۆرتی: شۆڕش خالید

وتەیەکی کەمال کەرکوکی، پەرلەمانتارانی یەکێتی لەناو هۆڵی پەرلەماندا نیگەران دەکات، کە تانە بوو لە مێژووی جەلال تاڵەبانیو حیزبەکەی. بەبێ ئەوەی ئەو قسەیە سانسۆری بکرێتە سەرو هیچ هەڵوێستێک بنوێنرێت لە لایەن پەرلەمانتارانی یەکێتییەوە.

**«خەریکبوو ببێت بە (٦٦)»**

د.کەمال کەرکوکی، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، لە دوایین کۆبوونەوەی پەرلەماندا لە هەژمارکردنی ئەو دەنگانەی کە لە بەرژەوەندیی بەردەوامیدانی کابینەکەی بەرهەم ساڵح بوون، کە (٦٧) دەنگ بوو، بە پێکەنینەوە ژمارەی «٦٦» دەهێنێتو دەڵێت: «خەریکبوو ژمارەکە ببێت بە (٦٦)». بە لای چاودێرانیش ناوبراو وەک تۆڵەکردنەوەیەک لە تاڵەبانی ئەو قسەیەی کردووە. کە پێشتر بە «گێل» ناوی بردووە.

لە دوایین دانیشتنی پەرلەمانی کوردستاندا شەوی (٣/٩) کە تایبەت کرابوو بە لێپێچینەوە لە سەرۆکی حکومەت، دوای ئەوەی بابەتی لێسەندنەوەی متمانە لە سەرۆکی حکومەت خرایە دەنگدانەوە، لە بەرامبەر (٢٨) دەنگ کە داوای لێسەندنەوەی متمانەیانکرد لە سەرۆکی حکومەت، (٦٧) دەنگ دژی وەستانەوە، بەڵام لە ئاماژەیەکی چاوەڕواننەکراودا کەمال کەرکوکی، وتی: «خەریکبوو ببێت بە (٦٦)».

**یەکێتییەکان توڕەن**

لەناو هۆڵی پەرلەماندا پەرلەمانتارە یەکێتییەکان هیچ جۆرە هەڵوێستێکیان نەنواندووە لە دژی ئەو وتەیەی کەمال کەرکوکیو تەنیا سەیری یەکتریان کردووە، هەرچەندە ڕەتیناکەنەوە کە ئاگاداربوون.

بەشێکیان ڕاستەوخۆ

> **تاڵەبانی: لە ڕاستیدا، نە دکتۆرەو نە خەڵکی کەرکوکەو نە ناویشی کەماڵە، ئەمانە هەمووی نازناون ئەو بەکاریاندەهێنێت**

کەوتوونەتە چەپڵەڕێزان وەک دڵخۆشییەک بۆ متمانەدانەوە بە بەرهەم ساڵح، بەڵام بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست ڕۆژنامە کەوتوون؛ زۆرێک لە پەرلەمانتارە یەکێتییەکان ئەو قسەیە نیگەرانیی کردوون.

پەرلەمانتارێکی یەکێتی لە پەرلەمانی کوردستان کە نەیوسیت ناوی بڵاو بکرێتەوە، بە ڕۆژنامەی وت: «ئەو وتەیەی کەمال کەرکوکی، جاری یەکەمی نییە، چەند جارێکی تریش تانەی لە یەکێتییەکان داوە، بەبێ ئەوەی هیچ نارەزاییەک دەربببڕدرێت لەلایەن ئێمەوە، بەڵام نیگەرانی کردووین».

لەلایەکی ترەوە، پەرلەمانتار خەلیل عوسمان، لەسەر فراکسیۆنی یەکێتی بە ڕۆژنامەی وت: «کاتی دانیشتنەکەش درەنگ بوو، ماندووبووین، تەرکیزی ئەوەمان نەبوو داوای سانسۆر بکەین لەسەر ئەو قسەیە، بۆیە قسەکە ڕۆیشت».

خەلیل بەو قسەیە نیگەران بووەو پێیوایە؛ نەدەبوو لە شوێنێکی لەو جۆرەدا قسەی لەو شێوەیە بکرێت، وتی: «کەمال کەرکوکی نوێنەری گەلەو پۆستی سەرۆکی پەرلەمانی هەیە، باش نییە قسەی لەو شێوەیە دەکات».

ئاماژەی بەوەشدا؛ کە ئاگاداری ئەوە نییە یەکێتییەکان دواتر هیچ هەڵوێستێکیان هەبووبێت، یان نا.

**یەکێتییەکان لە ئەرسەلان بایز نیگەرانن**

بەپێی زانیارییەکانی ڕۆژنامە یەکێتییەکان لە ئەرسەلان بایز، جێگری سەرۆکی پەرلەمان نیگەرانن، بە پێویستی دەزانن لە هەندێک شتدا قسەی هەبێت.

ئەو پەرلەمانتارەی یەکێتی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە وتی: «هەڵوێستی یەکێتییەکان دژی ئەو قسانە، دەبوو لە ڕێگەی کاک ئەرسەلانەوە بوایە، چونکە زۆرێک لە کێشەکانی نێوان پەرلەمانتارانی یەکێتیو پارتی لە ڕێگەی ئەوانەوە یەکلایی دەکرێنەوە، بەهۆی ئەوەی هەردووکیان ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حیزبەکانیانن».

ئاماژەی بەوەشدا؛ «ئەوە چەندین جارە کەمال کەرکوکی، ئەو تەعلیقانە دەدات، بەڵام کاک ئەرسەلان گوێی نادات».

**کەرکوکی تۆڵەی خۆی کردەوە**

بە ڕای چاودێران ئەو قسەیەی کەمال کەرکوکی بە پێکەنینەوە، تانەدانێکی ئاشکرایە لە یەکێتی نیشتمانییو خودی جەلال تاڵەبانی، سکرتێری ئەو حیزبە وەک ئاماژەیەک بەوەی لەو ساڵەدا «خیانەتیان لە شۆڕش کردووە»و پێشیانوایە؛ دەربڕینی ئەو قسەیە لەکاتێکدایە کە هەردوولا ڕێککەوتننامەی ستراتیژییان لەنێواندایە، ئەوەش ڕاستەوخۆ وەڵامدانەوەیە بۆ ئەو هێرشەی کە تاڵەبانی کردبوویە سەری.

پێشتر سەرۆک کۆماری عێراق جەلال تاڵەبانی، بەپێی بەڵگەنامەکانی ماڵپەڕی ویکیلیکس لە کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ کریستۆڤەر هیل باڵیۆزی ئەمریکا لە عێراقو جێفری فێڵتمان، یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ کاروباری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، کە لە ٢٠٠٩/١٢/١٤ ئەنجام دراوە، کەمال کەرکوکی، بە کابرایەکی «گێل، ناودەباتو ڕایدەگەیەنێت؛ کە کەمال «نە دکتۆرەو نە کەماڵەو نە کەرکوکییە».

لە وەڵامی پرسیارێکی کریستۆڤەر هیڵ-دا سەبارەت بەوەی د.کەمال کەرکوکی، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان داوای کردووە لەگەڵ تیمی دانوستانی هاوپەیمانی کوردستانیدا بەشداربێت لەگەڵ خۆتان دەیبەن؟ تاڵەبانی، کەمال کەرکوکی بە کابرایەکی «گێلو گاڵتەجاڕ» ناودەبات، دەڵێت: «کەرکوکی کابرایەکی گێلو گاڵتەجاڕە، لە ڕاستیدا، نە دکتۆرەو نە خەڵکی کەرکوکەو نە ناویشی کەماڵە، ئەمانە هەمووی نازناون ئەو بەکاریان دەهێنێت».

کامەران مەنتک، مامۆستای زانستە سیاسییەکان پێیوایە؛ ئەو جۆرە تانەدانەی یەکێتیو پارتی بۆ یەکتر، پەیوەندیی بە پەروەردەی ئەو دوو لایەنەوە هەیە کە بەردەوام هەوڵی



> **ئەو وتەیەی کەمال کەرکوکی، جاری یەکەمی نییە، چەند جارێکی تریش تانەی لە یەکێتییەکان داوە**

لاوازکردنی یەکتر دەدەن.

مەنتک، وتی: «ئەوان تائێستاش بۆ بەهێزکردنی خۆیان هەوڵی لاوازکردنی بەرامبەریان دەدەن، ئەو جۆرە هێرشانەش بە تایبەت مەسەلەی ناوهێنانی ژمارەی (٦٦) لای پارتی تەنانەت لای یەکێتیش بووە بە کەلتوور».

لەلایەکی ترەوە، گۆران ئازاد، پەرلەمانتاری یەکێتی لە لیستی کوردستانیی ڕەتینەکردەوە ئاگاداری ئەو وشەیە بووبێت کە کەمال کەرکوکی وتوویەتی، بەڵام وتی: «من وەک خۆم هیچ تەعلیقێکم لەسەری نییەو ئاگاداری ئەوەش نیم کە سەرۆکی پەرلەمان لەو قسەیە ئاگادار کراوەتەوە، یان نا».

گۆران ئازاد، ئامادەنەبوو قسە لەسەر ئەوە بکات کە تا چەند ئەو قسەیەی کەمال کەرکوکی پەیوەندیی بە بەڵگەنامەکانی ویکیلیکسەوە هەیە.

بەڵام خەلیل عوسمانی، پەرلەمانتار وتی: «ئەگەر گرێدانێک هەبێت بۆ ئەو قسەیەی پێشووتر لەسەر کەمال کەرکوکی بڵاوبووبێتەوە، ئەوە تەنیا خۆی دەزانێت، بەڵام نەدەبوو ئەو قسەیەی بکردایە».

بەپێی زانیارییەکانی ڕۆژنامە، سەرەڕای ئەوەی سەرۆکی پەرلەمان بەر لەوەی کۆپی هەر دانیشتنێک بداتە ڕاگەیاندنەکان سانسۆر لەسەر چەند وتەیەک دادەنێت، بەڵام ئەو وتەیە لا نەبراوەو دەست کەناڵەکانی ڕاگەیاندن کەوتووەو لە پرۆتۆکۆڵی ئەو دانیشتنەی پەرلەمانیشدا نەسڕدراوەتەوە، پێشتریش وتەیەکی مەسعود بارزانی، زۆرێک لە یەکێتییەکانی نیگەران کرد، کاتێک لە کۆنگرەی حیزبەکەیدا لە ساتەوەختی هەڵبژاردنی وەکو سەرۆکی پارتی، ڕایگەیاند: «تکا دەکەم ئەگەر ڕێگەم دەدەن دەمەوێت کەسێکی تر خۆی بۆ ئەو پۆستە هەڵبژێرێتەوە، نامەوێت وەک هەندێک کەس پێم بڵێن لە کۆڵمان نابێتەوە».





## کەناڵی تەلەفزیۆنی نالیا پێویستی بە کارمەند هەیە بۆ ئەم پۆستانەی لای خوارەوە

١. دوو مۆنتێر
٢. دوو کامێرامان
٣. چوار کارمەندی دەنگ
٤. چەند کارمەندێکی تەکنیکی بۆچەند بەشێکی جیا
٥. یەک کەس وەکو بەڕێوەبەری تەکنیکی
٦. دوو جێبەجێکار (منفذ)
٧. دوو کارمەند بۆ بەشی ئەرشیف
٨. دوو کارمەند بۆ بەشی تەنسیق
٩. یەک کارمەند بۆ بەداله
١٠. یەک کارمەندی ڕێکخەری ستۆدیۆی هەواڵ
١١. یەک کارمەند بۆ بانکی زانیاری
١٢. پێنج هەواڵساز
١٣. سێ بێژەری کچ
١٤. دوو وەرگێڕی زمانی ئینگلیزی
١٥. یەک وەرگێڕی زمانی تورکی

ئەو کەسانەی لە خۆیان ڕادەبینن و ئارەزوو دەکەن ڕۆژانی ١٥ هەتا ٢٠ی مارت/٢٠١١ سەردانی ئۆفیسی تەلەفزیۆنی NRT بکەن بۆ پڕکردنەوەی فۆرمی (سی ڤی)، لە کاتژمێر ٩,٠٠ی بەیانی هەتا ٤,٠٠ی دواى نیوەڕۆ، لەم ناونیشانەی لای خوارەوە: بینای A، قاتی هەشت، شوققەی ژمارە یەک... زانیاری زیاتر پەیوەندی بکەن بە ژمارە تەلەفۆنی: ٠٧٧٠٧٦١٥١٨٨

## پۆلیسێک لەسەر تەقەنەکردن لە خۆپیشاندەران خەڵات دەکرێت

**ئاکام ئەبوبەکر:** ڕێکخراوی (ڕێز) لە بوێریی) ئێوارەی دوێنێ (٣/١٤) پۆلیسێکی ژینگەپارێزی گەرمیانی خەڵاتکرد، لەبەرامبەر ئەو ڕۆڵەی بۆ تەقەنەکردن لەخۆپیشاندەران بینیویەتی، لەیەکێک لە گرتە ڤیدیۆییەکانی خۆپیشاندانەکانی کەلاردا پۆلیسێکی ژینگەپارێزی گەرمیان بەناوی (ئاراس حەمە ڕەشید) دەردەکەوێت، کە بەزۆر چەک لە چەکدارێک دەسەنێت کە جلی سەربازیی لەبەردایە، تا تەقە لە خۆپیشاندەران نەکات.

سەمەدی مەلا ئەحمەد، ئەندامی ڕێکخراوی ڕێز لە بوێریی لەم بارەیەوە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «کاتێک هەڵوێستی ئەم کارمەندەمان لە میدیاکان بینی، بڕیارماندا یەکەم خەڵاتی ڕێکخراوەکەمان ئەو کارمەندەی پۆلیس بگرێتەوە کە هەستی بە بەرپرسیارێتی کردووە لە بەرامبەر پیشەکەی».

ڕێکخراوی ڕێز ساڵانە ئەم خەڵاتە دەبەخشێتە ئەو کەسانەی بوێرانەو بەرپرسانە لەبوارەکانی خۆیاندا کاردەکەن.



# نەوشیروان مستەفا: ئەزموونی حیزبیی‌و میدیای حیزبیی لە مەترسیدانو شکستیان خواردووە


**ڕاپۆرتی: ڕۆژنامە**

نەوشیروان مستەفا ئەمین، ڕایدەگەیەنێت؛ کە ئەوەی لە مەترسیدایە، ئەزموونی هەرێمی کوردستان نییە، بەڵکو ئەزموونی حیزبە سیاسییەکانی کوردستانەو شکستیان خواردووە، ئاماژە بەوەش دەکات؛ کە ئەزموونی میدیای حیزبیش لە مەترسیدایە.

نەوشیروان مستەفا، لە چاوپێکەوتنێکی بەرنامەی ڕووبەڕووی کەناڵی ئاسمانیی (KNN)دا، لە بارەی ئەزموونی هەرێمی کوردستانەوە کە زۆرینەی کات حیزبەکانی سەر بە دەسەڵات ڕایدەگەیەنن، ئەزموونەکە لە مەترسیدایە، ڕایگەیاند: «من پێشنیاز دەکەم، ئەزموونی ساوا لە فەرهەنگی کوردیدا شاربەدەر بکرێت، چونکە مەعقول نییە لەپاش (٢٠) ساڵ، هەرچی قسەیەک بکەیت، بڵێن، ئەزموونەکەمان ساوایەو دەکەوێتە مەترسییەوە، لەپاش (٢٠) ساڵ، ئەگەر کەسێک ساوابێت ئەوە مانای وایە مەنگۆلەو پێویستی بەوە هەیە بنێردرێتە چاودێریی کۆمەڵایەتی، یان بیخەیتە نەخۆشخانەوە».

نەوشیروان مستەفا، ئاماژەی بەوەدا؛ کە ئەزموونی (٢٠) ساڵەی ڕابردووی کوردستانی عێراق، ئەگەر لەسەر چەند ئاستی جیاجیا سەیری بکرێت، ئەوا «ئەزموونی (سیاسیی، قانوونی، دەستووریی) لە کوردستانی عێراقدا سەرکەوتنی بەدەستهێناوە، لەبەر ئەوەی ئەم ئەزموونە ئێستا خاوەنی شتێکە کە پێی دەوترێت حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە ئەزموون دەرچووە».

هەروەها وتی: «ئەوەی شکستی خواردووە، ئەزموونی حیزبە سیاسییەکانە، لەوەی کە ئەزموونی شاردنەوەی داهاتی هەرێمی کوردستانو شاردنەوەی بودجەو بەحیزبیکردنی کۆمەڵو ئەزموونی تاکحیزبی‌و ڕێککەوتنو گرێبەستی نهێنیی، هەمووی شکستی خواردووەو لە مەترسیدایە».



لە بارەی میدیای حیزبییەوە لە هەرێمی کوردستان، کە بەردەوام دووپاتی بوونی مەترسیی لەسەر ئەزموونەکە دەکاتەوە، وتی: «ئەزموونی میدیای حیزبیی کە بناغەکەی لەسەر پارەو لەسەر درۆ دابمەزرێت، ئەوەش شکستی خواردووەو لە مەترسیدایە، کە ئەمساڵ، یان ساڵێکی تربێت، کۆتایی پێدێت».

سەبارەت بەوەی کە زۆرینەی کات حیزبە دەسەڵاتدارەکان، مەسەلەی زۆرینەو کەمینە دەهێننە کایەوە، نەوشیروان مستەفا وتی: «ئەو زۆرینەیەی ئەوان هەیانەو هێناویانە مەعلومە چۆنە، ئێمە ئەو زۆرینەیەمان ئیحترام گرتووە، ئەو زۆرینەیەی پەیوەندیی بە ژیانی ڕۆژانەو کورتخایەنەوە هەبووە، قبووڵمانکردووە، بەڵام کاتێک ئەو قانوونێک دەهێنێت بۆ مەنعی خۆپیشاندان، یان قانوونێک دەهێنێت بۆ ئەوەی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن لە کوردستان مۆنۆپۆڵ بکاتو قۆرخی بکات، بێگومان ئەوکات ئەو زۆرینەیە دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە».

لە بارەی هەڵبژاردنی پێشوەختەوە، نەوشیروان مستەفا، وتی: «ئێمە ئێستاش پێمانباشە، هەڵبژاردنی پێشووەخت بکرێت، بەڵام هەڵبژاردنی پێشووەخت موستەلزەماتی دەوێت، هەڵبژاردنێکی وەکو ئێستا بکرێت لەم حاڵەتەو بەو تەریقەیەی ئێستا دەستیان بەسەر هەولێرو دهۆکدا گرتووە، ئەو ئینتیخاباتە چ مانایەکی هەیە».

ئاماژەی بەوەشدا؛ بۆ مەرجی هەڵبژاردنی پێشوەختە، داوا دەکەن لەپێش هەموو شتێکدا هێزە ئەمنییەکانو ئاسایشو پێشمەرگەو دژەتیرۆر بێلایەن بکرێن لەو ململانێ سیاسییەی دەکەوێتە نێوان حیزبەکانەوەو دەسەڵاتی ئەوەیان نەبێت دەستوەربدەنە کاروباری هەڵبژاردنەوە. وتیشی: «چاوبخشێنرێتەوە بە کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانو ئەوانەشی لەمەکتەبەکان دادەنرێن بە مدیری هەڵبژاردنەکان، ئەوساکە ئێمە پێشوازیی لە هەڵبژاردنی پێشوەخت دەکەین».

سەبارەت بە بوونی دەستێوەردانی ئێران لە خۆپیشاندانەکاندا وەک ئەوەی لە هەندێک ڕاگەیاندنی حیزبیی جارجار باس دەکرێت، نەوشیروان مستەفا، وتی: «جێگەی شەرمە ئەگەر کەسێک لە سەرکردایەتیی یەکێک لە حیزبەکان قسەی لەو شێوەیە بکات، ئەوانەی لەسەر جادەکانن، نەوەی دوای ڕاپەڕینن، بەشی هەرە زۆریان لە تەمەنی گەنجێتییان، هەرگیز نە لە ئێران ژیاون، نە مووچەخۆری ئێرانن، بۆیە ئەو تۆمەتبارکردنە شەرمە».

## پەرلەمانی عێراق بەکوردی قسە دەکات

**ڕۆژنامە**

لەسەر داوای فراکسیۆنی گۆڕان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، پەرلەمانتارانی کورد بەزمانی کوردی قسە دەکەنو وتەی پەرلەمانتارانی عەرەبیش وەردەگێڕدرێتە سەر زمانی کوردی.

ڕۆژی (٢٠١٠/١١/٢١)و لە دووەم کۆبوونەوەی خولی نوێی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا. فراکسیۆنی گۆڕان داوای لەسەرۆکایەتی پەرلەمان کرد بەپێی برگەی (ب) لەمادەی (٤)ی دەستوری عێراق زمانی کوردی لەپاڵ زمانی عەرەبیدا بەکاربهێنرێت لەناوەندە ڕەسمییەکانی پەرلەمانو حکومەتو ئەنجومەنی وەزیرانو دادگاو فەرمانگەکانی حکومەتی عێراقدا. سەرۆکی پەرلەمان بەڵێنی جێبەجێکردنی داواکەی پێدان. لەدوێنێوە بڕیارەکە چووە بواری جێبەجێکردنەوە.

هەڤاڵ کوێستانی، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان لە ئەنجومەنی نوێنەران بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: لەسەر بنەمای دەستوور ئەو داواکارییەمان پێشکەش بە سەرۆکی پەرلەمان کرد. کە پەرلەمانتارانی کورد بەزمانی کوردی قسە بکەنو قسەی پەرلەمانتارانی عەرەب وەربگێڕدرێنە سەر زمانی کوردی، بۆ ئەوەی ئەو پەرلەمانتارانەی عەرەبییەکەیان باش نییە. هەروەها خەڵکی کوردستانیش ئاگاداربن کە نوێنەرەکانیان باسی چی دەکەن.

وتیشی: «دوای ماوەیەک لە چوونە ناو هۆڵی نوێ، داخوازییەکە جێبەجێ نەبووە. دوێنێ پەرلەمانتاری هاوڕێم د.لەتیف شێخ مستەفا. جارێکی دیکە داخوازییەکەی بیر سەرۆکی پەرلەمان هێنایەوەو داوایکرد بەبۆنەی جەژنی نەورۆزەوە ئەو داوایە جێبەجێبکرێت وەک دیارییەک بۆ خەڵکی کوردستان».

هەر دوێنێ دووشەممە لەکاتی پشووی نیوەڕۆی پەرلەمانتاراندا ئامێرەکانی وەرگێڕان بەسەر پەرلەمانتاراندا دابەشکران. کە زمانی کوردیو عەرەبی تێدا وەرگێڕدراوەو پەرلەمانتارانیش لەڕێی ئەو ئامێرەوە گوێبیستی وەرگێڕانی هەردوو زمانەکە دەبن.

بەوتەی کوێستانی: «ئەوەش دەستکەوتێکی باشە بۆ خەڵکی کوردستان».

## وەڵامی سەرای ئازادیی: بەردەوام دەبین لە خۆپیشاندان

**سەنگەر کوردە**

سەرۆکی حکومەتی هەرێم وەڵامی داواکارییەکانی خۆپیشاندەران دەداتەوەو داوای لێبووردن لە خەڵکی کوردستان دەکات، وتەبێژی ئەنجومەنی کاتیی سەراش، وەڵامەکە بە جوڵەیەکی باش دەزانێت، بەڵام دەڵێت: «خۆپیشاندان بەردەوام دەبێت».

دوای تێپەڕبوونی (٢٥) ڕۆژ بەسەر خۆپیشاندانەکانی شاری سلێمانیو دەوروبەریدا، دوێنێ لە پەیامێکدا سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، خۆشحاڵیی دەربڕی بەوەی گەنجانو خۆپیشاندەران ئاستی هۆشیارییان بەرزەو بە پەرۆشییەوە داوای چاکسازیی دەکەنو لە (١١) خاڵدا وەڵامی «داواکارییە هەنووکەییەکانی» ڕاگەیاندووە.

ناسک قادر، وتەبێژی ئەنجومەنی کاتیی سەرا، هەرچەندە پێیوایە؛ وەڵامەکەی حکومەت جوڵەیەکی باشەو چەند خاڵێکیان وەک دەستکەوتی خۆپیشاندەران دەستنیشان کردووە، بەڵام باس لەوە دەکات؛ کاتێک لەناو خۆپیشاندەراندا خاڵەکانی وەڵامەکەی سەرۆکی حکومەتیان خوێندەوە، خەڵک تێبینیی لەسەری هەبوو «ساردییەک هەبوو لە وەرگرتنی»، هۆکاری ئەوەش بۆ درەنگوەختیی وەڵامەکە دەگەڕێنێتەوە.



لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامە وتی: «وەڵامەکە زۆر دواکەوت، (٢٥) ڕۆژە خەڵک وەستاوەو خۆپیشاندان هەیە، چاوەڕێی شتی زۆر کۆنکرێتیتریان دەکرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جوڵەیەکی باشەو کردنەوەی دەرگایەکی دیالۆگە بۆ ئەوەی زیاتر کار لەسەر شێوازی جێبەجێکردنی ئەو خاڵانە بکەین».

لەو پەیامەدا سەرۆکی حکومەت جگە لەوەی دڵگرانیی بۆ ڕووداوە نەخوازراوەکان دەربڕیوەو داوای لێبووردنی لە خەڵکی کوردستان کردووە، هیوای خواستووە، لیژنەیەکی هاوبەش لە حکومەتو خۆپیشاندەران دروستبکرێت بۆ جێبەجێکردنی داوا بنەڕەتییەکان.

لەوبارەیەشەوە وتەبێژی ئەنجومەنە کاتییەکە، وتی: «لە ئەنجومەنە کاتییەکەی ئێمەوە، تائێستا بانگەشەی ئەوەمان نەکردووە نوێنەرایەتی خەڵک بکەین، بەڵکو ئەگەر هاوکارییەک بە ئێمە بکرێت وەکو ئەنجومەنەکە دەیکەین»، دووپاتیشی کردەوە؛ کە خۆپیشاندانەکان بەردەوام دەبن، وتیشی: «(٢٥) ڕۆژە خەڵک لەسەر شەقامە، تازە خەریکە کۆمەڵێک دەستکەوت بەدەستدێنن، بۆیە خەڵک زیاتر بە پەرۆشەوەیە بۆ کۆبوونەوە لە دەوری ئەو بزووتنەوە جەماوەرییە مەدەنییانە، بۆ ئەوەی بە هەمانشێوە پێداگریی لەسەر داخوازییەکان بکەینو شێوازی جێبەجێکردنی شیاوی بۆ بدۆزینەوە، بۆیە بەردەوام دەبینو (٣/١٦)، لە سەرای ئازادیی یادی کارەساتی هەڵەبجە دەکەینەوەو بەرنامەڕێژیی بۆ ڕۆژانی ئایندە دەکەین».

**پاشماوەی... لە کابینەکەی نێچیرڤان بارزانیدا...**

وەک لە تاپۆکانیشدا دەردەکەوێت، ئەو بڕە پارەیەی کە زەوییەکانی پێ فرۆشراوە ڕەمزینو نرخی یەک دۆنمی هەندێک لە پارچە زەوییەکان بە (٥٢٠) هەزار خەملێنراوەو نرخی هەندێکی تریشیان دەگاتە سەروو یەک ملیۆنو پارچەیەک زەویش کە لە تاپۆکەیدا بە پارچە زەوی (٢٣٠٢/٤)ی کەرتی بیرکوت ناسێنراوە، بەرامبەر بە فرۆشتنی بە زانکۆی کوردستانی هەولێر، هیچ بڕە پارەیەک لە سورەت قەیدەکەیدا بەرامبەر بە فرۆشتنی دیاریی نەکراوە.

لەو بارەیەوە، دیلمان محەمەد سابیر، خاوەن ماستەر لە کارگێڕیی گشتیدا، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە؛ کە ئەوە لە ڕووی یاساییو ئیدارییشەوە، گەندەڵییەو بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «د.نوری عوسمان، وەک فەرمانبەرێک بەپێی یاسا، مافی ئەوەی هەیە پارچەیەک زەوی وەربگرێت، بەڵام مافی ئەوەی نییە کە سەدان دۆنم زەوی وەربگرێت».

ئەو پسپۆڕە ئیدارییە، ئاماژە بەوەش دەکات؛ کە دەبێت بەپێی یاسای وەبەرهێنان، زەوی بدرایە بە زانکۆی کوردستانو گومان لەوەدایە کە ئەو زەوییانە کراون بە ناوی کەسێکەوە کە دواتر بەو زانکۆیە فرۆشراوە.


خوێنەرانی ڕۆژنامە دەتوانن بەڵگەنامەکان لەماڵپەڕی ڕۆژنامە ببینن.

**پاشماوەی...لە پەرلەمانی کوردستاندا، لێدانو «زیندانیی»هەیە**

...ڕووی نەداوە، ئەوەش سەرۆکی پەرلەمان دەخاتە ژێر پرسیارەوە، بۆیە داوای لێدەکەم دەستلەکار بکێشێتەوە».

لای خۆشیەوە د.دانا سەعید سۆفی، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی کوردستانیی، پێیوایە: ئاسان نییە باس لە بێلایەنبوونی سەرۆکایەتی پەرلەمان بکەین، لە کاتێکدا ململانێ سیاسییەکان بە ئاراستەیەکی توندوتیژیدا دەڕۆن، بۆ ڕۆژنامە وتی: «گرفتی ئێمە لەم وڵاتە ئەوەیە کە دامەزراوەکان بەپێی شەرعیەتو ئەقڵانییەتی یاسایی کار ناکەن، بۆیە هەمیشە بوار بۆ لادانو لایەنگیریی هەیە».

ئەو باسی لەوەشکرد؛ کە دانیشتنی لێپرسینەوە لە سەرۆکی حکومەت تا ڕادەیەک باش بەڕێوەچوو، بەڵام «دانیشتنی نائاسایی ژمارە (٢) کارەسات بوو، هەروەها پابەند نەبوون بە ڕێکخستنی دانیشتنەکانو نا ڕۆشنیی لە بەرنامەی کار، ئەو گرفتانەن کە ئەدای پەرلەمانی لاواز کردووە».



## یوسف محەمەد: دەبێت ئۆپۆزسیۆن سەقفی داواکارییەکانی بەرزبکاتەوە

لەگەڵ رایەڵەکەی نزیکی خۆی یەک بخرێن.

**شەشەم، نوێنەرایەتی رایەڵە:**

رێکخەری رایەڵە، کە سەرپەرشتی ئەنجومەنی رایەڵەیە، نوێنەرایەتی رایەڵەکە ئەکا لە ئەنجومەنی شار (قەزا)دا، (تێبینی: نوێنەر ئەشێ بە پێکهاتن، یا بە هەڵبژاردن، یا بە دانان، یان بە نۆرە بێ).

**حەوتەم، ئەنجومەنی رایەڵە پێکدێ لە:**

١- رێکخەری رایەڵە (١ کەس).
سەرپەرشتی کاروبارەکانی ئەنجومەنی رایەڵە ئەکا.

٢- سکرتێری رایەڵە (١ کەس).
کاتو شوێنی کۆبوونەوەی ئەنجومەن رێک ئەخاو ئەندامەکانی لێ ئاگادار ئەکا، کۆنووسی کۆبوونەوەکان ئامادە ئەکا، لیستی ناوی ئەندامانو هەڵسووڕاوان ئەپارێزێ.

٣- بەرێوەبەری کارگێڕیی (١کەس).
بەرپرسە لە کاروباری داراییو پێویستییە لۆجستییەکانی رایەڵەکە.

٤- ئەندامانی ئەنجومەنی رایەڵە، (تێبینی: ژمارەی ئەندامەکانی رایەڵەو گروپەکانی پشتیوانیی بە پێی پێویستییەکانی فراوانی پیشەکە دیاری ئەکرێ).

٥- هەر ئەندامێکی ئەنجومەنی رایەڵە ئەشێ سەرپەرشتی بنکەیەک، یا چەند بنکەیەکی هاوپیشەکانی بکا لە سنووری شار، یا قەزایەکدا.

٦- هەر بنکەیەک ئەشێ لە چەند هەڵسووڕاوی گۆڕان پێک بێ و هەر هەڵسووڕاوێکیش پەیوەندیی لە گەڵ گروپێ، یا چەند گروپی پشتیوان لە هەمان پیشە هەبێ.

٧- ئەندامانی ئەنجومەنی رایەڵە ئەشێ خۆبەخش بن لە پاڵ کارەکانی ئەنجومەندا کاری ئاسایی خۆیان بکەن.

**بەشی حەوتەم: ئەنجومەنی شار**

یەکەم، ئەنجومەنی شار (یان قەزا) پێک ئەهێنرێ لە:

١- دەستەی بەرێوەبەر کە پێک دێ لە:

١-١/ باژێڕەوان (١ کەس).
بەرپرسی یەکەمە لە کاروفرمانی هەموو بەشەکانی ئەنجومەن. (ئەشێ بە پێکهاتن، یا بە هەڵبژاردن، یا بە دانان بێ).

١-٢/ سکرتێری ئەنجومەن (١کەس).
بەرپرسە لە دانانی بەرنامەی کۆبوونەوەو دیاریکردنی کاتو شوێنی کۆبوونەوەو تۆمارکردنی بابەتەکانی ناو کۆبوونەوەو بڕیارو راسپاردەکانی.

١-٣/ بەرێوبەری کارگێڕیی ئەنجومەن (١ کەس).
بەرپرسە لە راپەڕاندنی کاروباری دارایی، ژمێریاریی، دابینکردنی پێویستی لۆجستی بارەگاو بنکەکان.

١-٤/ بەرپرسی میدیا (١ کەس).
بەرپرسە لە کۆکردنەوەو بەدواداچوونی هەموو ئەو رووداوانەی لە سنووری بازنەکاندا ئەقەومێن و، گەیاندنی بە شوێنی پەیوەندیدار بۆ ئاگاداریی، یان بۆ بڵاوکردنەوە.
بەرپرسە لە رێکخستنی کۆڕو کۆبوونەوە فراوانو گشتییەکانی ئەنجومەنو دابینکردنی پێویستییەکانی.

١-٥/ بەرپرسی پەیوەندییەکان (١ کەس).
بەرپرسە لە پەیوەندیی لە گەڵ داوودەزگای حکومەتیو حیزبیو رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی شارستانی.

٢-١/ نوێنەرێکی فراکسیۆنی گۆڕان لە ئەنجومەنی پارێزگادا. (١ کەس).

٢-٢/ نوێنەرێکی فراکسیۆنی گۆڕان لە پارلەمانی کوردستاندا. (١ کەس).

٢-٣/ نوێنەرێکی فراکسیۆنی گۆڕان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا، (١ کەس).

٣- بازنەوانەکان (ژمارەیان بە قەدەر ژمارەی بازنەکان ئەبێ)

٤- رێکخەری رایەڵەکان (ژمارەیان بە قەدەر ژمارەی رایەڵەکان ئەبێ).

**دووەم، بارەگای ئەنجومەن:**

«مەکۆی بزووتنەوەی گۆڕان» بارەگای سەرەکیی ئەنجومەنەکانی بزووتنەوەی گۆڕان ئەبێ لە شارەکەدا، جێگەی یەکتر بینینو کۆبوونەوەو راپەڕاندنی کارو فرمانی رۆژانەی ئەندامانی ئەنجومەنی شارە.

**سێیەم، کۆبوونەوەی ئەنجومەنی شار:**

١- ئەنجومەنی شار هەموو مانگێ بە لایەنی کەمەوە یەک جار لە سەری مانگ، یا لە ناوەڕاستی مانگدا کۆبوونەوە ئەکا، یا هەر کاتێ چواریەکی ئەندامەکانی داوایان کرد، یان لە کاتی پێویستدا.

٢- بەرپرسی یەکەم سەرۆکایەتی کۆبوونەوەکان ئەکا، ئەشێ بیکا بە نۆرەیی (دەوری) بە پێی تەمەن، یا بە پێی حەرفی ئەبجەدی هەر جارەی یەکێ ئەنجامی بدا.

٣- کۆبوونەوەکان تەرخان ئەکرێن بۆ: هەڵسەنگاندنی هەمەلایەنەی هەلومەرجی سیاسیی، ئابووریی، کۆمەلایەتی، رۆشنبیریی، پەروەردەیی... هەروەها بۆ هەر بابەتو کێشەیەک کە لەو ماوەیەدا ورووژاو یا لێدوانی پێویست بێ.

**چوارەم، نوێنەرایەتی:**

ئەنجومەنی شار لە کۆبوونەوەدا نێردراوی خۆی دیاری ئەکا بۆ ئەنجومەنی ناوەندیی پارێزگا، (تێبینی: ئەشێ بە پێکهاتن، یا بە هەڵبژاردن، یا بە تیروپشک، یا بە دانان بێ).

**بەشی هەشتەم: کۆنفرەنسی شار**

(هەروەها قەزاکان)

یەکەم، کاتی بەستنی:
ساڵی یەک جار ئەبەسترێ.

دووەم، فرمانەکانی:

١- هەڵسەنگاندنی ئەدائی ئەنجومەنی پێشووی شار (یا قەزا).

٢- هەڵسەنگاندنی دۆخی بزووتنەوەی گۆڕان لە ناوچەکەدا: بەراوردی ژمارەی پشتیوانەکانی بزووتنەوە لە چاو ژمارەی دەنگدەرانی ناوچەکەدا، باسکردنی گرفتەکانی، چارەسەرەکانی، رێگەکانی گەشەکردنی زیادتری بزووتنەوەکە.

٣- هەڵسەنگاندنی ئەدائی فەرمانگەکانی حکومەتو ئاستی خزمەتگوزارییەکانی: پەروەردە، تەندروستی، رێگەوبان، ئاوی خواردنەوەو کارەبا، شارەوانی، پۆلیسو ئاسایش.

٤- ئامادەکردنی پرۆژەو پێشنیار بۆ باشکردنی ئەدائی حکومەتو خزمەتگوزارییەکانی.

٤- هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی شار (یا قەزا) بۆ ماوەی یەکساڵی کاری داهاتوو.

**سێیەم، بەشدارەکانی (٣) جۆر ئەبن:**

١- ئەندامی کارا
ئەندامانی ئەنجومەنی قەزا (شار)
نوێنەرانی بنکەکانی گروپەکانی پشتیوان
(تێبێنی: مافی تەواوی گفتوگۆو دەنگدانو خۆپاڵاوتنیان هەیە).

٢- شارەزاو پسپۆڕ
(تێبینی: بەپێی پسپۆڕییو شارەزایی لە بوارەکانی خۆیاندا بانگ ئەکرێن، یا خۆیان داوا ئەکەن بۆ بەشداریی لە گفتوگۆکانی کۆنفرەنسەکەدا، مافی خۆپاڵاوتنیان هەیە، بەڵام مافی دەنگدانیان نییە، چونکە نوێنەرایەتی هیچ بنکە، یا بازنەیەک ناکەن).

٣- میوانی رێزلێنراو.
(تێبینی: لە کەسایەتی کۆمەڵایەتی، پێشمەرگەی دێرینو تێکۆشەری دێرین، وەرزشکار، هونەرمەند، مەلا، کارمەندانی پلە بەرزەکان بانگ ئەکرێن، مافی گوێگرتنیان هەیە).


**تێبینی:**

**داوا لە هاوڵاتییانی خۆشەویست دەکەین کە بە تێبینی و پێشنیاز ئەم پرۆژەیە دەوڵەمەند بکەن.**

## یوسف محەمەد، مامۆستای زانکۆ:

# پێویستە ئۆپۆزسیۆن سیاسەتی خۆی بگۆڕێت

سازدانی: شۆڕش خالید



**یوسف محەمەد سادق، مامۆستای زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی سلێمانی لەم چاوپێکەوتنەی رۆژنامەدا بۆچوونەکانی سەبارەت بە دۆخی سیاسیی هەرێم دەخاتەڕوو.**

**رۆژنامە: خۆپیشاندانەکان وا پێ دەنێتە مانگێکەوەو ئەوەی دەبینرێت تائێستا هیچ وەڵامێک لە لایەن دەسەڵاتەوە بەدی ناکرێت، دەمەوێت بڵێم؛ ئایا باوەڕتان بەوە هەیە کە ئەو خۆپیشاندانانە کاریگەریی لەسەر سیستمی حوکمڕانیی دەبێت، یان هەڵچوونێکی کاتییەو دادەمرکێتەوە؟**

* ئەوە هەڵچوونێکی کاتیی نییەو پێشینەیەکی هەیە، ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ پێش (٧/٢٥)و بۆ ساڵی (٢٠٠٦)، کە خەڵک لە کەلارو هەڵەبجەو شوێنەکانی تر هاتنە سەر شەقام، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بزووتنەوانەی کە دروستبوون وەکو بزووتنەوەی هەتاکەی، بزووتنەوەی ریفراندۆم، دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵەکانی چاکسازیی لەناو یەکێتیی نیشتمانیی کە باڵی ریفۆرم بوو، کەواتە ئەوە ئاراستەیەکە لە رابردووەوە قۆناغ بە قۆناغ هاتووەتە پێشەوە، تا گەیشتووە بە رۆژگاری ئەمڕۆمان، بە دڵنیاییشەوە لە رۆژگاری ئەمڕۆشماندا ناوەستێت تا نەگاتە گۆڕانکاریی بنچینەیی، ئەوە ئەو کات هەڵچوونێکی کاتیی دەبوو کە بەبێ پێشینەیەکی مێژوویی کۆمەڵێک خۆپیشاندان بێتە کایەوەو دامرکێتەوە، بەڵام ئەمە پێشینەیەکی مێژوویی هەیە، دڵنیاشم هاوڵاتییانی کوردستان هۆشیارییەکی ئەوتۆیان هەیە تا نەگەن بە ئامانجەکانیان وازناهێنن، دەسەڵاتی سیاسیی دەیەوێت خۆی بخەڵەتێنێت بەوەی کە ئەوە هەڵچوونە.

**رۆژنامە: هەندێک پێیانوایە، خۆپیشاندانەکان تا نەگوازرێتەوە هەولێر، ئەوا کاریگەرییەکی ئەوتۆی نابێت، بە حوکمی ئەوەی تائێستا تەنیا سلێمانیو دەوروبەری گرتووەتەوە، لەو لاشەوە دەسەڵات بە توندیی دژی گواستنەوەی خۆپیشاندانەکانە بۆ هەولێرو ناوچەکانی تر؟**

* پەردەپۆشکردنی ناڕەزاییەکانی خەڵکی هەولێرو دهۆک نیشانەی ئەوە نییە کە لەوێ ناڕەزایی نییە، ئەگەر لە هەولێرو دهۆک ناڕەزاییەتی نەبوایە، ئەوا دەسەڵاتی سیاسیی لەوێ دەزگا ئەمنییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان ناچار نەدەبوون کە هەر دوو کەسو سێ کەس لە بازاڕی هەولێر پێکەوە کۆببنەوە یەکسەر سیخوڕێک بنێرنە ناویان، ئەگەر ناڕەزاییەتی لەناو هەولێر نەبوایە، ئەوا دەزگا حکومییەکانی پارتی ناچار نەدەبوون دەوامی سەرجەم زانکۆ حکومییو ئەهلییەکانی هەولێر دابخەن، لەبەر ئەوەی ترسی ئەوەیان هەبوو، ناڕەزاییەکان لە زانکۆکانەوە بتەقێتەوە، ئەوە تەنیا پەردەپۆشکردنی ئەو ناڕەزایەتییانەیە کە دەبێتە هۆی پەنگخواردنەوەی ئەو ناڕەزایەتییانەو دوور نییە لە کاتێکی دیاریکراودا زۆر توندتر لەوەی لە سلێمانی هەیە لە هەولێر بتەقێتەوە.

**رۆژنامە: قسەیەک هەیە دەوترێت پەنگخواردنی ئەو ناڕەزایەتییانە لە هەولێرو دهۆکو رێگریکردنی لە هەر جموجوڵێک لە لایەن دەسەڵاتەوە دوورر نییە تەقینەوەی گەورەتری جەماوەریی بەدواوە بێت، کە ئەو کات جەماوەر تەسفییەی حساباتی پێشووتر بکەن؟**

* بەدڵنیاییەوە، فشارێکی زۆر گەورە دەبێتە هۆی (رەدفعل)ێکی ئێجگار گەورەتر، ئەوە نەزەریەیەکی فیزیاییە، کە کار هەمیشە کاردانەوەیەک بەدوای خۆیدا دەهێنێت، کە یەکسانە بە برو ئاراستە، کەواتە پەردەپۆشکردنی ناڕەزاییەکانی هەولێرو دهۆک خزمەت بە دەسەڵاتی سیاسیی لەوێ ناکات، بەڵکو دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو ناڕەزاییانە بە شێوەیەکی توندتر لەوەی لە سلێمانی بینیمان لە ئانو ساتێکی تردا بتەقێتەوە، ئەوکات دوورنییە گۆڕانکاریی بنچینەیی لە کوردستاندا بێتە کایەوە.

**رۆژنامە: هەر پەیوەند بەو ناڕەزاییانە لەدوا وتاریدا رۆژی هەینی مەسعود بارزانی، وتی: «سێ بۆ چوار مانگی تر بە چاوی خۆتان دەرئەنجامی ئەو چاکسازییە دەبینن کە دەستمان پێکردووە»، خوێندنەوەی بەڕێزتان بۆ ئەو لێدوانە چییە؟**

* ئەمە هەوڵدانە بۆ چاوبەستکردنی خەڵک کە بەداخەوە سەرۆکی هەرێم پێی هەڵدەسێت، سەرۆکی هەرێم لەبری ئەوەی بە مەسئولیەتەکانی خۆی هەستێت وەکو سەرۆکی هەموو هەرێمی کوردستان، ئێستا ئیشی بووەتە بەرگریکردن لە دوو حیزبی دەسەڵاتدار لە هەرێمی کوردستان، بە دیاریکراویی ئێستا یەک حیزبیش لە هەرێمی کوردستاندا دەسەڵاتدارە، پارتی دەسەڵاتدارەو یەکێتی سێبەری ئەو دەسەڵاتەیە، سەرۆکی هەرێم ئیشی بووەتە بەرگریکردن لەو حیزبە کە حیزبەکەی خۆشیەتی، خەڵک چیتر بە بەڵێنو پەیمان دانامرکێتەوە، پێنج ساڵ زیاترە ئێمە بە دەیان جار گوێمان لە بەڵێنی جۆراوجۆرو دژایەتی گەندەڵیی بووە لە هەرێمی کوردستان، بەڵام لەسەر ئەرزی واقیع تەواو پێچەوانەکەی دەبینین.

**رۆژنامە: دەتەوێت بڵێیت؛ ئەم بەڵێنەی ئەمجارەی بارزانیش لە بەڵێنەکانی پێشوو زیاتر نییە؟**

* بە دڵنیاییەوە ئەمەی ئەمجارەشیان تەنیا بۆ چاوبەستکردنە، کە گرنگیشی نەماوە لەلایەن خەڵکەوە، خەڵک ئێستا هەنگاوی عەمەلیی دەوێت لەسەر ئەرزی واقیع.

**رۆژنامە: باشە هۆکار چییە بە لای بەڕێزتانەوە، لە وتارەکەیدا بەڕێز مەسعود بارزانی، پشتگیریی خۆی بۆ مانەوەی ئەم دەسەڵاتەی یەکێتیو پارتی دەربڕی، لە بەرامبەر گوتارەکانی ئۆپۆزسیۆن. کەچی ئۆپۆزسیۆن کەمترین رەخنە لە سەرۆکی هەرێمو سەرۆکایەتی هەرێم دەگرێت؟**

* بەشێک لە ئۆپۆزسیۆن ئەوەندەی من سەرنجم دابێت، پێیانوایە؛ کە سیستمی سیاسیی لە هەرێمی کوردستان پێویست دەکات بە پەرلەمانیی بکرێتەوە، پێویستمان بەوە هەیە دەستوور بهێنرێتەوە پەرلەمانو جارێکی تر گفتوگۆی لەسەر بکرێتەوەو دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم بکرێتەوە تەشریفاتی، بە راستی ئەوە خزمەتمان پێدەکاتو خزمەت بە پرۆسەی دیموکراسیی دەکات.

> **چاکسازییەکەی ئەمجارەی سەرۆکیش بۆ چاوبەستکردنی خەڵکە**

**رۆژنامە: ئەمە بە هۆکاری سەرەکیی کەمیی رەخنەکانی ئۆپۆزسیۆن دەبینی لە دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم؟**

* ئەوە مەسەلەکەیە، سەرۆکایەتی هەرێم نابێت ئەو دەسەڵاتە زۆرو زەبەندانەی هەبێت، نابێت رۆڵی هەبێت، دەبێت پەرلەمان رۆڵی هەبێت، دەبێت حکومەتێک کە لێپرسراوە بەرامبەر بە پەرلەمان رۆڵی هەبێت، نەک تاکەکەسێک کە سەرۆکی حیزبێکیشە لە هەمانکاتدا بیەوێت سەرجەم دەسەڵاتە ئەمنییو ئیدارییو سیاسییەکان لای خۆی کۆ بکاتەوەو ئێمە بیکەینە لێپرسراو، ئەو پێویستە لێپرسراوی بەدەستەوە نەبێت، ئەو پێویستدەکات سیادەی هەبێت، بەڵام حوکم نەکات.

**رۆژنامە: هەر سەبارەت بە ئۆپۆزسیۆن بە بەراورد بە وڵاتانی (میسرو تونس) ئۆپۆزسیۆنی کورد بە ترسو حەزەرەوە پشتیوانیی لە داخوازییەکانی شەقام دەکەن، ئایا ئەمە هۆکارەکەی جیاوازیی ئەجێندای ئۆپۆزسیۆنە، یان چی؟**

* ئەم جوڵە جەماوەرییانە پێویست دەکات جوڵەیەکی خۆڕسک بێت، بۆ ئەوەی نەبێتە هۆی موڵکی لایەنێکی سیاسیی تاوانباریش نەکرێت کە موڵکی چ لایەنێکە، ئێستا هەر یەکێک لە هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن تەبەنی ئەو شەقامە بکات ئەوە زۆر بە ئاسانیی، دەتوانرێت قەمعی ئەو جادەیە بکرێت، بەڵام دەبێت هێزو لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان پشتگیریی بکەن کە جوڵەیەکی خورسک هەیە، پێشموایە؛ ئەو پشتگیرییەش کراوە، چ وەک ئامادەبوونی لایەنگرانی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان لە شەقام، چ وەک بەیاننامە دەرکردن بۆ پشتگیریکردن لێیان، تائێستا ئەوە بە باشی دەڕوات.

**رۆژنامە: بە پێویستی دەزانیت ئۆپۆزسیۆن ستراتیژیی خۆی لە ئێستادا بگۆڕێت، ئەگەر پێویست دەکات چۆن؟**

* ئۆپۆزسیۆن کە ئێستا شەقامێکمان هەیەو خەڵک هاتووەتە سەر جادە، دەبێت سەقفی داواکانی خۆی بەرز بکاتەوەو مکوڕتربێت بۆ جێبەجێکردنی گۆڕانکاریی لە هەرێمی کوردستان، پێویست دەکات ئۆپۆزسیۆن تەنیا لە پرۆژەی چاکسازیدا نەمێننەوە، بەڵکو فشاری گەورەترو جۆراوجۆر بۆ سەر دەسەڵاتی سیاسیی لە هەرێمی کوردستان بکات. بە بەشداریکردن لە شەقام بە ئاراستەکردنی شەقامو هەنگاوی عەمەلیتر لە پەرلەمانو گەیاندنی دەنگی ناڕەزایی بۆ دەرەوە، هەوڵی ئەوە بدەن فشاری زیاتر لەسەر دەسەڵاتی سیاسیی دروستبکەن، بۆ ئەوەی گۆڕانکاریی لە هەرێمی کوردستاندا زووتر رووبدات، ئۆپۆزسیۆن دەبێت لە قۆناغی داهاتوودا چالاکتر بێت.

*** درێژەی ئەم چاوپێکەوتنە لە ماڵپەڕی رۆژنامە بڵاودەکرێتەوە.**

ڕاپۆرت



هەموو ئەنجومەنی رایەڵەیەک بۆ ناسینەوەو جیاکردنەوەیان لە یەکتری، ناوێکی ئەبێ بگونجێ لەگەڵ پیشەکەیان

# ڕەشنووسی پەیڕەوی ناوخۆی بزووتنەوەی گۆڕان

**خوێنەرانی رۆژنامە ئاگادار دەکەینەوە، ئەمە بەشێکە لە پرۆژەی پەیڕەوی ناوخۆی بزووتنەوەی گۆڕانو ڕێنمایی ڕێکخراوەییی کە ئامادەکراوە بۆ ئەوەی لە کۆنگرەی نیشتمانیی بزووتنەوەکەدا یەکلایی بکرێتەوەو بڕیاری لەسەر بدرێت.**

ڕێنمایی ڕێکخراوەیی
ژمارە .... بۆ پێکهێنانی:
ئەنجومەنی بنکە
ئەنجومەنی بازنە
ئەنجومەنی رایەڵە
ئەنجومەنی شار، یان قەزا

## بەشی یەکەم: ناسینی بزووتنەوەی گۆڕان

**یەکەم،** ناوی ڕێکخراو: بزووتنەوەی گۆڕان.

**دوەم،** پێناسەکەی: ڕێکخراوێکی سیاسیی خاوەن کەسایەتی مەعنەوییە، لە گردبوونەوەی ئارەزوومەندانەی ئەو هاوڵاتییانە پێکدێ، کە لە دەوری بەرنامەی سیاسییو پەیڕەوی ناوخۆی بزووتنەوەی گۆڕان کۆبوونەتەوە.

**سێیەم،** دروشمەکەی: گۆڕان.

**چوارەم،** لۆگۆکەی: بازنەیەکە بە رەنگی نیلی، لە ناوەڕاستیدا وێنەی مۆمێکی سپی هەیە، ئاگرێکی بە هەردوو رەنگی زەردو نارنجی لە سەرە، لە ژێریدا ناوی بزووتنەوەکە بە هەردوو رەنگی نارنجیو سپی (گۆڕان)، بە هەر سێ زمانی کوردیو عەرەبیو ئینگلیزی نووسراوە.

**پێنجەم،** شوێنی چالاکیی: هەرێمی کوردستانو عێراقو هەر جێیەکی هاوڵاتییانی کوردستانی لێ بێت لە دەرەوەی عێراق. بارەگای سەرەکیی جارێ لە شاری سلێمانییە.

## بەشی دووەم: ئەندامەتی

یەکەم، بەدەسهێنانی ئەندامەتی:

هەر هاوڵاتییەکی کوردستانی تەمەنی گەیشتبێتە شانزدە ساڵ دەتوانێ ببێتە ئەندام بەو مەرجەی:

١- فۆرمی ژمارە (١)ی ئەندامەتی بزووتنەوەی گۆڕان پڕ بکاتەوە.

٢- بەڵێن بدات کار بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەکەی بکا.

٣- ئەندامانە بدا.

٤- دوو ئەندامی ناسراوی بزووتنەوەی گۆڕان پشتگیریی وەرگرتنی بکەن.

### دووەم، لەدەستدانی ئەندامەتی:

١- ئەگەر بە ئارەزووی خۆی وازیهێنا.

٢- ئەگەر مرد.

٣- ئەگەر دادگا بە تاوانی لەکەی شەرەف سزای بدا.

٤- ئەگەر مەرجەکانی ئەندامەتی لەدەستدا.

٥- ئەگەر زیانی مادی، یا مەعنەوی لە بزووتنەوەکە، یا لە هەرێم دا و «ژووری قانونی»ی بزووتنەوەی گۆڕان بڕیاری هەڵپەساردنی کاتی، یا دەرکردنی دا.

### سێیەم، مافەکانی ئەندام:

١- کارتی ئەندامەتی بزووتنەوەی گۆڕان وەربگرێ.

٢- ئەندام بۆی هەیە، ئەگەر مەرجی قانونی تێدا بوو، داوا بکا بۆ هەموو ئاستە ڕێکخراوەییەکانی دەزگاکانی بزووتنەوەو بۆ کارەکانی دەزگاکانی حکومەتی هەرێمو عێراق بپاڵێورێ.

٣- لە ریفراندۆمو دەنگدانە ناوخۆییەکانی بزووتنەوەکەدا، دەنگ بدا.

## بەشی سێیەم: گروپی پشتیوانیی

### یەکەم، پشتیوان

١- پشتیوان، ئەشێ کەسێک بێ کە نایەوێ، یا ناتوانێ ببێتە ئەندام، بەڵام ئامادەیە خۆبەخشانە پشتیوانییو هاوکاریی مەعنەوی، یا مادی بزووتنەوەی گۆڕان بکا.

٢- پشتیوان بۆی هەیە، ئەگەر مەرجی قانونی تێدا بوو، داوا بکات بۆ پۆستی هەموو ئاستەکانی دەزگاکانی حکومەتی هەرێمو عێراق بپاڵێورێ.

٣- پشتیوان بۆی هەیە، وەکو کارمەند لە هەموو دەزگاکانی بزووتنەوەدا کار بکا.

٤- پشتیوان بۆی هەیە، ڕەخنەو پێشنیار، دەربارەی کارو هەڵوێستی بزووتنەوەی گۆڕانو هەڵسووڕاوەکانی ئاراستەی هەموو ئاستە ڕێکخراوەییەکانی بزووتنەوە بکا.

### دووەم، گروپی پشتیوانیی:

١- پشتیوان دەتوانێ بە تاک، یان بە کۆمەڵ لەگەڵ (٢) کەس، یا زیاتر لە ناسیاوەکانی لە سەر بنچینەی دراوسێیەتی، هاوپیشەیی، هاوبیریی، هاوشوێنی، هاومەزەبی، هاودینی، خزمایەتی... لە لادێ، گوند، کۆڵان، شەقام، گوزەر، فەرمانگە، قوتابخانە، کارگەدا.. هاودەنگ بن بۆ پێکهێنانی «گروپی پشتیوانیی».

٢- گروپی پشتیوان: یەکەی بنچینەیی هێزی جەماوەریی ڕێکخراوەکەن، بۆ زانینی خواستەکانی خەڵکو بۆ گەیاندنی پەیامەکانی، چاوو گوێو دەستو زمانو مەژیو دڵی بزووتنەوەکەن لەناو خەڵکدا.

٣- لە سنووری هەر وێستگەیەکی دەنگداندا دەشێ هەڵسووڕاوێک، یا زیاتر چەندین گروپی پشتیوانیی دروست بکەن.

## بەشی چوارەم: ئەنجومەنی بنکە

### یەکەم، بنکە:

١- بنکە بە سنووری جوگرافی یەکە کارگێڕییەکان دیاری دەکرێ.

٢- سنووری جوگرافی بنکەی پشتیوانیی هەمان سنووری جوگرافی ناوەندی دەنگدان (مرکز الاقتراع)ی سەردەمی هەڵبژاردنەکان دەبێ.

٣- لە سنووری هەر ناوەندێکی دەنگداندا، کە چەند وێستگەی تێدایە، دەشێ چەندین گروپی پشتیوانیی تێدا دروست بکرێت.

٤- چەند گروپێکی پشتیوان پێکەوە دەشێ تۆڕێکی پەیوەندیی لەنێوان خۆیاندا دروست بکەنو کەسێ بکەنە نێردراوی خۆیان بۆ بنکەی پشتیوانیی لە گەڕەکەکەیان، یان لە سنوورە ئیدارییەکەیاندا.

### دووەم، فرمانەکانی بنکە:

١- لە کاتی ئاساییدا فرمانی سەرەکیی بنکە کاری سیاسیی — جەماوەرییو پەیداکردنی دۆستو لایەنگرو پشتیوانیی نوێ دەبێ بۆ بزووتنەوەکە، (تێبینی: بەدواداچوون دەکات بۆ هەموو ئەو ڕووداوانەی ڕۆژانە لە ناوچەکەیاندا دەقەومێ — وەکو: ئاگرکەوتنەوە، لافاو، دزی، شەڕ، کوشتن، ڕووداوی سەیارە، مردنی دۆستو پشتیوانیی بزووتنەوەو... هیتر، پاش دڵنیابوون لە ڕاستی ڕووداوەکە ئاگاداری رایەڵەی راگەیاندنی ئەنجومەنی شار دەکا).

٢- لە کاتی هەڵبژاردندا، هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ئەنجومەنی پارێزگا، هەر هەڵبژاردنێکی تر، خۆی تەرخان دەکات بۆ پرۆسەی هەڵبژاردن.

٣- بنکە بۆ ڕاپەڕاندنی کارو فرمانەکانی، دەتوانێ لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا بارەگایەکی کاتی دابنێ.

٤- بنکە ژمارەی پێویستی هەڵسووڕاو بۆ بریکاری وێستگەکانو بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردن بۆ سنووری کارکردنی خۆی ئامادە دەکا.

### سێیەم، نوێنەرایەتی بنکە:

ئەنجومەنی بنکە نێردراوی خۆی دیاری دەکات بۆ نوێنەرایەتی بنکەکەیان لە ئەنجومەنی بازنەدا، (تێبینی: دەشێ بە هەڵبژاردن، یا بە پێکهاتن، یا بە تیروپشک، یا بە دانان بێ).

### چوارەم، ناوی بنکە:

هەموو بنکەیەک بۆ ئەوەی بناسرێتەوەو لە بنکەکانی تر جیا بکرێتەوە، ناوو ژمارەی تایبەت بەخۆی دەبێت، (تێبینی: دەشێ بە ناوی هەمان گوند، قوتابخانە، فەرمانگە، کۆڵان، شەقام، گەڕەک... وەوە ناو بنرێت، کە ناوەندی دەنگدانو وێستگەکانی تێدا بووە).

### پێنجەم، ئەنجومەنی بنکە پێکدێ لە:

١- بنکەوان، کە سەرپەرشتی بنکەکە دەکات، (تێبینی: دەشێ بە هەڵبژاردن، یا بە پێکهاتن، یا بە تیروپشک، یا بە دانان بێت).

٢- لە (١٥ تا ٢١) کەس لە هەڵسووڕاوانی گروپەکانی پشتیوانیی.

٣- هەر ئەندامێکی ئەنجومەنی بنکە لە ڕێگەی بینینو پەیوەندیی تەلەفۆنیو بەریدی ئەلیکترۆنییەوە دەشێ لە پەیوەندیدا بێت لەگەڵ زۆرترین ژمارەی گروپی پشتیوانیی دا.

٤- ئەندامانی ئەنجومەنی بنکە دەشێ خۆبەخش بن لە پاڵ کارەکانی ئەنجومەندا کاری ئاسایی خۆیان بکەن.

## بەشی پێنجەم: ئەنجومەنی بازنە

### یەکەم، بازنە:

بازنە بە سنووری جوگرافی دیاری دەکرێت، سنووری جوگرافی بازنە سنووری جوگرافی یەک ناوەندی تۆمارکردنی دەنگدان دەگرێتەوە.

### دووەم، فرمانەکانی بازنە:

١- ڕاگرتنی پێوەندی بەردەوام لەگەڵ دانیشتوانی بازنەکەدا بە: بەشداریی پرسە، بەشداریی شاییو شەکراو، بڵاوکردنەوەی ڕاگەیەنراوەکانی گۆڕان، بەستنی کۆڕو کۆبوونەوە، هاندانی گەنجەکان تیپی وەرزشو هونەر پێک بهێنن، سازکردنی ئاهەنگ لە بۆنە نەتەوەییەکاندا، سەیرانی بە کۆمەڵی گەڕەک، یان پیشەیی، یان هەر چالاکییەکی کۆمەڵایەتی تر.

٢- کێومالکردنی ماڵ بە ماڵو دووکان بە دووکانی دانیشتوانی سنووری بازنەکە بۆ ناسینیان لە کاتی بانگەشەو هەڵمەتی هەڵبژاردنو بۆ هەر کارێکی پێویستی تری وەکو ریفراندۆم.

٣- پێشنیارکردنی ناوی کاندید بۆ هەر هەڵبژاردنێکی (پەرلەمان، پارێزگا، شارەوانی )، کە ئەنجام دەدرێت.

٤- کۆکردنەوەی داتا لەسەر:

٤-١/ بازنەی هەڵبژاردنی سنووری کارەکەی.

٤-٢/ دەنگدەرانی بازنەکە.

٤-٣/ لایەنە مونافیسەکان.

٥- بەدەسهێنانی داتای ڕاست بە ڕێگەی ڕاپرسیی، یا لێکۆڵینەوەی زانستیو گەڕانی مەیدانی لەسەر قەوارەی دەنگدەرانی گۆڕانو لایەنەکانی تر.

٦- ئاگادارکردنی راگەیاندنی ئەنجومەنی شار لە هەر ڕووداوێک کە لە سنووری بازنەکەیاندا دەقەومێ.

٧- بە هاوکاریی بنکەکانو گروپەکانی پشتیوانیی ژمارەی پێویستی هەڵسووڕاو بۆ ڕاهێنانی بریکاری وێستگەکانو بانگەشەی هەڵبژاردن ئامادە دەکا.

### سێیەم، بارەگای بازنە:

١- لە دۆخی ئاساییدا ئەنجومەنی بازنە لە «مەکۆی بزووتنەوەی گۆڕان»دا بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانی جێگەیەکی تایبەت بە خۆی دەبێت.

٢- لە کاتی پێویستدا، بە تایبەتی لە کاتی هەڵبژاردندا، بۆی هەیە بارەگا بکاتەوە.

### چوارەم: کۆبوونەوەی بازنە:

ئەنجومەنی بازنە بۆ ئاگاداریی لە ئاڵوگۆڕی دۆخی ناوچەکەیو هەڵسەنگاندنی کاروبارەکانی، لایەنی کەم هەفتەی جارێکو هەر رۆژێکیش پێویستی کرد کۆ دەبێتەوە.

### پێنجەم، ناوی بازنە:

هەموو ئەنجومەنی بازنەیەک بۆ ناسینەوەو جیاکردنەوەیان لە یەکتری ناوێکی تایبەتو ژمارەیەکی تایبەت بە خۆی دەبێت. (تێبینی: دەشێ بە هەمان ناوو ژمارەی ئەو گەڕەکەوە بێت، کە بنکەی تۆماری دەنگدەرانی لێ بووە).

### شەشەم، نوێنەرایەتی بازنە:

بازنەوان، کە سەرپەرشتی ئەنجومەنی بازنەیە، نوێنەرایەتی بازنەکە دەکات لە ئەنجومەنی شار (قەزاو ناحیە)دا.

(تێبینی: نوێنەر دەشێ بە پێکهاتن، یا بە هەڵبژاردن، یا بە دانان بێ).

### حەوتەم، ئەنجومەنی بازنە پێکدێ لە:

١- بازنەوان، کە سەرپەرشتی ئەنجومەنی بازنە دەکات، (١ کەس).

٢- سکرتێری بازنە (١ کەس)، کاتو شوێنی کۆبوونەوەی ئەنجومەن ڕێک دەخاتو ئەندامەکانی لێ ئاگادار دەکات. کۆنووسی کۆبوونەوەکان ئامادە دەکات، لیستی ناوی ئەندامانو هەڵسووڕاوان دەپارێزێ.

٣- بەڕێوەبەری کارگێڕیی (١ کەس).

بەرپرسە لە کاروباری دارایيو پێویستییە لۆجستییەکانی بازنەکە.

٤- ڕێکخەری رایەڵەکانی کەسایەتی، پیشەیی، هونەری، وەرزشی... لە سنووری بازنەدا، (١ کەس).

٥- بنکەوانەکان، کە سەرپەرشتی ئەنجومەنی بنکە جیاوازەکانی سنووری یەک ناوەندی تۆمارکردنی دەنگدەران (مرکز تسجیل الناخبين)ی سەردەمی هەڵبژاردن دەکەن، (تێبینی: ژمارەی بنکەوانەکانی ناو بازنە بە قەدەر ژمارەی ناوەندەکانی دەنگدانە).

٦- ئەندامانی ئەنجومەنی بازنە دەشێ خۆبەخش بنو لە پاڵ کارەکانی ئەنجومەندا کاری ئاسایی خۆیان بکەن.

## بەشی شەشەم: ئەنجومەنی رایەڵە

### یەکەم، رایەڵە:

رایەڵە بە جۆری پیشەو باری کۆمەڵایەتی دیاری دەکرێت. سنووری کاری رایەڵە هەموو هاوپیشەکانی دەگرێتەوە لە سنووری شار، یا قەزایەک دا.

### دووەم، فرمانەکانی رایەڵە:

١- رایەڵە کەناڵی پێوەندیی بزووتنەوەی گۆڕانە لەگەڵ پیشە جیاوازەکانی کۆمەڵگەداو بەرپرسە لە ڕێکخستنو سازدانو ئامادەکردنی ئەو توێژە کۆمەڵایەتییە بۆ بەشداریی لە چالاکیی سیاسییو پیشەییو کۆمەڵایەتیو رۆشنبیری.. دا.

٢- سەرژمێریی هاوپیشەکانی رایەڵەکە بۆ ناسینیان لە کاتی بانگەشەو هەڵمەتی هەڵبژاردنو بۆ هەر کارێکی پێویستی تری وەکو ریفراندۆم.

٣- پێشنیارکردنی ناوی کاندید بۆ هەر هەڵبژاردنێکی (پارلەمان، پارێزگا، شارەوانی، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی شارستانی ...)، کە ئەنجام دەدرێت.

٤- ئامادەکردنی پرۆژەی هەڵسەنگاندنو توێژینەوە لە بوارە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵدا وەکو:

٤-١/ هەڵسەنگاندنی ئەدائی کاری حکومیيو ئەهلیی لە بواری ئەو پیشەیەدا.

٤-٢/ ئامادەکردنی پرۆژەی زانستی بۆ چاکسازیی لە سیستەمی کاری پیشەی پێوەندیداردا وەکو: سیستەمی پەروەردە، تەندروستی، قەزائی، ژێرخان، تەکنۆلۆجی، بازاڕ، کشتوکاڵ، پیشەسازیی، رۆشنبیریی...

٤-٣/ هەڵسەنگاندنی کارو قەوارەی لایەنە مونافیسەکان.

٥- بەدەسهێنانی داتای ڕاست بە ڕێگەی ڕاپرسیی، یا لێکۆڵینەوەی زانستیو گەڕانی مەیدانی لەسەر قەوارەی دەنگدەرانی گۆڕان لەناو ئەو پیشەیەدا.

٦- ئاگادارکردنی راگەیاندنی ئەنجومەنی شار لە هەر ڕووداوێکی کە لە سنووری رایەڵەکەیان دا ئەقەومێ.

٧- بە هاوکاریی بازنەو بنکەکانو گروپەکانی پشتیوانیی ژمارەی پێویستی هەڵسوڕاو بۆ وێستگەکانو بانگەشەی هەڵبژاردن ئامادە ئەکا.

### سێیەم، بارەگای رایەڵە:

١- لە دۆخی ئاساییدا ئەنجومەنی رایەڵە لە «مەکۆی بزووتنەوەی گۆڕان» دا بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانی جێگەیەکی تایبەت بە خۆی ئەبێ.

٢- لە کاتی پێویستدا، بە تایبەتی لە کاتی هەڵبژاردندا، بۆی هەیە بارەگا بکاتەوە.


### چوارەم: کۆبوونەوەی رایەڵە:

ئەنجومەنی رایەڵە بۆ ئاگاداریی لە ئاڵوگۆڕی دۆخی پیشەکەیو ناوچەکەیو هەڵسەنگاندنی کاروبارەکانی رایەڵەکەی، لایەنی کەم مانگی جارێکو هەر رۆژێکیش پێویستی کرد کۆ ئەبێتەوە.

### پێنجەم، ناوی رایەڵە:

١- هەموو ئەنجومەنی رایەڵەیەک بۆ ناسینەوەو جیاکردنەوەیان لە یەکتری، ناوێکی ئەبێ بگونجێ لەگەڵ پیشەکەیان، یا پایەی کۆمەڵایەتییان، وەکو: رایەڵەی ژنان، رایەڵەی مامۆستایان، رایەڵەی پزیشکان، رایەڵەی کارمەندان، رایەڵەی ئەندازیاران، رایەڵەی پارێزەران، رایەڵەی زانکۆو پەیمانگا، رایەڵەی خوێندکاران، رایەڵەی گەنجان (وەرزشەوانو هونەرمەندان)، رایەڵەی بازاڕو ناوچەی پیشەسازیی، رایەڵەی کەسایەتی (مامۆستایانی ئایینی، بڕاگەورەی بنەماڵەو خێڵ، فەرمانبەری خانەنشین، فەرمانبەری پلەی بەرز)، رایەڵەی جوتیاران، رایەڵەی کرێکاران، رایەڵەی پێشمەرگەی دێرین.

٢- لە هەندێ شار، یا قەزا کە یەکێ، یا هەندێ لەم پیشانەی لێ نییە، یان لێیەتیو بە ژمارە کەمن، ئەگەر ئەو پیشەیە ژمارەیەکی بەرچاوی تێدا نەبوو پێویست ناکا رایەڵەیان بۆ دروست بکرێ، ئەشێ



بەرئەنجامی شکستی سیاسەتی کابینەی شەشەم، ڕووداوی (٢/١٧)ی بەدوای خۆیدا هێنا
سەرۆکی حکومەت، یان جێگرەکەی، ناتوانن یەک بڕیار دەربکەن وەکو حکومەتی هەرێم بۆ سەرجەم هاوڵاتییان

## ـــەشەم ئاشکرا دەکات

کوردستان، وەزارەتـــی کـــارو کاروباری کۆمەڵایەتی پـــارە دەداتـــە حیزبەکان، (٣٠،٠٠٠)دینار مانگانە کە ئێستا کراوەتە (٧٥،٠٠٠)دینار وەکو چاودێریی خێزانو مووچەی تایبەت دەیبەخشنە هاوڵاتییان بەپێی ئینتیمای حیزبیی‌و خزمخزمێنە.

■ کـاتـێـک کـەسـێـک لـەژێـر هێڵی هەژاریدایە، سیستمێک نییە حکومەت بەپێی چەند زانیارییەک پشتگیریی دارایی بکات، بۆیە مافی ئەوە نییە داوای ئەو پشتگیرییە بکات ئەگەر سەر بەلایەنێک نەبێت، ئەوە ڕاستییەکە کە ئێستا تێیدا دەژین.

٤ – نەبوونی شەفافییەتو یەدەگی دارایی حکومەت:

■ کاتێک سەرۆکی کابینەی پێنچەم (نێچیرڤان بارزانی) کۆتایی بە ئەرکی خۆی هێنا، ڕایگەیاند کە یەدەگی دارایی حکومەت، واتە ئەوەی جێیهێشتووە بریتییە لە (٤ ملیار دۆلار)، کەچی سەرۆکی کابینەی شەشەم کورتهێنانی بودجەی (٢٠١١) بە (١،٥٥٤،٠٠٠) ترلیۆنێک پێنچ سەدو پەنچاو چوار ملیار دەخەملێنێت، کوا ئەو یەدەگە داراییە؟

٥ – تەندەری پرۆژەکانی وەبەرهێنانی ساڵانەی حکومەت:

پـاش ڕاستاندنی پەرلەمان لەسەر پرۆژەکانی وەبەرهێنان، جێبەجێکردنی ئەو پرۆژانەو تەندەرینکردنی لە دەسەڵاتی پارێزگاو پارێزگاری هەولێردایە، وەزارەتەکان کە خۆیان پێشنیازی پرۆژەکانیان دەکەن، کەچی لایەنێکی تـری ناپەیوەندیدار جێبەجێی دەکـات، ئەوەش بووەتە هۆی بڵاوبوونەوەی گەندەڵییەکی بەرفەراوان لە فرۆشتنەوەی تەندەرەکان کە گەلێکجار چەندین دەستی بەدەستی پێدەکرێت لەنێو بەڵێندەرەکان، بەڵێندەرە حیزبیەکانیش پشکی شێریان هەیە لەو پرۆسەیەدا.

٦– پلانی ستراتیژیی کەرتی کشتوکاڵ (٢٠٠٩ – ٢٠١٣):

بزانە کارەساتی شکستی ئەو پلانە ستراتیژییە لە چیدایە کە تەنیا (٥) ملیۆن دۆلار درایە هەقدەستی ئامادەکردنی بە کۆمپانیایەکی ئەمریکی کە حکومەت کەمترین بە دواداچوونو چاودێریکردنی نییە بۆ ئەو پلانە ستراتیژییە!

بەرئەنجامی شکستی سیاسەتی کابینەی شەشەم، ڕووداوی (٢/١٧)ی بەدوای خۆیدا هێنا، خۆپیشاندەران لەم ڕۆژەدا ڕووبەڕووی توندوتیژیی‌و تەقەکردنو کوشتنو ڕاوەدونان، گرتن بوونەوەو حکومەت نەیتوانی پارێزگاریی لە گیانی هاوڵاتییانو پاراستنی بارەگاکان بکاتو لە ڕووداوە یەک بەدوایەکەکاندا هێزی چەکدار جوڵەی پێکرا بۆ شاری سلێمانی، بەبێ ئەوەی حکومەت ئاگادار بێت. بەچاوقایمییەوە پەلاماری کەناڵی ئاسمانیی (نالیا) دراو سووتێنرا، لەناو پەرژینی هێزەکانی ئاسایشو پۆلس لەهەولێردا، بارەگاو ڕادیۆی گۆڕان کەناڵی knn سووتێنران، لەلایەن ڕێخراوێکی حیزبییەوە، زانکۆی سەلاحەدین داخراو وەزارەتی خوێندنی باڵا دەرەقەتیان نەهات، چەندین یاسا بۆ یەکخستنی دووئیدارەیی پەسەند کران، کەچی حکومەت نەیتوانی جێبەجێیان بکات، لـەوانـە یەکخستنی هێزی پێشمەرگە، ئاسایش، پۆلیس، دارایی ئەمەش لەسەر کێشەیەکی گەورەی نەتەوەیی ڕەنگیداوەتەوە کە کەرکوکە بەهۆی چارەسـەرکـردنـی ڕەنـگـدانـەوەی ئـەو دوو ئیدارەییە لەبەڕێوەبردنیدا، لەبوونی دوو دەزگاییدا، کێشەکەی بەبێ چـارەسـەر هێشتەوە، لەکاتی گونجاو، ئێستا دەتانەوێت بەهێزی چەکدار پێش لە مەترسییەکان بگرن، تا ئێستا سەرەڕای دەرکـردنـی بـڕیـاری (١٧) خاڵییەکە لەپەرلەمانەوە، پێشێلکاریی بـەردەوام بـووەو حکومەت میکانیزمی پێویستی نەگرتووەتەبەر بۆ دادگاییکردنی تاوانبارانو ڕێگرتن لە بەشداریی هێزی چەکداری نادیار لە پەلاماردانی خۆپیشاندەرانو گرتنو ڕاوەدوونانیان بەتایبەت لەکەلارو

حکومەتی هەرێم، کاری لەسەر شێواندنی سیمای ئابووریی بازاڕ کردووەو هاوسەنگیی کۆمەڵایەتی کردووەتە خێرو سەدەقە

هەروەها سووتاندنی ڕادیـۆی (دەنـگ)و خێمەکانی بەردەرکی سـەراو هەموو ئەو بەرپرسیارێتییە وا دەخوازێت کە متمانە لەحکومەت بسەنرێتەوە.

**ڕۆژنامە: لەگەڵ فراکسیۆنەکەی ئێوە، فراکسیۆنەکانی یەککرتوو و کۆمەڵیش داوای لێسەندنەوەی متمانەیان کرد لە سەرۆکی حکومەت، ئەمە هەڵوێستێکی تازەبوو بەنیسبەت ئەم دوو فراکسیۆنەوە، ئـەم مەسەلەیە چۆن بـوو، ئایا پێشتر ڕێککەوتنێک هەبوو لەنێوانتاندا؟**

* هـەرسـێ لامـان هـاوڕابـووین بۆ بانگهێشتکردنی سـەرۆکـی حکومەت بۆ لێپرسینەوەو هەرسێ لامـان وەکو ئۆپۆزسیۆن، ڕێک بووین لەسەر شکستی حـکـومـەتو پێویستی وەرگـرتـنـەوەی متمانە لێی، تا ئێستاش هەرسێ لامان هاوهەڵوێستین.

**ڕۆژنامە: بەردەوام دەبن لەسەر داوای لێسەندنەوەی متمانەو هەڵوەشاندنەوەی حکومەت؟**


* بەڵێ، بـەردەوام دەبین لەسەر جێبەجێکردنی داخوازیی خۆپیشاندەرانو فشار دروستکردن بۆ لێسەندنەوەی متمانە، چونکە پێمانوایە، ئەم حکومەتە سەلماندی کە ناتوانێت چاکسازیی بکات.

**ڕۆژنـامـە: لەچەند ڕۆژی ڕابـردوودا، دوو ڕووداوی چاوەڕواننەکراو بەرامبەر فراکسیۆنەکەتان ئەنجامدرا، پەلاماردانی پەرلەمانتار، بورهان ڕەشید گوڵەو داخستنی دەرگای پەرلەمان بەسەر پەرلەمانتارانی ئۆپۆزسیۆنو وەک باسدەکرێت، هێنانی هێز بۆ پەرلەمان، چۆن لەم مەسەلەیەتان ڕوانی؟**

* ڕێـزنـەگـرتـنـی پـەرلـەمـانو پـەرلـەمـانـتـاران، شـکـانـدنـی شکۆی دامـەزراوەیـەکـە، هـەق نییە لـە هیچ کەس قبووڵ بکرێت. هـەردوو ڕووداوی چاوەڕواننەکراوی دەرهـەق بە ئێمە کراو بەتایبەتی پەلاماردانی پەرلەمانتار، بورهان ڕەشید گوڵەو داخستنی دەرگای پەرلەمان بـەسـەر پەرلەمانتارانی ئۆپۆزسیۆن، پەیوەندیی بە عەقڵییەتێکەوە هەیە لە بەڕێوەبردنی پەرلەمان کە قبووڵی ئەوی تری نییە، خۆی بەخاوەنو ئۆپۆزسیۆن بە نەیار سەیر دەکـات، ئێمە هـەردوو ڕووداوەکە بە کارێکی نەشیاو و ناشایستە دەزانـیـن بۆ کەسایەتیی پەرلەمانتارو پەرلەمان، بۆیە بۆ هەردوو ڕووداو هەموو ڕێوشوێنێکی یاسایی بۆگەیشتن بە لایەنی کەمتەرخەمو دەرخستنی بۆ ڕای گشتیی‌و ئیجرائەتی پێویست دەگرینەبەر، چونکە ئەو کارەی لەبەرامبەر پەرلەمانتار، بورهان ڕەشید درێژکراوەی هەمان ئەو بێباکییەیە کە لە توندوتیژیی بەرامبەر هاوڵاتییان دەکرێت تا ماف بەخۆدان بۆ پەلاماردانی نائینسانانەش لە حەرەمی پەرلەمان بۆ سەر پەرلەمانتاران، بۆیە ئێمە لەسەر ئەم ڕووداوانە وەکو فراکسیۆن، خۆمان بە بەرپرسیار دەزانین کە بێدەنگ نەبینو بە ڕێکاری یاسایی بگەینە ئەنجام.

# «وەڵامە لاستیکییەکانی سەرۆکی حکومەت وەڵامی داوای خەڵک نەبوون»

**ڕاپۆرتی: سەنگەر جەمال**



**دوای بڕیارە (١٧) خاڵییەکەی پەرلەمانو پەیامەکەی سەرۆکی هەرێم، پێشێلکاریی بەردەوام بووە**



**بەشێکی وەڵامەکانی د. بەرهەم دەچوونە خانەی ئومێدو خۆزگە بە داهاتوو**

بانگهێشتکردنی سەرۆکی حکومەت بۆ پەرلەمانی کوردستان بە مەبەستی لێپێچینەوە بۆ یەکەمجار لـە مێژووی پەرلەمانو حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، هەرچەندە وەک سەرکەوتنێکی ئۆپۆزسیۆن لێی دەڕوانرێت، بەڵام وەڵامەکانی مەتاتی بوونو نەیتوانیوە خەڵک ڕازی بکەن.

### دەستکەوتی ئۆپۆزسیۆن

دوای (٢٠) ساڵ بۆ یەکەمجارو لەسەر داخـوازیـی‌و فشاری ئۆپۆزسیۆن، جیاواز لە «میوانداریەکانی» ڕابـردوو، سەرۆکی حکومەت بـۆ لێپرسینەوە بانگهێشتی پەرلەمان کرا، بەڵام ئەوەش نەبووە جێی ڕازیبوونی فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزسیۆنو زۆربەی خەڵکی کوردستان، چونکە سەرۆکی حکومەت وەک پێویست وەڵامی نەدایەوە.

وەک پـەرلـەمـانـتـارانـیـش باسـی دەکەن، جگە لەوەی کە وەڵامی بەشێکی پرسیارەکانی نەدایەوە، ئەوانەی دیکەشی مەتاتی بوون بەبێ ئەوەی بەڵێنی تەواو و ورد بـدات بۆ چارەسـەری کێشەکانو جێبەجێکردنی داوای خەڵکو خۆپیشاندەران کە (٢٥) ڕۆژە ڕژاونەتە سەر شەقامەکان.

کاروان ساڵح، پەرلەمانتار لە فراکسیۆنی گۆڕان، سەرباری ئەوەی بانگهێشتکردنی سـەرۆکـی حـکـومـەت بـە سـەرکـەوتـنـی ئۆپۆزسیۆن دەزانێت، ڕوونیدەکاتەوە کە ئەو ڕۆژە لە بەرنامەی کاردا نەبووە سەرۆکی حکومەت بهێنرێتە پەرلەمان، «دوو ڕۆژی پێشتر پێویستی بەوە بوو پەرلەمان بڕیارێک دەربکات، دوای بڕیارە (١٧) خاڵییەکە کە ئەندامانی سەرجەم فراکسیۆنەکان ئەندام بوون تێیداو جێبەجێنەکرا، بەڵام سەرۆکایەتی دەستی دەستی بەو بەرنامەیە کرد تا ئەو ڕۆژەی پێشتر کە وتی سەرۆکی حکومەت دێتە پەرلەمان».

ئـەو پەرلەمانتارە لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامە، ڕایدەگەیەنێت کە بانگهێشتکردنەکە تەنیا بۆ سەرۆکی حکومەت نەبووە، بەڵکو دەبـوو وەزیـری نـاوخـۆو پێشمەرگەش بهێنرانایە، بـەڵام «وەک سیناریۆیەکی ڕێکخراو، تەنیا سەرۆکی حکومەت هێنرا، پەرلەمانی کوردستاندا سەرۆکی حکومەت بۆ لێپرسینەوەو لێسەندنەوەی متمانە بانگهێشتی پەرلەمان بکرێتو وتی: «بۆیە دەبێت سوپاسی ئـەو پەرلەمانتارانەی ئۆپۆزسیۆن بکەین کە داوای ئەو دانیشتنەیان کردبوو».

بۆیە پەرلەمانتارانی ئۆپۆزسیۆن، بە براوەی سەرەکیی ئەو دانیشتنە دەزانێتو دەڵێت: مێژوویان بۆخۆیان تۆمار کرد، هــەروەک سـەرۆکـی حکومەت بـە بـراوە دەزانێت بەو مانایەی یەکەم سەرۆکە بۆ لێپرسینەوە هاتووەتە پەرلەمان.

### وەڵامەکان «مەتاتی» بوون


پەرلەمانتارانی ئۆپۆزسیۆن، ڕەخنە لـە بـەڕێـوەچـوونـی دانیشتنەکە دەگـرن کە سـەرۆکـی حکومەت بۆ لێپرسینەوە هێنرابوو، بەو پێیەی وەک پێویست ڕێ بە پەرلەمانتارانی ئۆپۆزسیۆن نـەدراوە پرسیار بکەنو بەڵگە بخەنەڕوو، هەروەک ئەوە دەخەنەڕوو کە وەڵامەکانی سەرۆکی حکومەت، مەتاتی بـوونو وەک پێویست وەڵامـی ئـەوانو داخوازییەکانی خەڵکی نەداوەتەوە.

کـاروان، وتی: «سەرۆکی پەرلەمان، ڕێی بە ئێمە نەدا بەڵگەی گەندەڵییەکانو نادادپەروەریی‌و دەستێوەردانو تەخشانو پەخشانی سـەروەتو سـامـانو بێلایەن نەبوونی دادگاکانو ڕێکخستنی حیزبی لەناو دامەزراوەکانی حکومەت بخەینەڕوو، جگە لە بەڵگەی گەندەڵییەکانی ناو ئەنجومەنی وەزیران».

پـێـشـیـوایـە، سـەرۆکـی حـکـومـەت بەشێوازێکی لاستیکی‌و وەک موحازەرە قسەی دەکرد، وتیشی: «چەندین پرسیار



**پەرلەمانتارانی ئۆپۆزسیۆن مێژوویان بۆ خۆیان تۆمارکرد**



**سەرۆکی حکومەت دان بەگەندەڵیی‌و خراپیی ئیدارەو بێدەسەڵاتیدا دەنێت، بەڵام هەنگاوی پێویستی نەناوە بۆ چارەسەری کێشەکان**

ئـەوەبـوو ڕۆژی پێشتریش هەڵوێستمان لەسەر ئەو مەسەلەیە وەرگرت تا بە بڕیاری سەرۆکی پەرلەمان، لە هۆڵی پـەرلـەمـان دەرگامان لەسەر داخرا».

بەبڕوای ئارام قادر، سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامیی، بانگکردنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیـران بۆ لێپرسینەوە بۆ یەکەمجار، ئیجابییە، بەڵام ئەو پەرلەمانتارە باس لەوە دەکات کە لەچاو ئومێدەکانی ئۆپۆزسیۆن نەبوو، دەڵێت: «ئومێدم زۆر کەمبووەوە دوای ئەوە، چونکە چاوەڕوانم دەکرد کە کۆمەڵێک پلانو داتاو بەرنامەی پێبێت بۆ ئارامکردنەوەی دۆخەکەو بە ئاراستەی باشی ببات، بـەڵام بەداخەوە وانەبوو، قسەکانی گشتگیر بوون کە وەڵامی خواستی خۆپیشاندەرانو داوای خەڵکی کوردستان نین».

لەلایەکی دیکەوە، د. دانا سەعید سۆفی، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی کوردستانیی، پێیوایە، دانیشتنەکە تاڕادەیەک ئیجابیی بووە بەو مانایەی یەکەمجارە لە مێژووی هەبوون کە بێوەڵام مانەوە، وەک ئەوەی هێز دەجوڵێنرێت ئەگەر بە ئاگاداری ئەوە، تۆمەتبارەو ئەگەر ئاگادار نییە دەکەوێتە بەرپرسیارێتییەوە، یان بۆ لە تەداخولی حیزب بێهەڵوێست بووەو بێدەنگبووە لە سووتاندنی کەناڵی نالیارو ڕادیۆی گۆڕانو هەڵکوتانە سەر ڕادیۆی دەنگ لە کەلار، یان لەسەر (١٧) خاڵەکەی پەرلەمان کە دەبوو چەند خاڵێکی یەکسەر جێبەجێ بکرانایە».

ئارام قادر، سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵ، هەمان بۆچوونی هەیەو پێیوایە، زۆربەی ئەو پرسیارانەی ئاراستەی سەرۆکی حکومەت کران، بە ڕاشکاوی وەڵام نەدرانەوەو ئەوانەی وەڵامیش درانەوە «مەتاتی‌و گشتگیر بوون، جگە لەوە بەشێکی وەڵامەکانیش دەچوونە خانەی ئومێدو خۆزگە بە داهاتوو، نەک دەستنیشانکردنی میکانیزمی دیاریکراو بـۆ چـارەسـەرکـردن، لەکاتێکدا دەبـوو وەڵامی وردو میکانیزمەکانو کات دیاری بکاتو زانیارییەکان بە شێوەیەکی تەواو بخاتەڕوو».

لەبەرامبەردا د. دانا پێیوایە، سەرۆکی حکومەت وتارێکی پڕلە ڕەوانبێژیی پێشکەش کـردو کۆمەڵێک وەڵامـی ڕیتۆریکئامێزی خستەڕوو، کە ڕەنگە لە مێژووی ڕەوانبێژیی سیاسیدا باس بکرێت لە ئایندەدا، وتی: «وەڵامەکانی هەندێکیان ڕاشکاوانە بوون بەتایبەت کە باسی ڕێگرییەکانی بەردەم چاکسازیی ئەجێندا سیاسییەکانی کرد، بـەڵام هەندێک لە ڕاستییەکانی لەنێو تەمومژو جوانیی ڕەوانبێژیدا شاردەوە، بەتایبەت ئەوەی پەیوەندیی بە سەرپێچییە ئەمنیی‌و ئیجرائاتە یاساییەکان هەبوو».

لای خـۆشـیـەوە، بـورهـان ڕەشـیـد، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان، پێیوایە، لەو دانیشتنەدا سەرۆکی حکومەت، هیچ وەڵامێکی باوەڕپێکراوی نەداوەتەوە «ئەوەی لای من سـەیـرە، ئـەوەیـە کـە سەرۆکی حکومەت دان بەگەندەڵیی‌و خراپیی ئیدارەو بێدەسەڵاتیدا دەنـێـت، بـەڵام هەنگاوی پێویستی نەناوە بۆ چارەسەری کێشەکان، بۆیە پێویستبوو وەک مەسئولیەتێکی قانوونی‌و ئەخلاقی‌و ویژدانی، دەست لەکار بکێشێتەوە».

ئەو جەخت لەوە دەکاتەوە کە وەڵامەکان لە مستەوای پرسیارەکانی پەرلەمانتاران نـەبـوونو بـاس لـەوە دەکـات، وەڵامـی نیوەی پرسیارەکانی ئەوی نەداوەتەوەو ئەوەی تریشی وەڵامەکانی مەتاتی بوون «هیچ شتێکی تـازەی پێنەبوو، بەشێک لە قسەکانیشی جێی ڕەزامەندیی ئێمەی پەرلەمانتار نەبوو، هەندێکجار تەخوینیشی تێدەکەوت، بـەڵام کێشەکە لەوەدایە کە پەرلەمان ئەرکی خـۆی جێبەجێناکاتو هەندێکیان بوونەتە پارێزەری دەسەڵات».


### کـارەسـاتو پـێـشـێـلـکـاریـیـەکـان، شەرعییەتی حکومەت

ڕووداوەکانی (١٧)ی شوباتو ڕۆژانی دواتر، هۆکاری سەرەکیی بانگهێشتکردنەکەی سەرۆکی حکومەت بوون کە تا ئێستا (٨) کوژراو و (٢٠٠) برینداری لێکەوتووەتەوە، جگە لە دەستگیرکردنی دەیـان گەنجو هاوڵاتی بەشداری ئەو خۆپیشاندانانە لە سلێمانی‌و دەوروبەری‌و هەولێر بەبێ بڕیاری دادگا، هەروەها سووتاندنی کەناڵی ئاسمانیی (نالیا) لە سلێمانی‌و بارەگای مەکۆو ڕادیۆو تیڤی (گۆڕان) لە هەولێرو هەڵکوتانە سەر ڕادیۆی (دەنگ) لە کەلار.

بەڵام ئەوانە ئەو پرسیارە سەرەکییانە بوون کە سەرۆکی حکومەت بە ڕاشکاویی‌و بە وردیی وەڵامی نەدانەوە، ئەوەش بووە جێی ڕەخنەی پەرلەمانتارانو هاوڵاتییانی سەر شەقام.

د. دانـا سۆفی، بـاس لـەوە دەکـات کە ئەو خاڵانەی کە لە پـرۆژەی بودجەی ساڵی (٢٠١٠) سەرۆکی حکومەت باسی کرد، باشن، بەڵام بەس نین بۆ چارەسەری کێشەکانو «خەڵکی داوای چاکسازیی بنەڕەتیی دەکەن، من چاوەڕوانی ئەوەبووم کە سەرۆکی حکومەت لە ڕوونکردنەوەکەیدا بەرنامەی چاکسازیی حکومەتیش پێشکەش بکات، کە خۆشم چەند ڕۆژێک پێشتر ئەو داوایەم لێکردبوو، بەڵام بەداخەوە، تا ئێستا حکومەت سیاسەتی چاکسازیی بنەڕەتیی خۆی ڕانەگەیاندووە، ئەوانەی تا ئێستاش کراون هەندێک هەوڵی پچڕپچڕنو ناتوانین ناوی بنێین بەرنامەی چاکسازیی».

چاوپێکەوتن



پاش راستاندنی پەرلەمان لەسەر پرۆژەکانی وەبەرهێنان، جێبەجێکردنی ئەو پرۆژانەو تەندەرینکردنی لە دەسەڵاتی پارێزگاو پارێزگاری هەولێردایە، ئەوەش بووەتە هۆی بڵاوبوونەوەی گەندەڵییەکی بەرفراوان لە فرۆشتنەوەی تەندەرەکان.

# سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان، بە داتاو ژمارە، هۆکاری شکستی کابینەی شەشەم

سازدانی: ڕۆژنامە

**بۆیەکەمجار لەمێژووی حوکمڕانیی هەرێمی کوردستاندا، لەسەر داوای هەرسێ لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکەی هەرێم، سەرۆکی کابینەی شەشەم بۆ لێپرسینەوە لەکەمتەرخەمییەکانی حکومەتەکەی بانگهێشتی پەرلەمان کرا. لەم چاوپێکەوتنەدا کاردۆ محەمەد، سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لەپەرلەمان، بەداتاو ژمارە شکستی کابینەکە دەخاتەڕوو.**

**ڕۆژنامە: یەکەم جارە کە سەرۆکی حکومەت بۆ لێپرسینەوە لەسەر کەمتەرخەمییەکان بانگ بکرێتە بەردەم پەرلەمان. ئایا سەرۆکایەتیی پەرلەمان لەسەرەتاوە بە چ نیازێک د. بەرهەم ویستی بێتە پەرلەمان، وەک بانگهێشتو گفتوگۆ، یان وەک لێپرسینەوە؟**

* دوای ڕووداوەکانی (٢/١٧)، ئۆپۆزسیۆن بە ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان بە مەبەستی لیپرسینەوە، داوای بانگهێشتی سەرۆکی حکومەتو وەزیری پێشمەرگەو ناوخۆی کرد، سەرەتا ویسترا بەنیازی ڕوونکردنەوە، بانگهێشتی پەرلەمان بکرێت، نەک لێپرسینەوە، بۆیە کاتێک باسی بانگهێشتی سەرۆکی حکومەت کرا، ئێمە هەرسێ لایەنی ئۆپۆزسیۆن، پێداگیریمان کرد، ئەگەر بۆ لێپرسینەوە نەبێت، ئامادە نین بەشداریی دانیشتنەکە بکەینو لە کۆتاییدا داواکارییەکەمان پەسەند کرا.

**ڕۆژنامە: پێتانوایە کە ئەمە دەستکەوتی ئێوەیە وەک ئۆپۆزسیۆن؟**

* ئەمە وەک دەستکەوت دانانرێت، چونکە ئەرکێکی یاسایی پەرلەمانە کە چاودێریی حکومەت بکات، بەڵام لە وڵاتی ئێمەدا مۆدێلی حوکمڕانی دامەزراوەیی نییە کە سەرچاوەی سەرەکی کێشەکانیشە، پەیوەندییەکی دروستیش لەنێوان دامەزراوەکان نییەو بڕیارەکان لە دەرەوەی دامەزراوەکان دەدرێنو کەموکورتییەکان حیزب پەردەپۆشیان دەکات، لە ئەنجامدا پەرلەمانیش وەک دامەزراوێکی نیشتمانیی هەڵبژێردراو دەستەوەستانە لە ئەدای ئاسایی خۆی، بۆیە بانگهێشتکردنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بۆیەکەمین جار لەژێر فشارو داوای ئۆپۆزسیۆن بە دەستکەوت دەبینرێت.

**ڕۆژنامە: بۆچوونت سەبارەت بە وەڵامەکانی سەرۆکی حکومەت چۆن بوو، ئایا ئێوەی قانع کرد لەبەرامبەر ئەو ڕەخنەو پرسیارانەی ڕووبەڕووتان کردەوە؟**

* وەڵامەکانی بەڕێز، سەرۆکی حکومەت لەبەرامبەر ئەو ڕەخنەو پرسیارانەی ئۆپۆزسیۆن ڕووبەڕوویان کردەوە، وەڵامەکانی ڕۆشنو قەناعەتپێهێنەر نەبوون، زیاتر لەبازنەی وشەسازیی و جەختکردنەوە لەسەر نیازو هەوڵ دەخولانەوە، دەرخستنی ئەستۆپاکیی کەسی، نەک هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی و کاری عەمەلی، لە وەڵامەکانیدا خۆبواردن دەبینراو بە شێکی دەخستە ئەستۆی رابردوو، بە شێکی تری تەگەرەکانی بەردەمی، بۆیە نەیدەتوانی بڕوامان پێبهێنێت کە حکومەت هیچ میکانزمێکی دانابێت بۆ پێشگرتن لە پێشێلکارییەکانو ڕێکارەکانی بەرپرسیارێتیو سزادان.

**ڕۆژنامە: بۆچوونی چاودێران وایە کە فراکسیۆنی کوردستانی، وەک متمانەپێدەری کابینەی شەشەم، بۆچوونو پرسیارەکانیان لەبەرامبەر سەرۆکی حکومەت لەئاستی بەرپرسیارێتی نەبوو، پێتانوایە کە بۆچوونی تەواوی ئەندامانی فراکسیۆنەکە وابوو؟**

* لەگەڵ قەیرانو خراپ بەڕێوەبردنی حکومەت لەهەموو بوارەکانی کارگێڕیی و ئابووریی و داراییو کۆمەڵایەتیی، نەبوونی شەفافییەتو جێبەجێنەکردنی بەڵێنەکانی کە بە خەڵکی کوردستانی دابوو، لە سایەیدا قوڵبوونەوەی زیاتری کێشەکانو ناڕەزاییو هاتنە شەقامی خەڵکی کوردستان زۆرتر، لەم دۆخەدا ئەندامانی فراکسیۆنی کوردستانیی پرسیارەکانیان لەئاستی پێویستدا نەبوون. پەرۆشتر لەسەرۆکی حکومەت، پاساویان بۆ کەمتەرخەمییەکان دەهێنایەوەو ڕاموایە کە ئەگەر هەژموونی حیزبیی نەبێت، بەشێکیان دڵو ویژدانیان لەگەڵ پرسیارەکانی ئێمەدایە، تاکوتەراشیان بەرپرسیارێتیی ڕووداوەکانیان دەخستە ئەستۆی حکومەت، بەڵام لە ئەنجامدا وەکو نەریتی جارانیان، بەبێ جیاوازی دەنگیان بەسەرۆکی حکومەت دایەوەو بەلای منەوە دوای ئەو هەموو ڕووداوە، شکستی حکومەت لەچارەسەرکردنی کێشەکان جێگای سەرسوڕمانە کە بەمشێوەیە پشتیوانی بکرێتەوە.

**ڕۆژنامە: سەرۆکی حکومەت لە وەڵامو ڕوونکردنەوەکانیدا، زیاتر لەسەر ناوچەی ئیداریی سلێمانی قسەی دەکردو زانیاری هەبوو، بۆنموونە دەیوت، لەئیدارەی سلێمانی، ساڵی پار، زیاتر لە ١٧ملیۆن دۆلارم گەڕاندووەتەوە بۆ حکومەت، پێتوایە، ئەمە دەلیلی دوو ئیدارەیی و دوو حکومەتیی نییە کە سەرۆکی حکومەت زانیاری لەسەر هەولێرو دهۆک کەم بێت؟**

* سەرۆکی حکومەت، دەیویست تۆمەت ئاراستەی لایەنی سیاسیی بکات کە گوایە ئەجێندای دابەشکردنی هەرێمی کوردستانیان هەیە. لەڕاستیدا سەرۆکی حکومەت، قەڵەمڕەوی لەسنووری ئیدارەی سلێمانیدایە، بەسەر ئیدارەی هەولێرەوە نییەو هەموو لایەک دەزانن لەکاتی متمانە بەخشیندا بە کابینەی شەشەم، متمانە بە سەرۆکو جێگرەکەی بەخشرا. هەنووکەش درێژکراوەی هەمان کاری دوو ئیدارەییەو بە هاوسەنگیی و ڕێککەوتن نەبێت، نە سەرۆکەکەی، نە جێگرەکەی ناتوانن یەک بڕیار دەرکەن بۆ سەرجەم هاوڵاتییان لەهەرێمدا، بۆیە لەواقیعدا ئەوان دەیانەوێت دابەشکردنەکە بە قانوون بکرێت بە بەڵگەی دەرکردنی چەندین یاسا بۆ یەکخستنەوەی دوو ئیدارەیی، نەتوانراوە هەنگاوی ڕاستەقینە بهاوێژرێتو وەڵامەکانیشی ئاماژەیەکی زەق بوون بۆ بوونی دوو ئیدارەیی لە کرداردا، بەڵام لە ڕووکاردا واپیشان بدرێت کە یەک ئیدارەیە.

**ڕۆژنامە: ئێوە وەک سەرۆکو ئەندامانی فراکسیۆنی گۆڕان، لە ڕەخنەکانتاندا، داوای لێسەندنەوەی متمانەتان لەسەرۆکی حکومەتو کابینەکەی کرد، ئەو پاساوانە چین کە ئێوەی گەیاندە ئەو باوەڕەی متمانە بسەنرێتەوە لە حکومەت؟**

* ئێمە پێمانوایە، سەرەڕای ئەوەی (١٧)ی شوبات هێڵی یەکلاییکەرەوەیە بۆ شکستی حکومەت لە کارنامەو بەرپرسیارێتی یاسایی خۆیدا، کەچی دەبێت ئەو پرسیارە بکەین، بۆچی هاوڵاتییانی کوردستان ڕژانە سەرشەقامەکان بۆ ناڕەزایی دەربڕینو داواکردنی مافەکانیان. دەتوانین شکستی کابینە شەشەم، لەم چەند خاڵەدا کورت بکەینەوە. بەشێکی بە شێوەی هێڵکاریی و داتا ڕوونبکەینەوە کە ئاراستەی سەرۆکی حکومەتمان کرد.



کاردۆ محەمەد

١- لاوازیی سیاسەتی حکومەت لە ئاراستەکردنی وەبەرهێنان: دەبینرێت حکومەت بە ڕێژەی (٩٨٪) پشتەبەستێتە داهاتەکانی نەوتی عێراقو هەرێمی کوردستان لەو بەشەی کە ڕەوانەی دەکاتو داهاتەکەی دەداتە بەغدا، کەچی ڕێژەی بەشداریی کەرتی پیشەسازیی لە پێکهێنانی سەرجەم بەرهەمی نەتەوەییدا (الناتج المحلی الاجمالی) بۆ هەرێمی کوردستان، بریتییە لە (٢٪).

٢ - نەبوونی سیاسەتی حکومەت لە بەرەنگاربوونەوەی گرفتە کۆمەڵایەتییەکانو مامەڵە نەکردن بە داتاو ڕێژەکان، ئەگەر حکومەتێک مامەڵە لەگەڵ ئەو ڕێژانە نەکاتو سیاسەتو ستراتیژو بەرنامەی بۆ بەگەڕ نەخات، گرفتە کۆمەڵایەتییەکان بەسەر یەکدا کەڵەکە دەبن، وەکو: دیاردەی هەژاریی، بێکاریی، قەیرانی نیشتەجێ. لە خوارەوە هەرسێ گرفتی سەرەوە بە داتا نیشاندەدەین:

أ- دیاردەی بێکاریی:

■ کاتێک ژمارەی دانیشتووانی هەرێم بەپێی سەرچاوەی زانستی ئێستا، بریتییە لە (٤,٩٧٥,١٠٥) کەس، بەپێی لێکدانەوەی ماتماتیکی دەردەچێت کە (٢,٨٨٥,٥٦٠) کەس لە هەرێمی کوردستان لە تەمەنی کارکردندان.

■ بەپێی ئامارەکان، ڕێژەی بێکاریی لە هەرێمی کوردستان، (١٨٪)یە، واتە (٥١٩,٤٠٠) هەزار هاوڵاتی لە ئێستادا لە هەرێمی کوردستان بێکارن.

هۆکارەکانی هەڵکشانی بێکاریی لە هەرێمی کوردستان کە حکومەت کەمتەرخەم بووە لە بەرامبەریدا:

■ نەبوونی سیاسەتێکی کاراو تۆکمەی کارپێخستن لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بۆ ئەوانەی لە تەمەنی کارکردندان. ئەوەی ئێستا وەزارەتی کار لەو بوارەدا ئیشی پێدەکات، ڕەنگە کەسێک ئەگەر نووسینگەیەکی تایبەت بەم بوارە دابمەزرێنێتو هەماهەنگی لەنێوان کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەتو ناونووسی بێکاران بکات بەپێی بەهرەی خۆیان، ڕەنگە زۆر لەو وەزارەتە زیاتر کار بۆ خەڵک بدۆزێتەوە.

■ نەبوونی یاسایەکی کاری سەردەمییانە کە بتوانێت بە میکانیزمێکی سەردەمییانە مامەڵە لەگەڵ دیاردەی بێکاریی بکات، ئەوەی تا ئێستا کاری پێ دەکرێت، یاسای کاری عێراقی ژمارە (٧١)ی ساڵی ١٩٨٧ کە بۆ جاری دووەم لە ساڵی ٢٠٠٠دا هەموارکرایەوە. یاسای کار ڕێکخستنی ئەرکو مافەکانە لەنێوان حکومەتو کەرتی تایبەتو هاوڵاتییان، لەو یاسای کارەی سەرەوەدا مادەیەکو بڕگەیەکی تایبەتی بە بیمەی بێکاریی تێدا نییە.

■ لاوازیی کەرتی تایبەت لە ئیستیعابکردنی هێزی کار لە هەرێمی کوردستان، لەبەرئەوەی ئەو کەرتە خۆی لە خۆیدا لە قەیرانێکی قوڵی خۆیدا دەناڵێنێت، تا ئێستا حکومەت نەیتوانیوە بە یاسایەک ئامانجو ئەرکی ئەو کەرتە ڕێک بخات کە ئەویش یاسای (کێبڕکێ)یە، بۆیە دەبینرێت لە غیابی ئەو یاسایەدا، دەرفەتی یەکسان لەبەردەم هاوڵاتییانو سەرمایەداران نییە، ئەو کاتە کێ بەهێزتر بێت، پرۆژە بۆ ئەوە، بۆیە قۆرخکردن لە ئێستادا بووەتە ئەو زەمینەیە کە کەرتی تایبەت لە هەرێمدا تێیدا نەشونما دەکات، نوخبەی حیزبیش، بوون بە شاسواری گۆڕەپانی دروستکردنو وەرگرتنی پرۆژەکان.

ب- دیاردەی هەژاریی:

■ ڕێژەی هەژاریی لە کوردستان لە ئێستادا، نزیکەی (١٠٪)یە.

■ کاتێک ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان بریتییە لە (٤،٩٧٥،١٠٥) کەس، بەپێی ئەو ڕێژەیەی سەرەوە کۆی گشتیی ئەوانەی لەژێر هێڵی هەژاریدان لە هەرێمی کوردستان، بریتییە لە (٤٧٢،٦٣٤) کەس.

■ کۆی گشتیی ئەوانەی لە هەرێمی کوردستان لە ئێستادا بێکارن (٥١٩،٤٠٠) کەسنو ئەوانەی لەژێر هێڵی هەژاریدان (٤٧٢,٦٣٤) کەسن، واتە (٩٩٢,٠٣٤) کەس لەو هەرێمەدا لەژێر زەبری بێکاریی و هێڵی هەژاریدان.

■ واتە (٢٨٪) خەڵکی کوردستان لە هەردوو ڕەگەزی نێرینەو مێینە، بێکارنو لەژێر هێڵی هەژاریدان.

ج- دیاردەی قەیرانی نیشتەجێ:

٣- سندووقی نیشتەجێ کە لە ساڵی (٢٠٠٧) لەلایەن پەرلەمانەوە موسادەقەی لەسەرکرا، بەڵام بە هیچ شێوەیەک نەیتوانی گرفتی نیشتەجێ بۆ ئەو توێژە چارەسەر بکات کە خاوەن کێشەکەیە، وەزیری پلاندانان لە لێدوانێکیدا بۆ ڕاگەیاندن، خۆی دانی پێدانا کە زیاتر خزمەتی چینە دەوڵەمەندەکانی کردووە.

■ تا ئێستا (٤١،٠٠٠) یەکەی نیشتەجێ لەلایەن کۆمپانیاکانی وەبەرهێنانەوە بە هەماهەنگی دەستەی وەبەرهێنان دروستکراوە، بەڵام (کۆی گشتیی پێویستی یەکەی نیشتەجێ لە هەرێمی کوردستان بۆ هاوڵاتییان، بۆ ئەوانەی چەندین خێزان بەیەکەوە دەژینو بۆ ئەوانەی کرێچین، بریتییە لە (٤٦٣,١٥٨) خانوو.

هۆکارەکانی زەقبوونەوەی دیاردەی هەژاریی، واتە ئەو سیاسەتانەی حکومەت پێی هەڵنەستاوە:

■ سیستمی ئابووریی بازاڕ کە سیستمی زاڵی ئابوورییە لە جیهاندا، لەگەڵ دەرهاویشتە باشەکانی دەرهاویشتەی خراپیشی هەیە بەسەر کۆمەڵگادا. سیستمێکی ئابووریی دروستی بازاڕ، ئەوەیە کە کەرتی تایبەت، ئابووریی وڵات بەڕێوەدەبات. حکومەت لەسەرەوە تایبەتمەندە بە وەدیهێنانی هاوسەنگی کۆمەڵایەتی لە ڕێگای (دووبارە دابەشکردنەوەی داهات – اعادە توزیع الدخل- سۆشیال،

*** ڕێژەی بێکاریی لە هەرێمی کوردستان، (١٨٪)یە.**

*** ڕێژەی هەژاریی لە کوردستان لە ئێستادا، نزیکەی (١٠٪)یە.**

بیمەی بێکاریی، تۆڕی پاراستنو یارمەتی کۆمەڵایەتی، گەشەپێدانی ئابووریی کۆمەڵایەتیی هاوسەنگ لەنێوان گوندو شارداو لەنێو گەڕەگە هەژارنشینەکاندا).


■ حکومەتی هەرێم، ئەو ڕۆڵەی نەبینیوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە کاری لەسەر شێواندنی سیمای ئابووریی بازاڕکردووەوهاوسەنگیی کۆمەڵایەتی کردووەتە خێروسەدەقەیەک کە بەشێوەی پارە لەسەر بنچینەی چەمکی ئینتیما دەیبەخشێتە کەسە بێکارو هەژارەکان، بۆیە جیاوازییە جینایەتییەکانی بە شێوەیەکی مەترسیدار قوڵکردووەتەوە.

■ دەبینرێت لە ئێستادا، گرفتە کۆمەڵایەتییەکان پەیتا پەیتا بەسەر یەکدا کەڵەکە بوون بەشێوەی خۆپیشاندانو ناڕەزایەتی خۆیان بەرجەستە دەکەن، بۆیە حکومەتی هەرێم لەپەیڕەوکردنی یاساو ڕێساکانی سیستمی ئابووریی بازاڕ شکستی هێناوەو نەیتوانیوە ئەو ڕۆڵە ببینێت کە هاوسەنگیی کۆمەڵایەتی تێدا بپارێزێت، ئەگەر جۆرە چارەسەرێکیشی هەبێت، ئەوە زیاتر چارەسەرێکی کاتییە.

■ نەبوونی یاسای تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی: ئەو یاسایە لە هەموو وڵاتێکی دامەزراوەییدا، بەپێی پێوەرەکانی خۆی پەیڕەوی لێدەکرێت، کەچی لە هەرێمی




**(١٧)ی شوبات هێڵی یەکلاکەرەوەیە بۆ شکستی حکومەت لە کارنامەو بەرپرسیارێتیی یاسایی خۆیدا**



رێبوار تاڵەبانی: لەماوەی رابردووشدا یەکێتی‌و پارتی لەسەر ئەوە رێکنەکەوتوون کە کێ سەرۆکی کام لیژنە بێت‌و کێ جێگری بێت

### بەهۆی ململانێی حیزبییەوە لە کەرکوک

# شەش ساڵە، (٥) لیژنە لەپشکی یەکێتی‌و پارتی، بەبێ سەرۆکن

**راپۆرتی: شالاو بەهادین**

شەش ساڵە، (٥) لیژنەی کەرکوک بەهۆی ململانێی یەکێتی‌و پارتییەوە بەبێ سەرۆکن‌و ئێستاش جگە لە یەکێتی‌و پارتی، تورکمان‌و عەرەبەکانی کەرکوک رێککەوتوون لەسەر گۆڕانکاریی لیژنەکان‌و کاندیدی خۆیان پێشکەش کردووە.

دوای تێپەڕبوونی شەش ساڵ بەسەر هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکدا، تا ئێستا لیژنەکانی (نەوت‌و غاز، ئەمن‌و ئاسایش، ژنان، پڕۆژەکان، نەزاهە) بەبێ سەرۆکن‌و بۆ چارەسەری ئەوەش، لیژنەیەک پێکهێنراوە بۆ دیاریکردن‌و پێداچوونەوە بە کاری لیژنەکان‌و گۆڕانکاریی لە سەرۆکو جێگرو ئەندامانی لیژنەکان‌و لە ئێستاشدا هەردوو لیستی بەرەی تورکمانی‌و گردبوونەوەی کۆماریی، کاندیدی خۆیان بۆ گۆڕانکارییەکان یەکلاییکردووەتەوەو تەنیا لیستی برایەتیی کەرکوک ماوە کە کاندیدی خۆی بۆ ئەو لیژنانە دیاریی بکات کە بەریدەکەون.

لەوبارەیەوە، رێبوار تاڵەبانی، سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک بە وەکالەت، بە رۆژنامەی راگەیاند: «لەکۆبوونەوەی لیژنەی هەماهەنگی کە لەنێوان هەر سێ لیستە سەرەکییەکەی ئەنجومەنی پارێزگا پێکهاتووە، بڕیاردراوە بە رێکخستنی لیژنەکانی ئەنجومەنی پارێزگا بە گۆڕینی سەرۆکو ئەندامانی لیژنەکان‌و جێگرەکانیان‌و هەردوو لیستی بەرەی تورکمانی‌و گردبوونەوەی کۆماری، کاندیدەکانی خۆیان پێشکەشکردووەوتەنها لیستی برایەتی ماوە کە گۆڕانکارییەکانی ئاراستەی ئەنجومەن بکات».

سەبارەت بە هۆکاری یەکلایینەبوونەوەی لیستی برایەتی لە دیاریکردنی کاندیدەکانی،

> **بەهۆی لاوازیی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکەوە، گۆڕانکاریی بنەڕەتی لەئەنجومەنەکەدا پێویستە**

تاڵەبانی وتی: «هۆکارەکەی ئەو بارودۆخەیە کە لەکەرکوک هەیەو ئەو گۆڕانکارییانەی بڕیارە لە کەرکوک بکرێن‌و بەوهۆیەوە تا ئێستا حیزبە کوردستانییەکان نەگەیشتوونەتە هیچ رێککەوتنێک لەسەر ئەوەی کێ سەرۆکی لیژنەکان‌و کێ جێگر بێت».

رێبوار تاڵەبانی، ئەوەشی نەشاردەوە کە هۆکاری یەکلایینەبوونەوەی سەرۆکی ئەو پێنج لیژنەیەی بەر کورد دەکەون، رێکنەکەوتنی یەکێتی‌و پارتییەو وتی: «لەماوەی رابردووشدا یەکێتی‌و پارتی لەسەر ئەوە رێکنەکەوتوون کە کێ سەرۆکی کام لیژنە بێت‌و کێ جێگری بێت‌و بەرامبەر کام لیژنە بێت».

بەپێی بڕیاری ئەنجومەنیش، «کاری لیژنەکان بەپێکهاتە کۆنەکەیەوە بەردەوام دەبێت تا ئەو کاتەی کاندیدی سەرۆکو جێگرو ئەندامان بۆ پێکهاتەی نوێی لیژنەکان دیاریدەکرێن بە یەک پاکێج‌و دەخرێتە بەردەستی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک بۆ پەسەندکردنی».

لە بەرامبەردا نووسەران‌و رۆژنامەنووسانی شاری کەرکوک، پێیانوایە کە تا ئێستا ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک لە ئاستی داخوازییەکانی خەڵکی شارەکەدا نەبووەو گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە ئەنجومەنەکە بە پێویست دەزانن‌و هاوکات داوای ناساندنی سەرۆکو ئەندامانی لیژنەکە دەکەن بە دانیشتووانی شاری کەرکوک.

رۆژنامەنووس، رێبوار ساڵەیی، بە رۆژنامەی راگەیاند: «بەهۆی لاوازیی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکەوە، گۆڕانکاریی بنەڕەتی لەئەنجومەنەکەدا پێویستە، چونکە تا ئێستا کاری ئەو لیژنانەی کە لە ئەنجومەنەکە دروستکراون، بێبەرنامە بووەو ئەقڵی حیزبی‌و تاکە شەخسی زاڵ بووە بەسەر کاری سەرۆکو ئەندامانی لیژنەکاندا».

وتیشی: «وەکو ئەوەی تا ئێستا لیژنەکان نەناسراو بوون، وا پێویست دەکات لە دیاریکردنی ئەم چەند سەرۆک لیژنەیەو ئەندامانی لیژنەکانی تر بە خەڵکی کەرکوک بناسێرێن بۆ ئەوەی لەکوێ کەمتەرخەمی هەبوو، ئاگاداریان بکەنەوە».



بەپێی رێککەوتنە تازەکەی کوتلەکانی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، لیستی برایەتی، سەرۆکایەتیی هەریەکە لە لیژنەکانی (پرۆژەکان، مادەی (١٤٠)، ئاسایش، پەروەردەو خوێندنی باڵا، پیشەسازیی‌و وزە، ئابووریی‌و دارایی‌و وەبەرهێنان، مافی مرۆڤ‌و ژنان‌و منداڵان)ی بەردەکەوێت لەگەڵ جێگری حەوت لیژنەی دیکەو هەریەکە لەهەردوو لیستی تورکمانی‌و عەرەبیش، سەرۆکایەتی سێ لیژنەیان بەردەکەوێت.

بەپێی زانیارییەکانی رۆژنامە، وا بڕیارە دڵشاد پیرۆت بکرێتە سەرۆکی لیژنەی خزمەتگوزاریی‌و پڕۆژەکان، ئەحمەد عەسکەری بۆ سەرۆکی لیژنەی ئەمنیی‌و ئاسایش، جوان حەسەن بۆ سەرۆکی لیژنەی کاروباری ژنان، رێبوار فایەق تاڵەبانی بۆ سەرۆکی لیژنەی نەوت‌و غاز، هەرچەندە وا بڕیارە گۆڕانکاریی لە کاری چەند لیژنەیەکدا بکرێت.

لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکدا کە لە کانوونی دووەمی ساڵی (٢٠٠٥) بەڕێوەچوو، لیستی برایەتیی کەرکوک کە لە ژمارەیەک حیزبی کوردستانیی پێکهاتووە، (٢٦) کورسی‌و لیستی تورکمانی (٩) کورسی‌و لیستی عەرەبی (٦) کورسییان لەکۆی (٤١) کورسی ئەنجومەنەکە بەدەستهێنا.

### حکومەتی محەلی کەرکوک لەبەردەم گۆڕانکارییەکانی یەکێتی و پارتیدا

# هەڵسوڕاوێکی گۆڕان: سەرگەرمی ئامادەکردنی پرۆژەیەکین و پێویستە شەقامیش رۆڵی هەبێت

**راپۆرتی: هاوڕێ عەبدوڵڵا**

هاوکات لەگەڵ زیادبوونی شەپۆلی نارەزایی دانیشتووانی کەرکوک، لایەنە سیاسییەکانی شارەکە لە گفتوگۆدان بۆ گۆڕانکاریی لە پۆستە ئیدارییەکاندا، هەڵسوڕاوێکی گۆڕانیش لە کەرکوک بە پێویستی دەزانێت، گۆڕانکارییەکان بە رەزامەندیی هەموو لایەنەکان بێت.

لە رۆژی (٢/٢٥) دا لە چەند ناوچەیەکی پارێزگای کەرکوک خۆپیشاندانی جەماوەریی ئەنجامدراو بەشی زۆری فەرمانگە حکومییەکانی ئەو ناوچانە لەلایەن خۆپیشاندەرانەوە سووتێنران‌و دوای مەترسی پەلاماردانی شاری کەرکوک، هێزی پێشمەرگە رەوانەی شارەکە کراو هاوکات (٨) پارت‌و لایەنی سیاسیی کوردی لە کەرکوک لە ماوەی چەند رۆژی رابردوودا دوو کۆبوونەوەیان ئەنجام داوەو بڕیارە لیژنەیەک پێکبهێنرێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان‌و ئەنجامدانی گۆڕانکاریی لە پۆستە ئیدارییەکان.

مەلا فەرمان محەمەد، هەڵسوڕاوی گۆڕان لە کەرکوک ئەوە دەخاتەڕوو، ئەوان لە بزووتنەوەی گۆڕان لە سۆنگەی بەرپرسیارێتی نیشتمانییان بەرامبەر بە کەرکوک، کاتێک هەستیان بە مەترسی رەوشی کەرکوکو پیلانێک بۆ شارەکە کرد، دەستپێشخەرییان کردو لە رێگەی پارێزگاری کەرکوکەوە داوای دانیشتنێکی لایەنە سیاسییە کوردییەکانیان کردو داواکارییەکە قبوڵ کرا، دواتر (٨) پارتی سیاسیی کوردی دوو کۆبوونەوەیان ئەنجام داوەو بڕیاریشە کۆبوونەوەی تر بکەن.



> **دەبێت یەکێتی‌و پارتی دەست لە دابەشکردنی پۆستەکانی کەرکوک لەسەر بنەمای حیزبیی هەڵبگرن**

بە وتەی هەڵسوڕاوەکەی گۆڕان لایەنە سیاسییەکان رێکەوتوون لەسەر پێکهێنانی لیژنەیەکی هاوبەش بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی شارەکە.

ئەوەشی خستەڕوو، بزووتنەوەی گۆڕان لەو کۆبوونەوانەدا پێشنیازی کردووە (لیژنەیەک لە هەموو پارتە سیاسییەکان‌و کەسانی سەربەخۆو رۆشنبیر پێکبهێنرێت، بۆ پەیوەندیکردن‌و گفتوگۆکردن لەگەڵ پێکهاتەکانی تورکمان‌و عەرەب، بۆ ئەوەی پێکەوە پۆستەکان دابەشبکرێتەوە، هەروەک کارکردن بۆ یەکخستنەوەی ئەو دەزگایانەی کە دوو ئیدارەیی دروستیکردوون‌و لەژێر فەرمانی حیزبدا بوون، هەروەها ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکو قەزاو ناحیەکان‌و فشارخستنە سەر حکومەت بۆ جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠)، بڕیارە لیژنەکە پێکبهێنرێت.

بەپێی چەند زانیارییەک، یەکێتی‌و پارتی رێکەوتوون لەسەر گۆڕانکاریی لە پۆستەباڵاکانی کەرکوکداو بڕیاردراوە کە عەبدولڕەحمان مستەفا، پارێزگاری کەرکوک لە پۆستەکەی لاببرێت‌و د.نەجمەدین کەریم شوێنی بگرێتەوە، هەروەک رزگار عەلی، سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک کە لە ئێستادا مۆڵەتی وەرگرتووە، لە پۆستەکەی لاببرێت‌و تورکمانێک لە شوێنەکەی دابنرێت، جگە لەوەش یەکێتیی رازیبووە پۆستی بەڕێوەبەری پۆلیسی کەرکوک بدرێتە پارتی. هاوکات لەگەڵ ئەو دەنگۆیانەدا، خەڵکی کەرکوک گۆڕانکاریی لە پۆستەکاندا بە پێویست دەزانن.


مەلا فەرمان، ئاماژە بەوە دەکات، پێویستە گۆڕانکاری لە پۆستە ئیدارییەکانی کەرکوکدا بکرێت، چونکە زیاتر لە حەوت ساڵە بەرپرسانی شارەکە نەگۆڕاون‌و لە هەمانکاتداگوزەرانی دانیشتووانەکەی زۆر خراپەو گەندەڵییەکی زۆر هەیەو ئەو بەرپرسانەی ئێستا ئاگایان لە خەڵک نەماوە، بۆیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، پێویستە هەنگاوی یەکەم بەرپرسانی ئیداریی شارەکە بگۆڕدرێن، چونکە کێشەکانی کەرکوک زۆر ئاڵۆزن‌و ئەوەی کە کێشەکانی ئاڵۆزترکردووە ئیدارەی شارەکەیە.

وتیشی: «دەرکەوت سیاسەتی رابردووی یەکێتی‌و پارتی لە کەرکوک سیاسەتێکی فاشل بووەو هۆکارێکی سەرەکی ئاڵۆزبوونی رەوشی کەرکوک بووە، ئەو بارودۆخەی ئێستا لە کەرکوک دروستبووە، دەرئەنجامی هەڵە سیاسییەکانی حەوت ساڵی رابردووی یەکێتی‌و پارتییە، چونکە بەهۆی ئەو سیاسەتەوە تورکمان‌و عەرەب پشتیوانی لە کێشەی کورد ناکەن.

مەلا فەرمان، بە پێویستی دەزانێت، دابەشکردنی پۆستەکان لەسەر تواناو لێهاتوویی بێت، «دەبێت یەکێتی‌و پارتی دەست لە دابەشکردنی پۆستەکانی کەرکوک لەسەر بنەمای حیزبیی هەڵبگرن، چونکە ئێمە رێکەوتووین کە دەبێت لێرەوە لەسەر بنەمای کەفائەت‌و لێهاتوویی پۆست بە خەڵک بدرێت‌و کە لە مەودوا ئەو لیژنەیە خاوەن بڕیار بێت، پێویستیشە ئەو گۆڕانکارییانە بە لێکتێگەیشتن‌و رەزامەندیی هەموو لایەن‌و پێکهاتەکان بێت».

گۆڕان کە لە هەڵبژاردنی (٣/٧) دا نزیکەی (٤٠) هەزار دەنگی بەدەستهێنا، لە ئێستادا رۆڵێکی کاریگەری هەیەو وەک هەڵسوڕاوەکەی گۆڕان ئاماژەی بۆ دەکات، ئێستا گۆڕان لە کەرکوک هێزێکی کاریگەرەو خاوەنی جەماوەرێکی بەرفراوانە، تا دێت جەماوەری ئێمە لە کەرکوک زیاتر دەبێت، بۆیە بۆ چاوخشاندنەوە بەو سیاسەتە هەڵەیەی کە کورد لە کەرکوک پیادەی کردووە، ئێمە پێمانباشبوو پێکەوە گفتوگۆ بکەین‌و واقعییانە کێشەکە چارەسەربکرێن، ئێستاش لەگەڵ هەریەک لە کۆمەڵ‌و یەکگرتوو لە گفتوگۆداین بۆئەوەی پێکەوە پرۆژەیەک بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کەرکوک ئامادە بکەین.

سەبارەت بە داخوازییەکانی هاوڵاتییان ئەوە دەخاتەڕوو، «جگە لە هێزی دەسەڵات‌و هێزی ئۆپۆزسیۆن، هێزی سێیەم دروستبووە، کە ئەویش هێزی شەقامەو ئەو هێزە قورساییەکی زۆی هەیە، ئێمە لە گۆڕان پێداگریمان کردووە کە دەبێت هێزی شەقامیش لە بڕیارەکاندا رۆڵی هەبێت، دەبێت داواکارییەکانی خەڵک جێبەجێ بکرێن».



## هەڕەشەی کوشتن لە ستافی ماڵپەڕی ستاندەر دەکرێت

**ڕۆژنامە**: چەند ڕۆژێکە هەڕەشەی کوشتن، لە ستافو پەیامنێرانی ماڵپەڕی ستاندەر دەکرێت کە پێگەیەکی ئەهلییەو بەڕێوەبەری نووسینی ماڵپەڕەکەش دەڵێت: «بەردەوام دەبین لەسەر دەرخستنی ڕاستییەکان».

لە ڕوونکردنەوەیەکی ماڵپەڕی ستاندەردا، کە ڕۆژی (٢/١٣) بڵاوکراوەتەوە، هاتووە: «چەند جارێک لە ڕێگەی ئیمەیڵەوە، هەڕەشەی کوشتن لە ستافی ستاندەر کراوەو پێمان ڕاگەیەنراوە، کە ئەگەر بەردەوام بن لەو هەڵانە، ئەوا دەتانکەین بە قوربانی چەند فیشەکێکو وەکو سەردەشت عوسمان، بەرێتان دەکەین».

ئالان سدیق، بەڕێوەبەری نووسینی ماڵپەڕەکە، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «پێگەی ستاندەر، بووەتە مینبەرێک بۆ دژایەتیکردنی گەندەڵیو دەرخستنی ڕاستییەکانو ڕاماڵینی پەردەی شاراوە لەسەر سەرجەم بەرپرسە گەندەڵەکان، لەو سۆنگەیەوە هەڕەشە لە گیانی ستافی پێگەکە دەکرێت».

# «پەرلەمان پاشەکشەی کرد لە ئاستی داخوازییەکانی جەماوەردا»

ڕاپۆرتی: شارا عەبدولڕەحمان

ژمارەیەک لە پەرلەمانتاران پێیانوایە: کە پەرلەمان لە ئاست جێبەجێکردنی داخوازییەکانی جەماوەردا پاشەکشەی کردووە، بە تایبەتیش لەدوای جێبەجێ نەکردنی بڕیارە (١٧) خاڵییەکەو هەڵوەشاندنەوەی لیژنە پەرلەمانییە تایبەتمەندەکە، بەبێ ئەوەی ئەنجامێکی ڕوون بدەن بەدەستەوە.

دوای چەند ڕۆژێک لە دەستپێکردنی خۆپیشاندانەکان، پەرلەمانی کوردستان هاتە سەرخەتو لیژنەیەکی بۆ گوێگرتن لە خۆپیشاندەران پێکهێناو داخوازییەکانیانی گەیاندە هۆڵی پەرلەمان، دوای گفتوگۆکردنیش لەسەریان، پەرلەمان بڕیاری ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠١١)ی بۆ دەرکرد، کە لە (١٧) خاڵو بڕگە پێکهاتبوو، بەڵام دوا بەدوای ئەم هەنگاوانە پەرلەمان جۆرێک لە سستبوونەوەی پێوە دیاربوو، چ لە بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی کە لێپرسینەوەی جدیی بوو لە حکومەتو چ لە بەدواداچوونی جێبەجێ نەکردنی بڕیارە (١٧) خاڵییەکەی لە لایەن حکومەتەوە، هاوکات لیژنە پێکهاتووەکەی پەرلەمانیش بەبێ ئەوەی ئەنجامێکی دڵخۆشکەر بە هاوڵاتییان ببەخشێت خۆی هەڵوەشاندەوە.

بیلال سلێمان، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامیی پەرلەمانی کوردستان ئاماژەی بەوەدا، کە یەکەمجار پێیانوابوو پەرلەمان بە جدیی هاتووەتەپێشو دەیەوێت بەدواداچوون بۆ داخوازییەکانی جەماوەر بکات، تەنانەت دوای ئەوەی کە ڕاپۆرتی لیژنەکەش هاتەوە گەرموگوڕیی هەبوو، بەڵام لە ئێستادا هەست دەکرێت پەرلەمان لە پاشەکشێدایەو بۆ ڕۆژنامە وتی: «پێموایە پاڵپشتێکی سیاسیی هەیە لە پشت پەرلەمانەوە کە دەیەوێت دەستی دەستی بەداواکارییەکانی خەڵکەوە بکات، داواکارییەکانی خەڵک بە شەرعیی نەناسێنێتو وشەکانی پێمان باشە، یان پشتیوانیی دەکەین، کە لەلایەن پەرلەمانەوە دەوترێن نابنە ئیش، بە داخەوە تائێستا ئەو داواکارییانەی کە هاوڵاتییان ناردوویانە تەنیا لەسەر کاغەز نووسراوەو هیچ هێزێکی یاسایی وەرنەگرتووە، ئەمەش پاشەکشێی پەرلەمانە».

> پێویست بوو پەرلەمان لەم چەند ڕۆژەدا جۆرێک لە بڕیاری پابەندبوون دەربکات بۆ سەرۆکی حکومەت و هەموو وەزارەتەکان

بە بڕوای ئەو پەرلەمانتارەی ئۆپۆزسیۆن لە ئێستادا پەرلەمان بەرپرسیارێتییەکی مێژوویی لەسەر شانە، کە پێویستە هەرچی زووە بەجێی بگەیەنێت، «ئەگەرنا پەرلەمان دەبێتە پەرلەمانێکی بێ ماناو هیچ وجودی نامێنێت».

بە پێچەوانەوە پەرلەمانتارێکی حیزبی شیوعی کوردستان هاژە سلێمان، بۆ ڕۆژنامە وتی: «من پێموانییە کە پەرلەمان پاشەکشێی کردبێت لەو بڕیارو ئیشو کارەی کە کردوویەتی، چونکە بڕیاری دەرکردووەو لیژنەی بۆ داخوازییەکانی خۆپیشاندەران دروستکردووە، بەڵام ئەوەی کە جێگەی داخە ئەوەیە کە نەتوانرا ڕێکەوتن لەسەر چۆنیەتی جێبەجێکردنی داخوازییەکان بکرێت، چونکە لە کاتی گفتوگۆکردن لەنێوان سەرۆکی فراکسیۆنەکاندا، نەتوانرا بگەنە ڕێکەوتنێک تاکو ڕاپۆرتی کۆتایی بۆ پەرلەمان ئامادە بکەین».

بەدەنگەوەهاتنی پەرلەمان بۆ گوێگرتن لە شەقام، بە بڕوای پەرلەمانتارێکی گۆڕان دیوی ڕاستەقینەی پەرلەمان نەبوو، «بەڵکو ئەوە دەنگی شەقام لەدەرەوەو ئۆپۆزسیۆن لەناو پەرلەماندا بوو کەوایکرد پەرلەمان هەندێک هەنگاو بۆ ئەو مەبەستە هەڵبێنێت».

ئاشتی عەزیز، پەرلەمانتار پێیوایە؛ «پاشەکشەی پەرلەمان لە بەجێگەیاندنی داخوازییەکانی خۆپیشاندەران وایکرد، کە پەرلەمان لە دۆخە ڕاستەقینەکەی خۆیدا ببینرێت، دۆخی ڕاستەقینەی پەرلەمانیش ئەوەیە، کە دەسەڵاتی نییە بەسەر چاکسازیکردنو هەنگاونان بۆ باشترکردنی بارودۆخەکە، ئەو چەند هەنگاوەش کە لە سەرەتای بابەتەکەدا پەرلەمان نای، بە فشاری شەقام بوو، کە پەرلەمانی ناچار کرد کە بێتە پێشەوە، هەم فشاری ئەو ئیرادەیە بوو کە لەناوەوەی پەرلەماندا هەیە، کە بریتییە لە ئۆپۆزسیۆنو دەرکەوت ئیرادەی زۆرینە نییە کە دەیەوێت دایەلۆگ بکات لەگەڵ ئەندامانی کۆمیتەی سەرشەقامدا، بۆیە ڕووە ڕاستەقینەکەی پەرلەمان دەرکەوت».

لە ئێستادا پەرلەمان هەموو پێداویستیو وەڵامدانەوەکانی خەڵکی خستووەتە گۆڕەپانی حکومەتەوە، بەڵام وەک لە بانگهێشتکردنی سەرۆکی حکومەتدا بۆ پەرلەمان بینرا کە سەرۆکی حکومەت وەڵامی لاستیکییو جۆرێک لە خۆدزینەوەی لە وەڵامەکان لەگەڵ پەرلەمانتاران بەکارهێنا، هەربۆیە ئاشتی پێیوایە کە پێویست بوو پەرلەمان لەم چەند ڕۆژەدا جۆرێک لە بڕیاری پابەندبوون دەر بکات بۆ هەموو وەزارەتەکان بۆ خودی سەرۆکی حکومەتیش، نەک بە ڕاسپاردە قسەی لەگەڵ بکات، وتیشی: «بەداخەوە ئیرادەی حیزبو پەیوەندییو پەرژەوەندییە حیزبییەکان لەنێوان حکومەتو پەرلەماندا ئەوەندە گەورەیە بڕوام وایە، نە حکومەت بتوانێت لەدەرەوەی حیزب ڕستەیەکی هەبێت بۆ چاکسازیی ڕاستەقینە، نە پەرلەمانیش بەم تێوەگلانەی لیستی زۆرینەو بەم ڕێکارە یاساییە تەقلیدییەی کە بەکاری دەهێنێت بۆ خنکاندنی دەنگی ئازاد لە پەرلەماندا، بتوانێت ئیرادەی ڕاستەقینەی هەبێت لەدەرەوەی کۆنترۆڵی حیزب».

د.دانا سەعید سۆفی، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی کوردستانیی لەو بارەیەوە بۆ ڕۆژنامە وتی: «بارودۆخی سیاسیی لە کوردستان وایکردووە کە پەرلەمان نەتوانێت بە باشی ڕۆڵی خۆی بگێڕێتو ئەو ئەرکانەی لەسەر شانیەتی نەتوانێت وەکو پێویست ئەدای بکات».



# پەرلەمانتار سەباح بەرزنجی، هۆکاری هەڵوەشاندنەوەی لیژنە پەرلەمانییەکە ئاشکرادەکات

سازدانی: هەنگاوهاشم

**د.سەباح بەرزنجی، سەرۆکی لیژنە تایبەتەکەی پەرلەمان بۆ گوێگرتن لە داخوازیی خۆپیشاندەران هۆکاری هەڵوەشاندنەوەی لیژنەکەی ئاشکرا دەکاتو ئاماژە بەوەش دەکات: کە لیستی کوردستانیی لە میانی ڕاپۆرتێکدا لەسەر قسەکردن لەسەر ڕەشنووسی دەستوور قایل نەبوون.**



**ڕۆژنامە: بۆچی لیژنە تایبەتەکەی پەرلەمان بۆ گوێگرتن لە داوای خۆپیشاندەران، کە بەڕێزت سەرۆکی بوویت هەڵوەشایەوە، بەربەستەکانی بەردەمی چی بوون؟**

* ئەو لیژنەیە کە پێکهێنرا بۆ وەرگرتنی داواکارییەکانی خۆپیشاندەران، لەسەر خواستی هەموو لیستەکانی پەرلەمان بوو، داوی ئەوەی کارەکانمان ئەنجامداو ڕاپۆرتمان نووسیو داواکارییەکانی خۆپیشاندەرانمان وەرگرتو هێنامانەوە بۆ پەرلەمان، بینیمان ئەوەی ئێمە دەمانەوێت ئەو ڕاپۆرتەیە بخرێتە بەردەمی پەرلەمانی کوردستانو بڕیاری پێویستی لەسەر بدرێت، بەڵام دانیشتنەکان هەر دوادەخرا، بۆیە بە پێویستمانزانی کارەکەمان کۆتایی پێ بێنینو لەوە زیاتر ئەم خەڵکە چاوەڕێی ئێمە نەبن، هەستمان کرد مانایەک لە مانەوەی ئێمە نەماوە لەم لیژنەیەداو سەرۆکایەتی پەرلەمان دەیەوێت ڕەزامەندیی هەموو لیستەکانی لەسەر بێت، لە لیژنەکەدا نوێنەری سەرجەم لیستەکانی تێدابوو، دوای ئەوەی ڕاپۆرتێکمان لەگەڵ لیژنەی یاسایی ئامادەکردو بردمانە لای سەرجەم فراکسیۆنەکان، هەموویان بە تێبینییەوە لەسەری ڕازیبوون، تەنیا لیستی کوردستانیی نەبێت.

**ڕۆژنامە: بۆچی لیستی کوردستانیی ڕازی نەبوو لەسەر ڕاپۆرتی لیژنەکەتان؟**

* لیستی کوردستانیی لەسەر یەک وشە ڕازی نەبوو، کە ئەو وشەیەش قسەکردن بوو لەسەر ڕەشنووسی دەستوور، کە باس لە دیالۆگی نیشتمانیی دەکرێتو پێویستە تێیدا باس لە هەموو یاساکانو ڕەهەندە سیاسییەکان بکرێت، بۆنموونە یاسای خۆپیشاندانو هەڵبژاردنی پارێزگاکانو یاسای دەستەی هەڵبژاردنەکان، بۆیە لیستی کوردستانیی ڕازی نەبوو و ئۆپۆزسیۆنیش جەختی دەکردەوە کە دەبێت تێیدا بێت، پێویست نەبوو لیستی کوردستانیی داواکاریی هەبێت، چونکە خۆی لەناو دەسەڵاتەو هەموو جومگە گرنگەکانی دەسەڵاتی بەدەستەو با جێبەجێی بکات.

**ڕۆژنامە: لە ماوەی دەستبەکاربوونی لیژنەکەتاندا چیتان بەدی کرد؟**

* هەستمان بەوە کرد هەندێک لە هاوڵاتییان داخوازیی سیاسییان هەیەو هەندێکی تریش داخوازیی خزمەتگوزارییو ئابووریی‌و چاکسازیی بنەڕەتییان هەیە، بۆیە پێمانوابوو؛ خۆپیشاندەران داخوازییەکانیان فراوانترە لە داخوازیی لایەنە سیاسییەکان، بەڵام داخوازیی لایەن سیاسییەکانیش جیاواز نییە لە داخوازیی خەڵک، چونکە خۆپیشاندانەکەش جەماوەری هەموولایەنەکانی تێدا بوو، بە پارتیو یەکێتیشەوە، واتە ئەم جەماوەرە بچووککراوەی هەموو خەڵکی کوردستان بوو.

**ڕۆژنامە :پێتانوایە دەسەڵات داواکارییەکانی خۆپیشاندەرانی جێبەجێ کردووە؟**

* ئەگەر حکومەت ئەو داواکارییانەی جێبەجێ بکردبایە قازانجی دەکردو خەڵکی لە خۆی ڕازی دەکردو ئەگەر تەنانەت هەنگاوێکی عەمەلیی بنرایە بۆ جێبەجێکردنی داواکارییەکان، ئەو جەماوەرە لە سەرای ئازادیی سلێمانی بەرەو فراوانتر نەدەچوو، قسەکانی سەرۆکی حکومەتیش لە پەرلەماندا بەوە دەچوو کە دەسەڵاتی نەبێت وەکو خۆی دانی پێدادەنا کە هەندێ ناوەندی هێز هەیە لەناو حیزبەکاندا لەو بەهێزترن، بۆیە دەبێت سەرۆکی حکومەت ئەو ئازایەتییەی هەبێت کە سنووری دەسەڵاتەکانی تا کوێیەو گەر زانی دەستی ناڕوات پێویستە بڵێ؛ من دەسەڵاتم نییە، بۆیە لەسەر ئەو بنەمایە واز لە پۆستەکەم دێنم.

**ڕۆژنامە: پێتانوایە خۆپیشاندەران متانەیان بە دەسەڵات ماوە، لەگەڵ ئەوەی لەم بارودۆخەدا چەندین بەڵێنو بڕیار دراوەو جێبەجێ نەکراون؟**

* خۆپیشاندەران خەڵکانێکی هۆشیارنو داواکاریی دیاریکراویان هەیەو ئەگەر ببینن حکومەت بڕیارەکانی جێبەجێ کردووە، ئەوا هەست دەکەن ئامانجەکانیان هاتووەتە دی، بەڵام کە دەبینن حکومەت هەر قسەکانی دوێنێ دەکات، هیچ هەنگاوی کرداریی نانێت، هەربەردەوام دەبن لە خۆپیشاندان.

**ڕۆژنامە: دەستی دەرەکیی لەناو خۆپیشاندانەکاندا هەیە، وەک هەندێک باسی لێوە دەکەن؟**

* پێموایە ئەو خەڵکەی هاتوونەتە سەر شەقام ئامادەنین بە بڕیاری هیچ لایەنێک بڕۆنەوە، یان بێنە دەرەوە.

**ڕۆژنامە: ئەگەر هەرسێ سەرۆکایەتییەکەی هەرێم لە بەردەمی خۆپیشاندەراندا ئامادەبوونایە زیاتر لێکتێگەیشتن دەبوو؟**


* بێگومان لە هیچ شوێنێکی دونیا پەرلەمان ناچێت گفتوگۆ لەگەڵ خۆپیشاندەراندا بکات، بەڵکو دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەچێت کە لە ئێستادا لە هەرێمی کوردستان سەرۆکایەتی هەرێمو سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانە، ئەم دوو لایەنە بە پلەی یەکەم پەیوەندیدارن لە وەڵامدانەوەی خۆپیشاندەراندا، پەرلەمان لەسەریەتی یاسا دابنێتو چاودێریی بکات، بەڵام خەڵک داخوازیی هەنووکەیی هەیەو پێویستە دەسەڵاتو خودی وەزیرەکان جێبەجێی بکەن.

> لە هیچ شوێنێکی دونیادا پەرلەمان ناچێت گفتوگۆ لەگەڵ خۆپیشاندەراندا بکات، بەڵکو دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەچێت

**ڕۆژنامە: هەست ناکرێت دەسەڵات سست بێت لەسەر جێبەجێکردنی داواکارییەکانی خەڵک؟**

* بێگومان دەیبینینو دەیبیستینو هەستی پێدەکەین، دەسەڵات سستە لەسەر جێبەجێکردنی داواکارییەکانی خۆپیشاندەران کە بەشێک لە داوکارییەکان کاتی ناوێت، ئەنجومەنی وەزیران دەتوانێت کۆببێتەوەو کۆمەڵە بڕیارێک دەربکاتو دابەشی سەر وەزارەتەکانو دامودەزگاکانی بکات، بەڵام ئەنجومەنی وەزیران کۆبوونەوەیەکیش چییە نایکات، ئەم کەموکورتییانەش کە ئێستا هەن بەشێکی زۆری بۆ ساڵانی ڕابردوو دەگەڕێتەوە، کە بەشێکی دوو ئیدارەییەو لەنێوان هەردوو حیزبی دەسەڵاتو دوای ڕووخاندنی ڕژێم بودجەیەکی زەبەلاح هاتە هەرێمەو لەنێوان خۆیاندا بەشیان کرد، ئەم بودجەیە تەرخانکرا بۆ خزمەتی دوو حیزبو لە ئەنجامدا بەشێکی زۆری خەڵک لە داهاتی وڵاتەکەیان بێبەش بوون، بۆیە بێکارییو ناعەدالەتییو گرانیی پەیدا بوو.

ڕاپۆرت



ئاسۆس هەردی: دروشمی ئازادیی ڕۆژنامەگەریی کە حیزبە دەسەڵاتدارەکان هەمیشە باسی دەکەن، لە کاتی قەیرانەکاندا دەردەکەوێت

# ڕۆشنبیرانی هەولێر ئیدانەی دژایەتیکردنی خۆپیشاندان دەکەن

ڕاپۆرتی: بەرزان و هەنگاو



چاودێرانی سیاسیو چالاکوانانی کۆمەڵی مەدەنیی لەپارێزگای هەولێر، ئیدانەی هەنگاوەکانی دژە خۆپیشاندانی دەسەڵات لە هەولێر دەکەن.

دوابەدوای خۆپیشاندانەکانی (٢/١٧)ی سلێمانیو کپکردنەوەی هەوڵێکی خۆپیشاندانی هاوشێوە لەشاری هەولێر کە بە دەستگیرکردنو لێدانی هاوڵاتییان کۆتاییهات، ڕۆشنبیرانی ئەو شارە نیگەرانن لە بڕیارەکانی پەرلەمانو هەنگاوەکانی حکومەت بۆ جێبەجێکردنی داواکاریی خۆپیشاندەران.

هۆگر چەتۆ، چالاکوانی کۆمەڵی مەدەنیی لە هەولێر، پێیوایە، هەنگاوەکانی کە حکومەت ناونی لەچوارچێوەی داواکاریی هاوڵاتییاندا نین، بەوپێیەی تا ئێستا حکومەت نەیتوانیوە متمانەی خۆی بگەڕێنێتەوە بۆ هاوڵاتییان، بۆیە خۆپیشاندانو نارەزایی بەردەوام دەبێتو هۆکاری هەنگاونەنانی دەسەڵاتیشی بۆ داواکارییەکان، بۆ دوو هۆکار دەگەڕێنێتەوەو دەڵێت: «حکومەت، پاشخانی کۆمەڵێک سلبیاتو پرکەموکوڕییە کە بڕیاردان لەسەر چاکسازیی بەشێکە لە کفندوورین بۆ سیستمەکە، هەروەها دیموکراسی لەقۆناغی گواستنەوەدایەو دەسەڵات واهەست دەکات، ئەم داخوازییانە تەنیا داوای ئۆپۆزسیۆنن».

ئەو چالاکوانەی کۆمەڵی مەدەنیی، وتیشی: گومان لەوەدا نییە کە خۆپیشاندانەکانی هەرێمی کوردستان بەرەو فراوانبوون دەچن، کە ماوەیەکە چەندین ناوچەی هەرێمی کوردستانیان گرتووەتەوەو بە دووریش نازانرێت ئەم خۆپیشاندانانە هەموو هەرێمی کوردستان بگرێتەوە ئەگەر دەسەڵات بەجدیی مامەڵە لەگەڵ ئەم ڕووداوانەدا نەکات.

بۆ هەمان مەبەست، رابەر تەڵعەت، چالاکوانی کۆمەڵی مەدەنیی، بەپێویستی زانی کە دەسەڵات لە هەرێمی کوردستاندا لەوە تێبگات کە سەرهەڵدانی نارەزایی جەماوەرییو خۆپیشاندان بە تەنها بریتی نییە لە خواستی لایەنێکی دیاریکراوی سیاسیی، یان ژمارەیەکی کەمی خەڵکو بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئەوەی لە دوای (١٧)ی شوباتەوە لە سەر شەقامی زۆربەی شارو شارۆچکەکانی کوردستاندا دەبینرێت، دەرئەنجامی بونیادێکی بیست ساڵەی ئەداو مامەڵەی ئەو دەسەڵاتەیە لەگەڵ خەڵکەکەیو هەڵقوڵاوی چاوەڕوانیو گازەندەی زۆری جەماوەری کوردستانە بۆ باشترکردنی ڕەوشی ژیان لەم هەرێمەدا». ناوبراو ئاماژەی بەوەش کرد، ئەوەی دەسەڵاتی کوردی ئێستا خەریکە دەیکات، سەنگەرگرتنە لە خەڵکەکەی خۆیو ڕێکخستنی خۆپیشاندانی پێچەوانەیە کە سەرەتایەکی ترسناکە بۆ هەڵگیرساندنی جەنگێکی کۆمەڵایەتیو خۆدزینەوەیە لە بەرپرسیارێتیو ئەنجامی زۆر خراپی لێ دەکەوێتەوە، ئەمین فەرەج، مامۆستای کۆلێژی زانستە سیاسییەکان لە زانکۆ سەلاحەدین، ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان گۆڕانکاریی بەخۆیەوە بینیوە، بەتایبەت لەدوای (١٧)ی شوباتەوە کە بەردەوامبوونی خۆپیشاندەرانەو سووربوونیانە لەسەر جێبەجێکردنی داواکارییەکانیان کە پێویستە بەشێوەی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ دیالۆگ هەبێت لەنێوان دەسەڵاتو خۆپیشاندەراندا، بەپێچەوانەوە دۆخەکە بەرەو ئاڵۆزی زیاتر دەچێت

لە (٢٠١١/٣/٣)، (٦٥) نووسەرو ڕۆشنبیرو چالاکوانی کۆمەڵگەی مەدەنیی شاری هەولێر، وێڕای شاهیدیدان لەسەر گەندەڵییو ناعەدالەتیی کۆمەڵایەتیو خراپ ئیدارەکردنی وڵات، داوایەکی حەوت خاڵییان خستە بەردەم بەرپرسانو تیایدا ئیدانەی داخستنی زانکۆی سەلاحەدین لەلایەن ڕێکخراوی یەکێتیی قوتابییانو دەستگیرکردنی نایاسایی هاوڵاتییان لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە دەکەنو ئاماژە بەوەش دەکەن، کە ڕێگرتن لە خۆپیشاندان پێشێلکاریی یاساییو دەستوورییەو دژ بە بنەماکانی مافی مرۆڤە.

د. ڕەوشت ڕەشید، نووسەرو مامۆستای زانکۆ کە بەشداریی لە دەرکردنی ئەو بەیاننامەیەدا کردووە، ئاماژە بەوە دەکات کە ئەگەر لە ڕۆژی یەکەمدا ڕووداوەکان بەو ئاراستەیە نەڕۆشتنایە، ئەو خۆپیشاندانەی کە لەهەولێر دەکرا، زۆر گەورەتر دەبوو لەوەی کە لەشارەکانی تردا ڕوویاندا، وتیشی: «ئەو نارەزاییەی کە لەهەولێر هەیە چوارقاتی ئەو نارەزاییانەیە کە لەشوێنەکانی تر هەیە، ئەگەر زۆرتر نەبێت کەمتر نییە، بەڵام لە هەولێر دەسەڵاتێک حوکم دەکات کە ترسو تۆقاندنێکی زۆر گەورەی خستووەتە دڵی خەڵکەوە».

دڵزار حەسەن، ڕۆژنامەنووس، یەکێکی ترە لەو کەسانەی کە ئیمزای بەیاننامەکەی کردووە، باس لەوە دەکات کە سەرجەم هۆکارە میدیاییو کۆمەڵایەتییەکان لەپێشتردا نارەزاییەکانیان ورووژاندووە، بەڵام حکومەت نەیتوانیوە لە ئاستی ئەو داخوازییانەدا بێت، بۆیە خۆپیشاندان لەکوردستاندا ڕوویداوە.

ئەو (٦٥) نووسەرو روناکبیرو چالاکوانەی کۆمەڵگەی مەدەنیی لە هەولێر، لە بەیاننامەکەیاندا ئاشکرای دەکەن، کە تەقەکردن بەرامبەر بە خۆپیشاندان بەهەر پاساوێک بێت، کارێکی نامرۆییەو جێی قبووڵکردن نییەو داواش لە سەرۆکی هەرێم دەکەن، لەئاست بەرپرسیارێتی مێژوویدا بێتو بەدەنگ داواکاریی خەڵکەوە بچێت.

سمکۆ محەمەد، نووسەرو ڕووناکبیرو بەشداربوویەکی تری ئەو بەیاننامەیەیە، ئاماژە بەوە دەکات، کە ئەوان ویستوویانە وەکو ڕۆشنبیر ڕۆڵیان لە دۆخەکەدا هەبێت، وتیشی: «لە واشنتۆنیش نارەزایی هەیە، مومکین نییە لەهەولێر خەڵک ناڕازیی نەبێت».

# ڕۆژنامەنووسانی دەرەوەی دەسەڵات لەژێر هەڕەشەی مەرگدان

پشتیوان سەعدوڵڵا

لە ماوەی مانگی ڕابردوودا، ژمارەیەک کەناڵی ڕاگەیاندنی ئەهلیو سەربەخۆ، ڕووبەڕووی پەلامارو سووتاندنو تێکشکاندنی هێزە چەکدارەکانی دەسەڵات بوونەتەوەو هاوکات نزیکەی (١٠٠) پێشێلکاریی بەرامبەر بە ڕوژنامەنووسان کراوە.

لەدوای خۆپیشاندانەکانی ڕۆژی (٢/١٧) لە شاری سلێمانی، چەند کەناڵێکی ڕاگەیاندن (NRT، KNN، ڕادیۆی گۆڕان، ڕادیۆی دەنگ، ڕادیۆی نەوا، ڕۆژنامەی هاوڵاتی) ڕووبەڕووی سووتاندنو تێکشکاندنو هەڕەشەکردن بوونەتەوەو هاوکات سەنتەری میترۆ بۆ داکۆکیکردن لە ڕۆژنامەنووسان، ئاشکرای دەکات، لەلایەن هێزە چەکدارەکانی دەسەڵاتەوە، زیاتر لە (٨٠) پێشێلکاریی بەرامبەر بە ڕۆژنامەنووسان ئەنجام دراون.

رەحمان غەریب، ڕێکخەری سەنتەری میترۆ، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «تا ئێستا (٨٠) پێشێلکاریی لە تەقەکردنو لێدانو پەلاماردانو کامێراشکاندنو ڕاونان بەرامبەر بە ڕۆژنامەنووسان کراوە، پێشێلکارییەکان لەلایەن پاسەوانەکانی بارەگاکانی پارتی دیموکراتی کوردستانو هێزەکانی پێشمەرگەو ئاسایشی ناوخۆوە ئەنجام دراون».

وتیشی: «ڕەوشی ڕۆژنامەگەریی لە کوردستاندا، زۆر مەترسیدارەو ئێمە ڕۆژانی یەکەمو دووەمی خۆپیشاندانەکانمان بە ڕۆژێکی ڕەش لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا ناوبرد، چونکە ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ڕووبەڕووی شاڵاوێکی دەستدرێژیی بوونەتەوەو حکومەتیش هیچ هەڵوێستێکی نەبووە».

هاوکات، لە ڕوونکردنەوەیەکی گرووپی ڕۆژنامەنووسانی بێسنووری کوردستاندا هاتووە: «پەلاماردانی پەیامنێری کەناڵەکانی ڕاگەیاندنو سووتاندنی کەناڵەکان، سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە ڕەوشی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستان لە ڕەوشێکی مەترسیداردایەو پێویستی بە چارەسەری بەپەلە هەیە».

لیژنەی داکۆکیی لە مافی ڕۆژنامەنووسان لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، لە (٣/٣)دا، ئاماری پێشێلکارییەکانی سێ هەفتەی ڕابردوو کە بەرامبەر کەناڵەکانی ڕاگەیاندنو ڕۆژنامەنووسان کراون، خستووەتەڕوو، لەو ئامارەی سەندیکادا، نزیکەی (٧٠) پێشێلکاریی باسکراوە، هەروەک سەندیکای ڕۆژنامەنووسان پێیوایە: «ئاماری پێشێلکارییەکان بە هۆی ئەم ڕووداوانەوە ڕوو لە هەڵکشانەو هێزەکانی ناوخۆو هێزی چالاکییە مەدەنییەکان، مامەڵەی خراپیان لەگەڵ ڕۆژنامەنووساندا کردووە».

هاوکات ڕۆژی (٣/٩)، کۆبوونەوەی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بەڕێوەچوو، دوای کۆبوونەوەکە سەندیکای ڕۆژنامەنووسان ڕاگەیەنراوێکی بڵاوکردەوەو تێیدا ئەوە خراوەتەڕوو: «ئیدانەو مەحکومکردنی تێکڕای ئەو پێشێلکارییو دەستدرێژییانەی کە بەرامبەر ڕۆژنامەنووسان کراوەو هەروەها ئیدانەو مەحکومکردنی هەموو ئەو دەستدرێژییانە دەکەین کە کراونەتە سەر هەندێ کەناڵو دەزگای ڕاگەیاندن».

هەروەک سەندیکا: «داوا لە دەزگا پەیوەندیدارەکان دەکات کە سەلامەتیی ڕۆژنامەنووسان بپارێزنو هەروەها پاراستنی دەزگاکانی ڕاگەیاندنیش لە ئەستۆ بگرن».

ڕۆژنامەی هاوڵاتی، لە دوای ڕووداوەکانی (٢/١٧)ەوە، بەهۆی هەڕەشەوە بارەگای سلێمانی گواستەوەو هەروەها هەڕەشەی سووتاندنی نووسینگەی هەمان ڕۆژنامە لە هەولێر کراوەو جگە لەوەش هێرش کراوەتە سەر زۆربەی پەیامنێرانی.

کەمال ڕەئوف، سەرنووسەری ڕۆژنامەی هاوڵاتی، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لە ماوەی خۆپیشاندانەکاندا، ڕۆژنامەنووسانو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ڕووبەڕووی شەپۆلێکی توندی پەلامارو دەستدرێژیی بوونەتەوە، بەتایبەتی میدیای ئەهلی کراوەتە ئامانجو ئێمەش وەکو هاوڵاتی پێشێلکاریمان بەرامبەر کراوە، پێشبینی دەکەین لەگەڵ ئاڵۆزتربوونی ڕەوشەکەدا، هێزە چەکدارەکانی دەسەڵات توندتر ڕووبەڕووی ڕاگەیاندنە ئەهلیو سەربەخۆکان ببنەوە، بەو هۆیەشەوە ئێستا لە بارودۆخێکی نائارامدایینو پێدەچێت هاوشێوەی (NRT)و (ڕادیۆی دەنگ) بەشێکی تر لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بسووتێنرێنو تاڵان بکرێن، چونکە تا ئێستا دەسەڵات ئەو مافەمان پێ نادات کە ڕوومالی ڕووداوەکان بکەینو ڕاستییەکان بخەینەڕوو».

هەروەک ئاسۆس هەردی، بەڕێوەبەری کۆمپانیای ئاوێنە ئەوە دەخاتەڕوو: دروشمی ئازادیی ڕۆژنامەگەریی کە حیزبە دەسەڵاتدارەکان هەمیشە باسی دەکەن، لە کاتی قەیرانەکاندا دەردەکەوێت، لە ماوەی (٢٠) ڕۆژی ڕابردوودا، بۆمان دەرکەوت کە تا چەند دەسەڵات باوەڕی بە ئازادیی ڕادەربڕینو یاسا هەیە، تا چەند هێزیان هەیەو لە دەرەوەی یاسا (نالیاو ڕادیۆی دەنگ) دەسووتێننو کەس ناتوانێت لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکات.

ئەوەش ڕادەگەیەنێت: «ئەم وڵاتە وڵاتی مافیایەو کۆمەڵێک مافیا بە ئارەزووی خۆیان هەڵدەکوتنە سەر کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، نەک وڵاتی یاساو حکومەت».

پێشیوایە: «دەستدرێژییو پەلاماردانو سووتاندنی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، عەقڵیەتی خەڵکێکە کە وا دەزانێت کاتێک چاوی کامێرایەک دەشکێنێت، ئیتر چاوی خەڵک دەبەستێتەوە، کاتێک بڵندگۆی ڕادیۆیەک بێدەنگ دەکات، ئیتر خەڵک گوێی لە هیچ نابێت، ئەمە پەلەقاژێی دەسەڵاتێکە کە هەموو گیانی کەموکوڕییەو دەترسێت لەوەی قسە لەسەر کەموکوڕییەکان بکرێت، لە کاتێکدا ئەم عەقڵیەتە دۆڕاوە».

بێستون ژاڵەیی، بەرپرسی نووسینگەی کەناڵی سپێدە لە گەرمیان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: « لە دوای (٢/٢٥)ەوە، دەسەڵات ئێمەی ڕۆژنامەنووسانی کردووەتە ئامانجو هێزەچەکدارەکان هەڕەشەی کوشتنیان لە منو چەندین ڕۆژنامەنووسی تر کردووە، بۆیە ئێستا ژیانمان لە مەترسیدایە».




راپۆرت

## کۆیە داوای ئیدارەی سەربەخۆو پارەی نەوتو کەمکردنەوەی چەکدارەکان دەکەن

**ئاری سابیر:** خۆپیشاندەرانی قەزای کۆیە چەند داواکارییەکی تایبەت بە قەزاکە بەرزدەکەنەوە، لەوانە: ئیدارەی سەربەخۆو پارەی نەوتی تەق تەقو کەمکردنەوەی هێزە چەکدارەکان لەو قەزایەدا.

دوای رووداوەکانی (١٧)ی شوباتی سلێمانی، خۆپیشاندانی جەماوەریی لە قەزای کۆیەش ئەنجامدراو، پێگەیەکی کۆیەیان بە ناوی سەکۆی ئازادییەوە دیاری کردووەو تیایدا خۆپیشاندەران کۆدەبنەوەو وتاری خۆیان پێشکەش دەکەن.

دەربازکەیفی، ئەندامی ئەنجومەنی کاتی سەکۆی ئازادیی لە کۆیە بە رۆژنامەی راگەیاند: «داواکارییەکانمان بریتین لە سەربەخۆیی ئیدارەی کۆیەو تەرخانکردنی برێک لە داهاتی کێڵگەی نەوتی تەق تەقو کەمکردنەوەی هێزە چەکدارەکان لە کۆیە».



# سەرای ئازادیی؛ گۆڕین و چاکسازیی

راپۆرتی: عەبدوڵڵا گۆران

خۆپیشاندەران بە سەرجەم چینو توێژەکانەوە ماوەی (٢٧) رۆژە لە مەیدانی ئازادیی سلێمانیو زۆربەی قەزاو ناحیەکانی کوردستان داوای ئازادییو چاکسازییو بنەبڕکردنی گەندەڵیی دەکەن، دەسەڵاتیش وەڵامێکی بڕواپێکەریان ناداتەوە.

### خۆپیشاندانی هەمەڕەنگ

کەژان عوسمان، ئەندامی رێکخراوی ناوەندی ئاڤێستا لەناو مەیدانی ئازادیی سلێمانییەوە بۆ رۆژنامە وتی: «هاتووم بۆ ئەوەی چاکسازیی بە تەواوەتی لە سیستمی حوکمڕانیی کوردستاندا بکرێت، دوای ئەوەی ئەم حکومەتە هەڵدەوەشێتەوە».

**شەقام خۆی بڕیار لە ئایندەی سیستمی سیاسیی هەرێمی کوردستان دەدات**

خۆپیشاندانەکان لە سەرەتادا تەنیا لەناو سلێمانی دەستپێکردو بەشێک لە خەڵکی ناڕازیی لە سیستمی سیاسیی بەشدارییان تێدا کرد، بەڵام ئێستا زۆربەی شارو شارۆچکەکانی کوردستانی گرتووەتەوە.

رۆشنبیران کە رۆڵێکی گەورە لە بەڕێوەبردنی خۆپیشاندانەکاندا دەبینن بڕوایان وایە: ئەم خۆپیشاندانانە شۆڕشەو تا ئامانجەکانی بەدەست نەهێنێت دانامرکێتەوە.

موحسین ئەدیب، نووسەر دەڵێت: هۆکاری سەرەکیی ئەم شۆڕشە گەورەبوونی بێمانای حیزبە دەسەڵاتدارەکانە لەسەر حسابی خەڵکو ئازادییو دیموکراسی، ئەمەی ئێستا روودەدات تا بەردەوام بێت حیزبە دەسەڵاتدارەکان بچووک دەبنەوە.

### شەقام متمانە لە دەسەڵات دەسەنێتەوە

تەواوی ئەو رۆژانەی کە خۆپیشاندانەکان لە وڵاتانی ئەورووپا، سلێمانی، کەلار، کفری، چەمچەماڵ، هەڵەبجە، رانیە، قەڵادزێ، کۆیە، سەیدسادقو قەزاو ناحیەکانی تری کوردستان کراوە «هەڵوەشاندنەوەی حکومەت» دروشمێکی سەرەکیی خۆپیشاندەران بووە. بەڵام پەرلەمان نەیتوانی متمانە لە حکومەت بسەنێتەوە.

موحسین ئەدیب، کە بەشدارێکی کارای خۆپیشاندانەکانە ئاماژە بەوە دەکات؛ کە ئایندەی هەر حیزبێکی کوردستان پابەندە بە پابەندبوونی بە شەقامەوە، مانەوەی بەهێزی حیزبەکان پەیوەست دەبێت بە تێگەشتنیان بە شەقامەوە».

حکومەتی هەرێمی کوردستان لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە متمانەی پێدراوەو پەرلەمانی کوردستانیش لە لایەن گەلەوە دەنگی پێدراوە، هەر بۆیە پارێزەرێک بڕوای وایە؛ شەقام دەتوانێت متمانە لە حکومەت بسەنێتەوە.



هەموو چین و توێژەکان لە سەرای ئازادیی
فۆتۆ: عەبدوڵڵا

رازاو مەحمود، پارێزەر بە رۆژنامەی راگەیاند: «شەقام پەرلەمانو حکومەت دروست دەکات، هەر شەقامیش دەتوانێت متمانەیان لێ بسەنێتەوە، چونکە داواکارییەکانی سەرای ئازادیی هەموویان رەوان».

### (٢٧) رۆژە شەقام حکوم دەکات

ئەمڕۆ (٢٧) رۆژە خۆپیشاندانەکان بەردەوامەو شەقام خۆی بڕیار لە ئایندەی سیستمی سیاسیی هەرێمی کوردستان دەدات.

دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان لە ماوەی رابردوودا زۆر هەوڵیانداوە ئارامیی خۆپیشاندانەکان تێکبدەنو بە پێدانی بەڵێن کۆتایی بە خۆپیشاندانەکان بهێنن، بەڵام شەقام خۆی بڕیار دەدات چ جۆرە چاکسازییەکی دەوێت.

هێمن کەریم، ئەندامی ئەنجومەنی کاتیی سەرای ئازادیی سلێمانی، لە بارەی بەردەوامیی خۆپیشاندانەکانەوە بە رۆژنامەی راگەیاند: «دەسەڵاتدارانی ئەم وڵاتە خۆیان بە گەورە دەزانن، ئێمە سیناریۆی زۆرمان هەیە بۆ بەردەوامیمان، لێرەوە دەڵێم؛ شەقامەکە ئەنجومەنەکە بەڕێوەدەبات، نەک پێچەوانەکەی».

لای خۆیەوە شۆڕش ئەمین، چالاکوانی مەدەنی جەخت لەوە دەکاتەوە کە؛ هۆکاری هاتنە سەرشەقامی هاوڵاتییان، کەڵەکەبوونی کەموکورتییەکانی (٢٠) ساڵی رابردووی حکومەتی هەرێمی کوردستانە بەرامبەر بە هاوڵاتییان.

شۆڕش ئەمین، هۆشداریی دەدات لەوەی ئەو ماوە زۆرەی وەڵامی خەڵک نەدراوەتەوە، تووڕەبوونێکی خراپی لێ دەکەوێتەوە لە داهاتوودا، لەم بارەیەوە دەڵێت: شەقام تووڕەیەو تەشەنە دەکات، بە وەڵامنەدانەوەی بەرەو توندوتیژیی دەڕوات، چونکە وەڵامنەدانەوە زەمینە خۆشکردنە بۆ توندوتیژیی.

ئەم بێ وەڵامییەی دەسەڵات بوو لە هەفتەی رابردوودا پێشمەرگە دێرینەکانی هێنایە ناو خۆپیشاندەرانەوەو لە سەرای ئازادیی بڕیاریاندا درێژە بە خەبات بدەن.

حەمە قیادە، یەکێکە لەو پێشمەرگە دێرینانەی کە بەشداریی خۆپیشاندانەکان دەکاتو بڕوای وایە: هەر حکومەتێک گوێ لە میللەتەکەی خۆی نەگرێت زەرەر دەکات.

حەمە قیادە، دەڵێت: ئێمە کاتێک کە پێشمەرگە بووین، بۆ میللەت شۆڕشمان دەکرد، ئێمە شۆڕشمان نەکرد بۆ ئەمەی ئێستا، لەبەر خاتری ئازادیی کوردستان بوومە پێشمەرگە، ئومێدم هەیە ئەم گەنجانە شتێک بکەن بۆ کورد، بۆیە پشتیوانییان لێ دەکەم.

# «دەنگ»، رادیۆ سەربەخۆکەی گەرمیان دەست بە پەخش دەکاتەوە

راپۆرتی: بەهادین یوسف

دوای شەش رۆژ لە تاڵانکردنو تێکشکاندنی، رادیۆی «دەنگ» دەستی بە پەخشی خۆی کردەوەو راشیدەگەیەنن؛ بەردەوام دەبن لەسەر شێوازی کارکردنی خۆیان بە شێوەی پیشەییو بێلایەنییو ئازادانە.

ئازاد عوسمان، بەڕێوەبەری گشتیی رادیۆی «دەنگ» لە کەلار، کە شەوی (٣/٦) لە لایەن ژمارەیەک چەکدارەوە تاڵانکراو کەلوپەلەکانی شکێنرا بە رۆژنامەی راگەیاند: «لە رووی لێکۆڵینەوەو بەدواچوون، تائێستا هیچ بەرەوپێشچوونێک سەبارەت بە کێشەکەمان روونەداوەو هیچ شتێک نەهاتووەتە ئاراوە، لە کاتێکدا ئێمە هەم لە ئاسایشو هەم لە پۆلیس داوای یاساییمان تۆمار کردووەو داواکەشمان چووەتە بەردەم دادگای لێکۆڵینەوەی کەلار». ئاماژەی بەوەشکرد: گومانمان لە هەموو هێزە ئەمنییو سەربازییەکانی ئەم ناوچەیە هەیە، چونکە ئەو هێزەی هاتووەتە سەر رادیۆکەمان چەکداربوونو جلی سەربازییان لەبەردا بووە».

دوای زنجیرە خۆپیشاندانەکانی کوردستان کە لە (٢/١٧) وە دەستیپێکرد، ژمارەیەکی زۆر لە رۆژنامەنووسانو کەناڵەکانی



رادیۆی (دەنگ) دوای هێرشکردنە سەری

راگەیاندن کەوتنە بەر شەپۆلی هەڕەشەکردنو شەوی (٣/٦)یش رادیۆی «دەنگ» لە کەلار لەلایەن ژمارەیەک چەکدارەوە تاڵانکراو ژمارەیەکی زۆر لە کەلوپەلەکانی تێکشکێنران.

بەڕێوەبەری رادیۆی دەنگ، ئاماژەی بەوەشکرد: «لەگەڵ سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان دانیشتینو لەسەر سێ خاڵ رێکەوتین، یەکەم: پێکهێنانی لیژنەیەکو دووەم: قەرەبووی مادییو سێیەم: مەعنەویی، لە قەرەبووی مادییەوە دەستیان پێکردو هەندێک کەرەستەیان بۆ کڕینو بڕیارە رۆژانی داهاتوو ئەو کەرەستانەی ماوە بۆ مان بکڕدرێتەوە».

ئازاد عوسمان، وتیشی: «لەوە خراپتر سێ رۆژ دوای رووداوەکە هێزێکی ئاسایش هاتنە بینای رادیۆکەمان، دوای ئەوەی لە بازاڕ بڵاوەیان بە هەندێک گەنج کردبوو، کە کۆبووبوونەوەو هەندێکیان لێ دەستگیرکردن، هاتنە رادیۆکەمانو ویستیان راستەوخۆ بچنە ستۆدیۆی رادیۆکە، ئێمە رێگەمان پێنەدانو پێمانوتن؛ بۆتان نییە هەڵکوتنە سەر هیچ بارەگایەک، چونکە فەرمانی دادوەرتان پێ نییە، وتیان؛ ئەمری بەڕێوەبەری ئاسایشمان پێیە، دوای دەنگە دەنگ ئیتر نەمانهێشت بێنە سەرەوە».


سەبارەت بە کاردانەوەکانیش لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیی وتی: «لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیی رێکخراوی هیومان رایتس ووٚچ لە راپۆرتێکیدا بە وردیی باسی کردووە، سەفارەتی ئەمریکیو رێکخراوی پەیامنێرانی بێسنوور ئیدانەیان کردووە، لەگەڵ رێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتیش گفتوگۆمان کردووەو بڕیارە لە راپۆرتێکدا باسی رووداوەکە بکەن».

بۆ ئاستی ناوخۆییش رایگەیاند: «لەو کاتەی پەخشمان دەستپێکردووەتەوە هەزاران پەیوەندیی تەلەفۆنیمان بۆ هاتووەو خەڵک سەردانی کردینو کۆمەڵێک گەنج هەڵمەتێکی کۆمەک کۆکردنەوەیان دەستپێکرد، لە ماوەیەکی زۆر کەمدا نزیکەی (٩٠٠) هەزار دیناریان بۆ کۆکردینەوە، دواتر خۆمان پێمانباشبوو رایگرن، چونکە مەسەلەی قەرەبوو هاتەپێشەوە».

دوای شەش رۆژ لە رووداوەکە، رۆژی یەکشەممە ٢٠١٠/٣/١٢ رادیۆی «دەنگ» لە کەلار بە هەندێک ئامێری سەرەتاییەوە دەستیان بە پەخش کردەوە. ئازاد عوسمان، جەختی لەوە کردووەتەوە: «بە حکومەتمان راگەیاندووە تەنیا بە لایەنی مادیی قەرەبوو ناکرێینەوە، ئەگەر قەرەبووی مەعنەویی حساب نەکرێت، لە هەموویشی گرنگتر، ئەگەر لێکۆڵینەوەی جدیی نەکرێت نامانەوێت لەبەر لایەنی مادیی قەزییە گەورەکەی خۆمان لەدەست بدەین، لەبەر ئەوە قەزییەکە گرتنی تۆمەتبارانو ئەو کەسانەیە کە دەستیان لە رووداوەکاندا هەیە».

رادیۆی دەنگ، لەگەڵ دەستپێکردنەوەی پەخشەکەشیدا دەڵێن: ئێمە یەک لەحزە پاشەکشە لەو فیکرەیە ناکەینو لەو رێچکەیە لانادەین، کە گرتوومانەتەبەرو یەقینین لەوەی هیچ هەڵەیەکمان نەکردووە، چونکە رووداوێک هەبووە وەک ئەوەی هەیە رووماڵمان کردووە بە شێوەیەکی پیشەییو واقیعیو بێلایەنیو لایەنگریی هیچ لایەنێکمان نەکردووەو واقیعەکەمان وەکخۆی بۆ هاوڵاتییان گواستووەتەوە، بە پشت بەستن بەو میساقی شەرەفەی هەمانە کار دەکەینو بەردەوام دەبین لە بێلایەنیی».

رادیۆی دەنگ، لە رۆژی ٢٠١٠/٢/٦ دەستی بە پەخش کردووەو یەکەم رادیۆی ئەهلیی ئازادە لە مێژووی گەرمیاندا لەسەر شەپۆلی (FM91) لە کەلار پەخشدەکات، کە مەرکەزی ئیدارەی گەرمیانو چەند ناحیەیەکی دەوروبەری دەگرێتەوە، لەلایەن کۆمەڵێک گەنج بە شێوەیەکی خۆبەخش بەڕێوەدەبرێت، هیچ کۆمەکو هاوکارییەک نە لە حیزبو حکومەتو هیچ رێکخراوێک وەرناگرێت، تەنیا بە ریکلامو کۆمەکی خەڵک بەڕێوەدەچێت.



سارا لی ویتسۆن: هێزەکانی ئاسایشی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ناتوانن ئیشە نەشیاوەکانیان بە کۆمەڵێک جەردە بسپێرن‌و پینەی بکەن

# هیومان رایتس وۆچ: شەرمەزارییە، کوردەکان ئازادییان نییە

**راپۆرتی: ڕۆژنامە**

ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤی جیهانیی (هیومان رایتس وۆچ) لەسەر خۆپیشاندانەکانی کوردستان رەخنەی توند لە دەسەڵاتی کوردی‌و هێزەکانی ئاسایش دەگرێت، لە راپۆرتێکیدا هاتووە: هێزەکانی ئاسایش تەنیا رۆڵی سەیرکەر دەبینن، لە کاتێکدا لە لایەن کۆمەڵێک رووپۆشراوەوە هێرش دەکرێتە سەر خۆپیشاندەران.

لەو راپۆرتەی ڕێکخراوی هیومان رایتس وۆچدا هاتووە: «هێزەکانی ئاسایشی حکومەتی هەرێم وەستابوون‌و سەیری ئەو دەیان کەسەیان دەکرد، کە بە رووپۆشەوە لە رۆژی (٦)ی ئەم مانگەدا پەلاماری خۆپیشاندەرانیان داو هێرشبەران رێگەیان پێدرا کە لە خەڵکی بدەن‌و خۆپیشاندەران ببەن‌و خێمەکانیان بسووتێنن، لەلایەکی تریشەوە، گرووپێکی دیکە دەزگایەکی رادیۆی سەربەخۆی تالان کرد، ئەمە لە کاتێکدا هێزەکانی ئاسایش ئەرکی پاراستنی مافی رای ئازادو کۆبوونەوەی هێمنانەیان لەسەر شانە.

ئەو ڕێکخراوە ئاماژە بەوەش دەکات؛ کە بەپێی وتەی شایەتحاڵێک شەوی (٣/٦)، دەیان پیاوی رووپۆشکراو بە کوتەکەوە لە ئۆتۆمبێلە سەربازییەکانیان دابەزین‌و هێرشیانکردە سەر نزیکەی (١٠٠) کەس کە لە مەیدانی ئازادیی مابوونەوە. بەپێی قسەی چەند شاهیدحاڵێک؛ هێزەکانی ئاسایش تەنیا وەستاون‌و سەیری ئۆتۆمبێلی هێرشبەرەکانیان کردووە، کە هەندێکیان بە جلی رەشەوە خێمەکانیان ئاگر تێبەرداوە.

سارا لی ویتسۆن، بەڕێوەبەری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست‌و باکووری ئەفریقای ڕێکخراوی هیومان رایتس وۆچ، لەو بارەیەوە دەڵێت: «هێزەکانی ئاسایشی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ناتوانن ئیشە نەشیاوەکانیان بە کۆمەڵێک جەردە بسپێرن‌و پینەی بکەن، ئەوە شەرمەزارییە کە دوای چەندین دەیە لە چەوساندنەوە، هێشتا کوردەکان ئەو ماف‌و ئازادییەیان نییە، کە لەلایەن حکومەتەوە پەیمانیان پێدراوە، لەنێویاندا مافی خۆپیشاندانی هێمنانە، شاهیدەکان باس لەوە دەکەن؛ کە گرووپێکی چەتە هێرشیان کردووەتە سەریان، نزیکەی (پانزە) کەس تائێستا نادیارن‌و هێرش کراوەتە سەر ئامێرە کارەباییەکان‌و لەکار خراون.

> **هێزەکانی ئاسایش تەنیا وەستاون‌و سەیری ئۆتۆمبێلی هێرشبەرەکانیان کردووە**



هێزە دەمامکدارەکان لەبەرامبەر خۆپیشاندەران

فۆتۆ: زمناکۆ ئیسماعیل

پارێزەرێک کە بەشداریی خۆپیشاندانەکانی کردبوو شایەحاڵێکی تری ئەو رووداوە بوو لەو راپۆرتەی هیومان رایتس وۆچدا دەڵێت: «لەژێر خێمەکەداو لەگەڵ هاوڕێیەکمدا قسەم دەکرد. کاتژمێر (٢:٢٠)ی شەو بوو، گوێم لە دەنگی فیشەکێک بوو. دوای دوو دەقە، دەستەیەک هاتن‌و لە هەموو شتێکیان دەدا. زۆربەیان دەبەی نەوتیان پێبوو، بەسەر خێمەکانیاندا دەکردو دوای ئەوانیش هێرشبەرەکانی تر خێرا ئاگریان لە خێمەکان بەردا، لەو خەڵکانەشیان دەدا کە خەویان لێکەوتبوو».

دواتر ڕێکخراوەکە باس لە گوێپێنەدانی بەڕێوەبەرێتی ئاسایش دەکات بە رووداوەکەو دەنووسێت: خۆپیشاندەران باس لەوە دەکەن کە لەکاتێکدا ئەوان بەرەو ئاسایش رایانکردووە بۆ ئەوەی داوای یارمەتی بکەن، بەرپرسانی ئاسایش رایانگەیاندووە؛ کە ئەوان مافی دەستێوەردانیان نییە لەو دۆخەدا. دوای رووداوەکە، گرووپی پارێزەرانی سەربەخۆ لەگەڵ بەڕێوەبەری ئاسایش کۆبوونەوە، کە دەڵێت: هێزەکانی ئەو دەستیان لەو رووداوەدا نەبووە، پارێزەرێک باس لەوە دەکات؛ کە بەڕێوەبەری ئاسایش وتوویەتی کە هێزەکانی ئەو ناتوانن ئاسایشی ئەو خۆپیشاندەرانە دابین بکەن، کە شەقامە سەرەکییەکان دەگرن‌و لە سەلامەتییان بەرپرسیار نین.

هیومان رایتس وۆچ، باسی دوو کەیسی دیکەی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ دەکات، سووتاندنی بینای کەناڵی نالیاو هێرشکردنە سەر رادیۆی دەنگ، دوو نموونەی ترن کە لە راپۆرتەکەی هیومان رایتس وۆچدا باسیان لێکراوە، بەو شێوەیە باسکراوە، لە هەمان رۆژدا کۆمەڵێک چەکدار هێرش دەکەنە سەر ئۆفیسی رادیۆی سەربەخۆی دەنگ، ئازاد عوسمانی بەڕێوەبەری جێبەجێکاری ئەم رادیۆیە بە هیومان رایتس وۆچی وت: کە ئەوان پاسەوانی شەوانەیان کەلەپچە کردووەو زۆربەی ئامێرەکانیان شکاندووە، ئەو دەڵێت: کە رادیۆکەی لە کەلار رووداوەکانی خۆپیشاندەرانی گواستووەتەوە.

لە (٢/١٧)وە هەزاران خۆپیشاندەر بەردەوامن لە خۆپیشاندان لە دژی گەندەڵیی‌و قۆرخکاریی سیاسیی دوو پارتە دەسەڵاتدارەکە، واتە پارتی‌و یەکێتی، لەم هەفتانەی دواییدا بەپێی راپۆرتی رۆژنامەنووسان هێرشکراوەتە سەر بارەگاکانی حیزبی گۆڕان لە سۆران‌و دهۆک‌و هەولێر، هەر بەو هۆیەشەوەو لەژێر هەڕەشەی بارەگای نزیکی پارتیدا هاوڵاتی ئۆفیسی خۆی گواستەوە، رۆژی (٢/٢٠)یش، هێزێک هێرشی کردووەتە سەر تەلەفزیۆنی نالیاو پاسەوانەکەیان بریندارکردووەو بیناکەیان سووتاندووەو ئامێرەکانیان شکاندوون.

# بۆ هەڵبژاردنێکی بێگەرد، لە تورکیا سوپاو وەزیرەکان کەنارگیر دەکرێن

**راپۆرتی: شاڵاو فەتاح**

لەپێناو ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی بێگەرددا، وەزیرەکانی ناوخۆو دادو گواستنەوەی تورکیا دەست لەکار دەکێشنەوەو پارتە رکەبەرەکانیش داهاتی ساڵانەی هاوڵاتییان‌و هێنانەکایەی دەستوورێکی دیموکراتی بۆ تورکیا دەکەنە دروشمی بانگەشەکانیان.

تورکیا یەکێکە لەو وڵاتانەی گرنگییەکی زۆر بە بێگەردیی هەڵبژاردنەکان دەداتو لەم پێناوەشدا چەند یاسایەکی روون‌و ئاشکرای بۆ رێگرتن لە هەر جۆرە ساختەکارییەک لە خۆپیشاندانەکاندا دەرکردووە، لە گرنگترین ئەو یاسایانەی کە ئێستا لە تورکیادا کاریان پێدەکرێت؛ دەستلەکارکێشانەوەی چەند وەزیرێک پێش هەڵبژاردن‌و رێگەنەدان بە دەنگدانی ئەندامانی سوپایە.

هەڵبژاردنی (١٢)ی حوزەیرانی ئەمساڵی تورکیا، یەکێک دەبێت لە گرنگترین هەڵبژاردنەکانی مێژووی ئەو وڵاتە، وا چاوەڕوان دەکرێت لەم هەڵبژاردنەدا گڵۆپی سەوز بۆ پارتی دادوگەشە (ئەکەپە)ی دەسەڵاتدار هەڵبکرێت بۆ تەواوکردنی ریفۆرمەکانی، بانگەشەی هەڵبژاردن هەر لە ئێستاوە دەستپێکردووە، هەرچەندە پسپۆڕانی بواری تورکیا دووپاتیدەکەنەوە؛ کە ئۆپۆزسیۆنی ئەو وڵاتە لە لاوازترین کاتیدایەو ناتوانێت تەحەدای ئەکەپە بکات





بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی پاکو بێ خەوش، تورکیا مادەیەکی دەستووریی تایبەت کردووە بە دەستلەکارکێشانەوەی وەزیری چەند وەزارەتێکی هەرە گرنگ بۆ ئەوەی وەزارەتەکانیان بەکار نەهێنن بۆ پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن‌و کار نەکەنە سەر ئەنجامەکانی هەڵبژاردن. مادەی (١١٤) لە دەستووری تورکیا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە دەبێت وەزیری وەزارەتەکانی ناوخۆو دادو گواستنەوە دەست لەکار بکێشنەوە، هەر بۆیە رۆژی سێشەممەی پێشوو بەشیر ئەتەلای، وەزیری ناوخۆی ئەو وڵاتە بە فەرمیی دەستی لەکار کێشایەوەو لە جێگەیدا عوسمان گونەشی، جێگری کرا بە وەزیر، سەعدوڵڵا ئەرگینی، وەزیری دادیش بە ئەحمەد قەهرەمان، جێگەی گیرایەوە، ئەمە جگە لەوەی بیانلی یڵدرمی، وەزیری گواستنەوە بە حەبیب سۆڵوک، جێگەی گیرایەوە، مادەی (١١٤) لە دەستووری تورکیا وەزیرەکانی ئەو سێ وەزارەتە ناچار دەکات کە لە پێش هەڵبژاردندا دەست لەکار بکێشنەوەو پۆستەکانیان ببەخشنە کەسانێکی بێلایەن، بۆ دابینکردنی پاکیی‌و بێگەردیی هەڵبژاردنەکان. هەر بۆیە ئەم سێ وەزارەتە دران بە سێ کەسی تەکنۆکراتو بێلایەن‌و لە ئێستادا ئەوان پۆستە فەرمییەکانی وڵات بەڕێوە دەبەن، هەرسێ وەزیرە نوێیەکە مێژوویەکیان لە شەفافیەتی سیاسیی هەیە.

هەر بەپێی دەستووری تورکیاو بۆ دابینکردنی هەڵبژاردنێکی پاکو بێلایەن، ئەندامانی سوپای ئەو وڵاتە بۆیان نییە لە هەڵبژاردنەکاندا بەشداریی بکەن، سوپای تورکیا (تەسەکە) پێکهاتووە لە چەند بەشێکی ئاسمانیی‌و دەریایی‌و پیادە، بەشەکانی جەندرمەو پاسەوانانی سنوور تایبەتن لە پاراستنی ئاسایشی ناوخۆی تورکیاو لە کاتی ئاشتییدا پەیوەستن بە بڕیارەکانی وەزارەتی ناوخۆی تورکیاوە، بەڵام لە کاتی جەنگدا پەیوەستن بە سوپای تورکیاوەو بەشداریی لە پاراستنی کۆماردا دەکەن. دەستووری تورکیا هەمیشە هێزێکی گەورەی بەخشیوەتە سوپای تورکیاو زۆرجار لە کاتە چارەنووسسازەکاندا بڕیاری یەکلاییکەرەوەی داوە، هەرچەندە ریفۆرمە دەستوورییەکانی ئەم دواییەی تورکیا دەسەڵاتی سوپای تاڕادەیەکی زۆر کەمکردەوەو چاوەڕوان دەکرێت کەمتریش ببێتەوە، بەڵام هێشتاش لە تورکیادا سوپا بۆی نییە بەشداریی لە هەڵبژاردندا بکات، بە پاساوی ئەوەی بەشێکە لە هێزی پاراستنی دەوڵەتو لە دامەزراوەی حکومەت گەورەترەو بەشداریکردنیان دوورنییە لایەنگریی تێدابێتو چارەنووسی سیاسیی وڵاتەکە یەکلایی بکاتەوە.

هەر لە ئێستاوە پارتە سیاسییەکانی تورکیا خۆیان بۆ هەڵبژاردن ئامادە کردووەو پارتی بزووتنەوەی نەتەوە پەرستی تورکیا (مەهەپە)ش، یەکەمین حیزب بوو کە دەستی کرد بە کەمپەینی هەڵبژاردن، یەکێک لەو پەیمانانەی کە هەموو حیزبە تورکییەکان بە هاوڵاتییانی ئەو وڵاتەیان داوە بریتییە لە نووسینەوەی دەستوورێکی نوێ بۆ ئەو وڵاتە، تەنانەت پارتە ئۆپۆزسیۆنەکانیش وەک پارتی دەسەڵات، پەیمان بە هێنانەکایەی دەستوورێکی دیموکراتی بۆ ئەو وڵاتە دەدەن، ئەکەپە پەیمانی ئەوەیداوە کە تا ساڵی (٢٠٢٣)، واتە ساڵی یادکردنەوەی (١٠٠)یەمین ساڵەی دامەزراندنی کۆماری تورکیا، داهاتی هەر هاوڵاتییەکی تورکیا لە (١٠) هەزار دۆلارەوە بۆ (١٥)هەزار دۆلار بەرز بکاتەوەو رێژەی هەناردەش بۆ (٢٥٠) ملیۆن دۆلار بەرز بکاتەوە، لە ئێستادا ئەکەپە (٤) هەزار کەسی راهێنراوی بۆ هەر (٨١) پارێزگاکەی تورکیا ئامادە کردووە، پارتی ئاشتی‌و دیموکراسی (بەدەپە)ی پرۆکوردیش چاوی لەوەیە کە لە رێگەی کاندیدە سەربەخۆکانەوە ژمارەی ئەندامانی پەرلەمانی خۆی لە (٢٠)ەوە بۆ (٣٥-٤٠) بەرز بکاتەوە، ئەمە جگە لەوەی پەیمانی داوە، کە (١٢) لەو (٣٥) کاندیدە ژن بن. بەمشێوەیەش ژمارەی ژن لە پەرلەمانی تورکیادا زیاد دەبێت.

عێراقی

## پەرلەمانی عێراق، لە (٢٠) هەزار بڕوانامەی ساختە دەکۆڵێتەوە

**ڕۆژنامە**: لەیلا حەسەن، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ئاشکرایکرد، کە ئەنجومەنی ناوبراو، لە بڕوانامەی (٢٠) هەزار کارمەندی حکومەتی عێراقی دەکۆڵێتەوە، کە گومان دەکرێت ساختەیان کردبێت، بۆ ئەوەی پۆستە حکومییەکان وەربگرن. ئاژانسی ئاسیۆشیەتد پرێس، لەسەر زاری ئەو پەرلەمانتارەوە کە ئەندامی لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی تایبەتی ئەو دۆسیەیە، ڕایگەیاند: «ئەو لێکۆڵینەوەیە، لە بڕوانامەی ساختەی سەرجەم وەزیرو بریکاری وەزیرەکانو ئەندام پەرلەمانان دەگەڕێتەوە هەندێک لەوانەی بڕوانامەکانیان ساختە کردووە، بەرپرسی حکومەتی ئێستاو پێشوون». ساختەکارێکی بڕوانامە لە شاری بەغدا کە بە ئەبوحەیدەر خۆی ناساندووە، ئاشکرای کردووە کە بڕوانامەی سەرەتایی بە (١٥٠٠) دۆلارو بڕوانامەی دکتۆراشی بە (٧٠٠٠) دۆلار ساختەکردووە.



## کێ بەعسییەکانی بەهێز کرد؟

### پەرلەمانتارێکی پێشوو: دەسەڵاتێک لە هەرێم گەندەڵ بێت، کێشەی ناوچەدابڕاوەکانی پێ چارەسەر ناکرێت

ڕاپۆرتی: هەستیار قادر

چاودێرێکی سیاسیی ئاماژە بەوە دەکات؛ کە لێخۆشبوون لە سەرکردە بەعسییەکان لە ڕێگەی دەستپێشخەرییەکەی بارزانییەوە، شۆڤێنییەکانی لە ناوچەدابڕاوەکاندا بەهێز کردووەو هەندێکی تریش پێیانوایە: مەترسیی کۆنە بەعسییەکان لەو ناوچانە لە قەبارەی خۆیان گەورەتر کراون.

لە ماوەی دوو هەفتەی ڕابردوودا هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە پاساوی ڕووبەڕووبوونەوەی پلانی شۆڤێنییو کۆنە بەعسییەکان ڕەوانەی کەرکوکو ناوچە کوردییەکانی دیالە کرانو ڕاگەیاندنەکانی دەسەڵاتیش ئاماژەیان بە پلانێکی مەترسییدار دا، دژ بە بوونی کورد لەو ناوچانەو (٢٥)ی مانگی ڕابردووش چەند خۆپیشاندانێک لە حەویجەو جەلەولاو کەرکوک لە لایەن عەرەبەکانی ئەو ناوچانەوە ئەنجامدرا.

هەندێک پێیانوایە؛ بەهێزبوونو دووبارە دەرکەوتنەوەی «شۆڤێنیی»و کۆنە بەعسییەکان لە ناوچەدابڕاوەکان بەو شێوەیە، پەیوەندیی بە لێخۆشبوونی ژمارەیەک لە سەرکردە دیارەکانی حیزبی بەعسی پێشووەوە هەبووە، کە هەڵگری فیکری ناسیۆنالیستی عەرەبی بوون، لەوانە؛ ساڵح موتڵەگو زافر عانیو ڕاسم عەوادی، کە لە چوارچێوەی دەستپێشخەرییەکەی مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستاندا، بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق لە ڕێوشوێنەکانی ڕیشەکێشکردنی بەعس بەدەرکران، کە پێشتر دوانیان لەسەر داوای کورد گرتبوونیەوە.

د.دلێر ئەحمەد، مامۆستای کۆلێژی زانستە سیاسییەکانی زانکۆی سلێمانی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە؛ کە ئەو دەستپێشخەرییەی سەرۆکی هەرێم ڕۆڵی لە بەهێزبوونو دووبارە دەرکەوتنەوەی بەعسییەکاندا هەبووەو بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لە ڕووی سیاسییەوە ئەو سەرکردە بەعسییانەی کە ڕابردووی خۆیان هەبووە، هەست دەکەن ئەو ترسەیان لەسەر نەماوەو بەپێی ئەو دەستپێشخەرییەی سەرۆکی هەرێمو چەند لایەنێکی تر ئەو ڕابردووەیان بۆ پاکرایەوە، بێگومان ئەوەش ڕۆڵی سەرۆکی هەرێمی تیابووەو دیاردەیەکی سیاسیی ئاوهای بەدوادا دێت».

تێڕوانینێک هەیە کە پێیوایە؛ کورد لە ڕێکەوتنو دەستپێشخەرییەکانیدا دوورمەوداو ستراتیژییانە بیری نەکردووەتەوەو هەمیشە بەدوای دەستکەوتی هەنووکەییدا ڕۆیشتووە، دەرەنجامی ئایندەیی ئەو ڕێکەوتنانەی لێکنەداوەتەوە، هەروەک د.دلێر پێیوایە؛ سەرکردایەتی سیاسیی کورد لەسەر بنەمای ستراتیژیی سیاسیی بەرنامە بۆ دوا ڕۆژی کورد دانانێتو بیکردنەوەکەیان پەیوەندیی بە قۆناغێکی بچووکەوە هەبووەو عەقڵیەتی سیاسیی کورد لەو ڕووەوە قۆناغییە.

پەرلەمانتارێکی پێشووی عێراقیش پێیوایە؛ خودی دەستپێشخەرییەکەی سەرۆکی هەرێم مەترسی لەسەر دەستووریش دروستکردووە.

پشتیوان ئەحمەد، ئەندامی پێشووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ ڕۆژنامەی ڕوونکردەوە؛ کە بەپێی دەستپێشخەرییەکەی بارزانی، ئوسامە نوجێفی، بووە سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران کە پێشتر سەرکردایەتی سیاسیی کورد هەوڵی هەڵگرتنی حەسانەی لەسەر داو لە یەکەم وتەیدا ناوچەدابڕاوەکانی بە هاوسنووری هەرێم لەقەڵەمدا، وتیشی: دەستوور بە پەلە نووسراوەتەوە.

پشتیوان، وتیشی: «بەپێی ئەو دەستپێشخەرییە لە ژمارەیەک کۆنە بەعسی خۆشبوونو ئەنجومەنی نیشتمانیی بۆ سیاسەتە ستراتیژییەکان پێکدێت، کە دژ بە دەستوورە، ئەمەش وا لە سوننەکان دەکات لەناوەوە بەپێی مادەی (١٤١)و لەدەرەوەش بە هۆی گوشارەکانیانەوە دەستوور هەموار بکەنەوە».

ڕووداوەکانی ئەم دواییەی کەرکوکو ناوچەدابڕاوەکان تێڕوانینێکی تری لە لای هەندێک دروستکردووە، کە بەو قەبارەیە نەبووە کە ڕاگەیاندنەکان باسیان لێکردووە، هەروەک پشتیوان ئەحمەد، ئاماژەی پێدەدات؛ عەرەبی ناوچەدابڕاوەکان بە بەراورد بە ڕابردوودا بێهێز بوونو ئەو دەوڵەتانەی وەک میسرو سعودیەو ئوردون کە پشتیان دەگرتن، بە کێشەی ناوخۆیی خۆیانەوە گیرۆدە بوونو دەڵێت: «باسکردنی مەترسیی شۆڤێنییو کۆنە بەعسییەکان لە ناوچەدابڕاوەکان سیناریۆیەکی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستانە، بە تایبەت کە لە هەرێمدا خۆپیشاندان لە دژی گەندەڵیی هەیە، هەر لەو ڕێگەیەشەوە هەوڵدرا خۆپیشاندانی کوردیش لە کەرکوک لەبار ببرێت دژ بە گەندەڵیی کە هێندەی من لە خولی پێشووی پەرلەماندا ئاگادار بووم، سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک بە نووسراوی ڕەسمیی گازندەی لەوە کردووە کە پارێزگار بودجەی شارەکە سەرف ناکاتو دەیگەڕێنێتەوە بۆ بەغدا».

پشتیوان، جەخت لەسەر ئەوەش دەکاتەوە؛ کە دەسەڵاتێک لەناو هەرێمی کوردستاندا گەندەڵ بێتو نەتوانێت گەندەڵییەک چارەسەر بکات، کە بە هۆی سیاسەتەکانیەوە دروستبوون، کێشەی ناوچەدابڕاوەکانیشی پێ چارەسەر ناکرێت.

دروشمی خۆپیشاندانەکانی (٢/٢٥)ی ناوچەدابڕاوەکان لە ڕێگەی ڕاگەیاندنە حیزبییەکانی کوردستانەوە دژ بە کورد پیشاندران، لەکاتێکدا ئەندامێکی کوردی ئەنجومەنی پارێزگای دیالە ئەوە ڕەتدەکاتەوە.

زیاد ئەحمەد، ئەندامی کوردی ئەنجومەنی پارێزگای دیالە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئەو خۆپیشاندانەی لە سنووری پارێزگای دیالە ئەنجامدران، دژ بە نەبوونی خزمەتگوزاریی بوو، نەک هەستی شۆڤێنییو دژ بە کورد».






هەڤاڵ کوێستانی
ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەینووسێت

لەپەرلەمانی عێراقەوە

## ڕاپۆرتی سلێمانی جیاوازبوو

لە دوا دانیشتنی هەفتەی ڕابردووی پەرلەمانی عێراقدا، ڕاپۆرتی پەرلەمانتارانی شارە جیا جیاکانی عێراق خوێنرانەوەو داخوازیی خۆپیشاندەرانی هەموو شارەکان لەو ڕاپۆرتە گشتگیرییەدا، جێیان کرابووەوە. ئەوەی کە خاڵی تێڕامانە لەو تێکەڵکردنەدا، ئەوەیە کە تووڕەییو داخوازییەکانی خۆپیشاندەرانی کوردستان، سلێمانی بە تایبەتی، لەگەڵ باقی شارەکانی دیکەی عێراقدا جیاوازبوون. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازیی لە هۆکاری سەرهەڵدانو لە سروشتو لە ئامانجەکانی ئەو خۆپیشاندانانە. ناڕەزاییو داواکارییەکانی خۆپیشاندەرانی ئەو شارانە لە بازنەی کەمیی خزمەتگوزارییەکانو بێکارییو مووچەو کێشەی نیشتەجێبوونو مەغدووریی نەدەچوونە دەرێ، لە بەرامبەردا خۆپیشاندانەکانی سلێمانی، خۆپیشاندانێکن کە سروشتی سیاسییان زیاتر هەیە تا سروشتی ترو ئەوەش لەوەدا کە داخوازییەکانی جەماوەر هەر بە مەسەلەی خراپیی ڕەوشی خزمەتگوزارییەوە نەوەستاوەتەوە، بەڵکو داوای گۆڕینی بنەڕەتیی دەکات لە سیستمی حوکمڕانییو ئیدارییو ئابووریو کۆمەڵایەتیدا. خاڵێکی تریش لە جیاوازییەکان کە جێی هەڵویستە لەسەرکردنە، پێکهاتەکانیانە. پێکهاتەی خۆپیشاندانەکانی کوردستان، وێڕای ئەوەی لە هەموو تەمەنو چینو توێژەکانی ناو کۆمەڵی تیدایە، بەڵام ئەوەی کە پێکهێنەری سەرەکیی ئەو خۆپیشاندانانەن، ئەو نەوەیەیە کە بەنەوەی دوای ڕاپەڕین پێناسە دەکرێت، نەوەیەک کە هەرچەندە بەچاوی ڕێزەوە دەڕوانێتە خەباتو قوربانییەکانی هەفتاکانو هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، بەڵام ئەو مافە نادا بە دەسەڵاتدارانی ئەمڕۆی کوردستان کە چیتر لەسەر ئەو ڕابردووە بژینو شەرعییەتی شۆڕشگێڕیی خۆیان لەوێوە وەرگرن، ئەو شەرعییەتەی کە شەڕی ناوخۆی نەوەدەکانی ئەو حیزبانە هەڵیانتەکاندووەو لە سەرووی ئەوەشەوە، ڕاپەڕینیش بە بەرهەمی خەباتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەزانن، نەک دەسەڵاتدارانی ئەمڕۆکە. ئەم نەوەیە، نەوەیەکی تەواو جیاوازە لەوانەی پێش خۆی، خەونو خەمو خواستی جیاوازی هەیەو بەدوای ڕۆڵی کاریگەری خۆیشیدا دەگەڕێت لە بەڕێوەبردنی ژیانی سیاسییو ئیدارییو کۆمەڵایەتیی میللەتەکەیدا. نەوەیەکە کە قبووڵ ناکات کەس ئازادیە کەسییەکانی لێ زەوت بکاتو فیکرو ویستو ئارەزووەکانی لە قاڵب بدات، نەوەیەکە لە دیموکراسی تێدەگاتو بە چاوی کراوەشەوە سەیری ئەزموونی وڵاتە دیموکراسییەکانی دنیا دەکاتو قبووڵیش ناکات هیچ دیکتاتۆرێک لە بەرگی دیموکراسیدا خۆی پیشانیان بدا، یان بیەوێت سیستمێکی حوکمڕانیی فەردی یان دیکتاتۆری بە سەریاندا بسەپێنێت. دیارە ئەو گۆڕانە قووڵەش کە بەسەر سیاسەتی کۆمەڵگای جیهانیدا هاتووە بەرامبەر بە داخوازییەکانی خەڵکیو حوکمی خەڵک لە وڵاتانی تردا لە پشتیوانیکردن لە پرۆسەی دیموکراسییو لە گەیشتنە ئەو دەرەنجامەی کە سەقامگیریی لە ڕێی هەبوونی حوکمی فەردیو دیکتاتۆرییەوە هەمیشە لە خەتەردایەو ئەوەی کە زەمانەتی سەقامگیرییەکی بەردەوام دەکات، تەنیا چەسپاندنی پایەکانی سیستمێکی دیموکراسییە لەو وڵاتانەدا. هەڵبەتە شۆڕشی تەکنەلۆجیاو ئەو باهۆزی گۆڕانەش کە وڵاتانی عەرەبی گرتووەتەوە، هاندەری زۆر بەهێزن لە ڕابوونی ئەو نەوەیەداو هەر کەسێکیش ئەو هێزە نوێیە نەبینێتو ئایندە بە هی ئەوان نەزانێت، لە واقیعی ئەم سەردەمە تێنەگەیشتووە.

بۆیە زۆر گرنگە کە پەرلەمانی عێراق ئەو ڕاستییە سەبارەت بە خۆپیشاندانەکانی کوردستان ببینێتو مامەڵەیەکی جیاوازیان لەگەڵدا بکاتو بە دەم داخوازییەکانیانەوە بچێتو پشتیوانییان لێبکات، ئەگەر وا نەکات، هەڵەیەکی کوشندە دەکاتو هەر درزێکیش دواتر بکەوێتە نێوان کۆمەڵگای سبەینێی کوردییو باقی خەڵکی عێراقەوە، پەرلەمانی ئێستا لێی بەرپرسیار دەبێت.

## بەرپرسەکان لە دەرەوەی بازنەی پەیوەندین

ڕاپۆرتی: عەلی ناجی

بەغدا

ڕۆژنامەنووسانی عێراق ڕەخنە لە وەڵامنەدانەوەی پەیوەندییە تەلەفۆنییەکانیان دەگرن لەلایەن بەرپرسە عێراقییەکانەوەو بەشێک لە بەرپرسانیش لەدوای وەرگرتنی پۆستێک ژمارەی مۆبایلەکانیان دەگۆڕن، «ئەم ژمارەیەی داوات کردووە داخراوە، یان لەدەرەوەی بازنەیە»، ئەمە وەڵامی پەیوەندییەکی تەلەفۆنیم بوو کە بۆ بەرپرسێکی باڵای حکومەتم کرد کە بەر لە وەرگرتنی ئەو پۆستەی لەگەڵ یەکەم زەنگدا وەڵامی دەدامەوە.

پەیوەندیی نێوان ڕۆژنامەنووسانی عێراقو بەرپرسان چەندین ئاستەمی جۆراوجۆری دێتە بەردەم، یان تەلەفۆنی بەرپرس داخراوە، یان ژمارەکەی گۆڕیوە، یان بەدەست سکرتێرەکەیەوەیە، بۆیە ڕۆژنامەنووس وەڵامی ئەو پرسیارە گرنگانەی دەست ناکەوێت کە پێویستە بیگوازێتەوە بۆ جەماوەر، بۆ دەربازبوون لەو گلەییە هەندێک لە بەرپرسە حکومییەکان وتەبێژ دادەنێن بۆ وەزارەت، یان دەزگاکەیان کە هەندێکجار وتە نابێژێت، یان زانیاریی تەواوی لەسەر پرسە گرنگەکانی تایبەت بە وەزارەتەکەی لا نییە، کە ڕۆژنامەنووس دەیەوێت، ئەوە جگە لەوەی بە گۆڕینی ژمارەی مۆبایلی بەرپرس، یان پەرلەمانتارەکان خۆیان لەو دەنگدەرانەیان دەشارنەوە کە بە دەنگی ئەوان ئەو دەسەڵاتەیان پێدراوە.

عەبدولڕەحمان ئیبراهیم، ڕۆژنامەنووس لە ڕۆژنامەی بەیانی عێراقی پێیوایە؛ زۆرینەی وەزیرو پەرلەمانتارەکان لەو چینە کۆمەڵایەتییەوە هاتوون، کە لە ئاستێکی سیاسیی پلە باڵادا نینو کاتێکیش پۆستەکانیان وەردەگرن، کێشەیەک لە زیهنیەتیاندا دروست دەکاتو تووشی نێرجسیەت دەبنو ناتوانن ئیستیعابی هاوڵاتییانو لە نێویاندا ڕۆژنامەنووسان بکەن، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئەو هەستە وا لەو بەرپرسە دەکات لە دەنگدەرانو کەسە نزیکەکانی خۆی دووربکەوێتەوەو دەستی دەستیش بە ڕۆژنامەنووسان بکات».

ئەو ڕۆژنامەنووسە جەختی لەسەر ئەوەشکردەوە؛ کە نەدانی لێدوان بۆ کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لە لایەن بەرپرسەکانەوە، ترسە لە ڕەخنەی دواتری سەرۆکی ئەو کوتلەیەی ئەندامێتی، یان دەترسێت نزمیی ئاستی ڕۆشنبیریی دەربکەوێت، بۆیە هەمیشە دوای لێدوانەکانیش دەڵێت: «وتەکانم شێوێندراوە».

بەڵام وتەبێژی فراکسیۆنی هاوپەیمانیی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەرگریی لە وەڵامدانەوەی پەیوەندیی تەلەفۆنیی ڕۆژنامەنووسان لەلایەن بەرپرسەکانەوە دەکاتو پێیوایە: «سەرقاڵن».

موئەیەد تەیب، بۆ ڕۆژنامەی ڕوونکردەوە: کە دوورکەوتنەوەی بەرپرسان لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن چەند هۆکارێکی هەیە، لەوانە زۆریی کەناڵەکانو سەرقاڵیی ڕۆژانەی بەرپرسەکان لە کاروبارەکانیانەوە کە پێویستی بە پشوودان هەیە، وتیشی: «کەسانێکی نامۆ بە ناوی ڕۆژنامەنووسانەوە هەن کە وەک لە کایەی سیاسییدا بەدی دەکرێتو بە پرسیارەکانیان بەرپرسەکان شەرمەزار دەکەن».

ئەمە لەکاتێکدایە تائێستا لە عێراقدا یاسای بەدەستهێنانی زانیارییو ڕۆژنامەوانیی لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە دەرنەکراوە، کە کاری ڕۆژنامەنووسان لە بەردەستکەوتنی زانیارییو ناچارکردنی بەرپرسان بۆ وەرگرتنی لێدوان ئاسان دەکات.

هادی مەرعی، سەرۆکی ڕوانگەی ئازادییە ڕۆژنامەوانییەکانی عێراق جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە؛ کە ئەو کەموکورتییەی لە بەرپرسەکاندا هەیە لە مامەڵەکردن لەگەڵ ڕۆژنامەنووساندا، پەیوەندیی بە پەروەردەیانەوە هەیە کە لە ژینگەیەکی نموونەییدا نەبوونو لە ڕووی ڕۆشنبیریی سیاسیشەوە بێهێزن، هەر بۆیە بە وتەی ناوبراو بە چاوێکی دوژمنکارییەوە لە خەڵکانی تر دەڕواننو لە ڕاگەیاندنەکان دووردەکەونەوەو بە کەم تێیان دەڕوانن.

مەرعی، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «کەسێک کە لە پۆستێکی نزمەوە دەچێتە پۆستێکی باڵا، هەست دەکات لە ژینگەی پێشووی ئازاد بووە، بۆیە مامەڵەی دەگۆڕێتو ئەو کێشەیە نەک لە عێراق، لە هەموو خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە».

هەندێک لە بەرپرسانیش ڕەخنەی توند لەو جۆرە مامەڵە ناتەندروستەی بەرپرسان لەگەڵ ڕاگەیاندنکاران دەگرنو لەو بارەیەشەوە مەیسون دەمەلوجی، وتەبێژی لیستی عێراقییە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «دوورکەوتنەوەی بەرپرسەکان تەنیا بە ڕاگەیاندنەکانەوە نەوەستاوە، بەڵکو بەرپرسەکان پشتیان لە دەنگدەرو کەسە نزیکەکانیان لە هەمان کوتلەی سیاسیی کردووەو بیانووشیان بۆ ئەو دابڕانە، سەرقاڵییانە بە کارەکانیانەوە».

بەدواداچوون




## لە زاخۆ: لقی (٨) و ناوچەی زاخۆی پارتی لە موڵکی گشتیدان

# پاش تێپەڕبوونی (٧)ساڵ بەڵێنی قەرەبوویان پێ دەدرێتەوە

راپۆرتی: لاڤە بەشارەت

جەلال تاڵەبانی، سەرۆک کۆماری عێراق لە رێگەی شارەوانیی سلێمانییەوە بە پارچەیەک زەوی قەرەبووی ئەو هاوڵاتییانە دەکاتەوە کە خانووەکانیان بەهۆی چەند پرۆژەیەکی رێگەوبانەوە تێکدراون.

ئاراس ناجی نوری، بەڕێوەبەری شارەوانیی رۆژئاوای سلێمانی بە رۆژنامەی راگەیاند: «لەسەر بڕیاری سەرۆک کۆماری عێراق، کە لە ساڵی (٢٠١٠)دا دەریکرد بۆ قەرەبووکردنەوەی چەند زەوی‌و خانوویەک لە (٢٦)ی زەرگەتەو (٢٩)ی کەرتی ئاوبارە، ئێستاش سەرقاڵی ئەوەین کە جەرد بکرێت، لەگەڵ خانووەکانی (٣٦)ی کەڵەکن‌و (٣٥)ی کانی سپیکە، ئەوانیش جەرد دەکەین‌و قەرەبوو دەکرێنەوە بە پارچە زەوییەک کە رووبەرێکی یاساییان دەدرێتێ بۆ ئەوەی سوودمەندبن لە پێشینەی خانووبەرە».



گەڕەکی کانی کوردە لە سلێمانی

فۆتۆ: رۆژنامە

بەڕێوەبەری شارەوانیی رۆژئاوای سلێمانی ئاماژەی بەوەشکرد؛ جگە لەو موڵکانەش، ئەو خانووە حکومیانەی خەڵکی تێدایە وەکو بینا حکومییەکان (شوقەکانی قالاوەو قوتابخانەی چوارباخی سەرەتایی)و ئەوانەی لەم سنوورەدان بە فەرمانێکی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران جەردمان کردوون، نزیکەی (١٠٠٠) ماڵ دەبێت زەوییان بۆ دابین دەکەین، لە کاتی بوونی زەویدا قەرەبوو دەکرێنەوە.

هەر لەناو ئەو پرۆسەی قەرەبووکردنەوەیەدا ئاراس ناجی نوری، وتی: «ئەو گەڕەکانەی لە سنووری ئێمەدان زۆربەی زۆریان کێشەکانیان چارەسەر کراوە، ئەو گوندانەی کە دەکەوێتە سنووری شارەوانیی سلێمانی‌و بەڕێوەبەرێتی رۆژئاوا، گوندەکانی: (قەرەتۆغان‌و کانی گۆمەو کەنە سوورە)، ئەوانیش کێشەیان هەیە، ئەگەر فەرمانی تەملیکیان بۆ دەربچێت، قەرەبووە دەکرێنەوە».

**بەڕێوەبەری شارەوانی: پێشتر چەند بڕیارێک لەوبارەیەوە دەرچووە**

هاوڵاتییانی ئەو گەڕەکانە بۆ ماوەی (٧) ساڵ دەبێت سەردانی لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکەن بۆ قەرەبووکردنەوەیان، لە هەموو هەڵمەتێکی هەڵبژاردنیشدا بەڵێنیان پێ دەدرێت، بەڵام قەرەبوو نەکراونەتەوە.

بەڕێوەبەری شارەوانیی رۆژئاوا لەو بارەیەوە دەڵێت: چەند بڕیارێک دەرچوو لە ساڵی (١٩٩٨و ٢٠٠٥و ٢٠٠٩) بڕیارێکی ئەنجومەنی وەزیرانیش بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو خانووانە، بەڵام زەویمان نەبووە، ئێستا لە (٢٩-٧)ی ئاوبارە زەویمان ئیفراز کردووە، قۆناغ بە قۆناغ ئەوانەی داوای قەرەبوویان کردووە، قەرەبوویان دەکەینەوە.

# دەیان موڵکی گشتیی لە زاخۆ داگیرکراون

## شارەوانی: «باوەڕناکەم هیچ زەوییەک درابێت بە بەرپرسەکان»

راپۆرتی: دیاری خالید

دەیان بیناو زەوی‌و موڵکی گشتیی قەزای زاخۆ، کراونەتە بارەگای حیزبیی‌و بەرپرسە حیزبییەکان‌و سەرۆکی شارەوانیی زاخۆش، ئەوە بەناڕاست لەقەڵەم دەدات.

بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست رۆژنامە کەوتوون، چەندین شوێنی گرنگ لە دەڤەری بادینان کە موڵکی حکومەتن، ئێستا بوونەتە موڵکی حیزبیی، لەوانە ناوچەی گۆشتفرۆشانی زاخۆ کە لەلایەن بەرپرسە حیزبییەکانەوە دەستی بەسەرداگیراوەو پێشتر موڵکی حکومەت بووەو سەیرانگای زاخۆش کە شوێنێکی گەشتیاریی تایبەتەو پێشتر (معسکر کشفی) بوو، ئێستا موڵکی کەسایەتییەکە، هەروەها هەوارگەی دەلالی نزیک پردی دەلال لە هەمان شار کە موڵکی شارەوانییە، ئێستا کراوەتە موڵکی کەسایەتییەکو شوێنی ئاهەنگگێڕان.

قەزای زاخۆ، دەکەوێتە باکووری خۆرئاوای شاری دهۆکو لە ئێستادا ژمارەی دانیشتووانی نزیکەی (١٩٠) هەزار کەسەو بە بەشێک لە دەڤەری زەرد، یان ئیداریی پارتی لە قەڵەم دەدرێت.

هەر بەپێی ئەو زانیارییانەی رۆژنامە، موڵکێکی تری حکومەت کە کۆمەڵگەی زاخۆی کۆنەو پێشتر بەرەی کوردستانیی تێدا بووە، ئێستا بە پارەیەکی زۆر دەفرۆشرێت، بەبێ ئەوەی خاوەنی ئێستای دیاربێت.

عوسمان ئەحمەدی تەمەن (٤٨)ساڵ، دانیشتووی زاخۆ، بەنیگەرانییەوە باسی لەو دۆخە کرد کە بە هۆیەوە شوێنی گشتیی‌و حکومیی کەمبووەتەوەو کراون بە موڵکی لایەنێکی دەسەڵات‌و وتیشی: «ئەوەی کە بەرپرسانی ئەم دەڤەرە دەیکەن، کارێکی نایاساییەو حسابنەکردنە بۆ خەڵکی هەژار، کە دەستدەگرن بەسەر شوێنە باشەکان لەم شارەداو وایکردووە کە زەوییەک نەماوە پرۆژەیەکی باشی تێدا بکرێت».



قەزای زاخۆ

فۆتۆ: رۆژنامە

ئەو هاوڵاتییەی شاری زاخۆ، ئاماژەی بەوەش دا، کە چەندین بەنزینخانەی گەورە بەناوی شەهیدان دانراون کە موڵکی حکومەتن، ئێستا کەسانی حیزبیی خاوەنیانن‌و دەیان پارچە زەوی فرۆشراون لە شارەوانی‌و کەس نازانێت خاوەنیان کێیە، وتیشی: «کەسێک پێیوتم، برۆ هەرشوێنێکت دۆزییەوە لەناو زاخۆ کە کەس خاوەنی نەبێت، بە (٥)دەفتەر دۆلار بۆت تاپۆ دەکەم».

یەکێکی تر لەو شوێنە گشتییانە کە ئێستا کراوە بە موڵکی حیزب، بارەگای لقی (٨)ی پارتییە لەزاخۆ کە پێشتر شوێنی حیزبی بەعس بووە کە نزیکەی (٥)دۆنم زەوی دەبێت، هەروەها لیژنەی ناوچەی زاخۆ کە بارەگایەکی حیزبییە، پێشتر شوێنی جەیش شەعبی بووە کە موڵکی گشتییە.

هاوکات چاودێرانی سیاسیی، نەبوونی یاساو دەسەڵاتی مەدەنی بەهۆکاری لێنەپرسینەوە لەو دۆخە دەزانن.

ئەنوەر کۆچەر، چاودێری سیاسیی‌و دانیشتووی زاخۆ، بۆ رۆژنامە ئاماژەی بەوەدا کە ئەوەی دەکرێت «فەزاحەتن» بەرامبەر خەڵکی، ئەوەش بۆ نەبوونی قانوون دەگەڕێتەوەو هەرکەس بۆخۆی‌و بەرژەوەندیی حیزبایەتییە، نەک بۆ میللەت.

ئەو چاودێرە، داوای لەحکومەت کرد، رێگە لەو داگیرکارییە بگرێت‌و وتیشی: «ئەگەر بمانەوێت باسی پاشەڕۆژی ئەم شارە بکەین، پێویستە لەپێش هەموو شت پلان بۆ تەجاوزات‌و کاری دەستگرتن بەسەر ماڵی گشتیی دابنێین، چونکە جێگەی پرۆژەی مەزن نەماوە».

لەلایەکی ترەوە، سەرچاوەیەکی ئاگاداری شاری زاخۆ کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکات، بۆ رۆژنامەی روونکردەوە کە شەقامی ئیبراهیم خەلیل بە هەردووبەریەوە، فرۆشراوە کە هەمووی موڵکی حکومەتەو کەس نازانێت پارەکەی بۆکێ دەبێت‌و قوتابخانەی بەدرخانیش کە کۆنترین قوتابخانەی زاخۆیە، هەوڵێک هەیە بە ناوی کوڕی بەرپرسێکەوە بکرێت بە باڵەخانە.

**سەرچاوەیەک: ئیبراهیم خەلیل بە هەردوو بەرەوە فرۆشراوە**

بەڵام لە بەرامبەردا، بەرپرسە ئیدارییەکان، نکوڵی لە داگیرکردنی موڵکو ماڵی گشتیی دەکەن لەلایەن بەرپرسانەوە.

لەوبارەیەوە، موحسین سندی، سەرۆکی شارەوانیی زاخۆ، بە رۆژنامەی راگەیاند: «ئەوە راست نییەو زەوی لەسەر کەس تاپۆ نەکراوەو باوەڕناکەم زەوییەک پێشتر موڵکی حکومەت بێت، ئێستا درابێت بە بەرپرسەکان».

سەبارەت بە فرۆشتنی موڵکەکانی ئەمبەرو ئەوبەری جادەی مەرزی ئیبراهیم خەلیلیش، وتی: «ئەوە لەسەر شارەوانیی زاخۆ نییەو نازانم‌و ئاگام لێی نییەو ناتوانم قسەی لەسەر بکەم».


ئابووری

## بڕیاردەری لیژنەی دارایی: دۆخەکە هەرچۆنێک بێت دەبێت گفتوگۆی بودجە بکرێت

**سەنگەر کوردە:** لە دەستپێکردنەوەی دانیشتنەکانی پەرلەمانی کوردستاندا خوێندنەوەی یەکەم بۆ پرۆژەیاسای بودجەی ساڵی (٢٠١١)ی هەرێمی کوردستان دەکرێت.

دلێر مەحمود، بڕیاردەری لیژنەی داراییو کاروباری ئابووری لە پەرلەمانی کوردستان، لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامە وتی: «بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی (٢٠١١)، گەیشتووەتە پەرلەمانو بە بۆچوونی من لە دەستپێکردنەوەی دانیشتنەکانداو لە یەکەم دانیشتنی پەرلەمان خوێندنەوەی یەکەمی بۆ دەکرێت».

لە بارەی دواکەوتنی گفتوگۆکە بەهۆی بارودۆخی کوردستانیشەوە وتی: «ناکرێت بارودۆخو خۆپیشاندان کاریگەریی هەبێت، بەوپێیەی خۆپیشاندانەکان داواکاریی خەڵکنو دواکەوتنی بودجەش دەبێتە هۆی دواکەوتنی جێبەجێکردنی داواکارییەکان، بۆیە دۆخ ئارام بێت یان نا پێویستە گفتوگۆ لەسەر بودجە بکرێتو پەسەند بکرێت.



ڕاڤەبودجەی

**عەلی حەمەسالّح**

## حیزب، وەک ئافاتێکی گەورە بۆ میللەت

# (٤٢,٥٪)ی مووچە بۆ وەزارەتە حیزبییەکانە

**بەشی دووەم**

**تۆ ڕێگا بۆ بردنی پارەی میللەت**

جگە لە داگیرکردنی ئەو دەیان دۆنم زەوییەی کە ئەگەر ئێستا بە نرخی ڕۆژ ساغ بکرێتەوە، بە دەیان ملیاردۆلار مەزەندە دەکرێت، کە پارەیەکی زۆر لە بودجەی گشتیی بۆ حیزب برابێت، جگە لە داهاتی نەوتو داهاتەکانی دیکە، حیزب لە بودجەشدا دەستی خستووەتە بینەقاقای میللەت، ڕەنگە لە ماوەی ڕابردوو تەنیا باسی ئەوە کرابێت کە یەکێتیو پارتی مانگانەیەکی زۆر بۆ خۆیان دەبەن، بەڵام ئەو ڕێگایانەی دیکە کە یەکێتیو پارتی لە ڕێگایەوە پارەی گشتیی دەبەن، زۆر زیاترە لە ئەو پارانەی کە مانگانە وەک بودجەیەک دەدرێتە یەکێتیو پارتی، یەکێتیو پارتی لە کوردستاندا بە چەندین ڕێگای جیاواز بودجەی گشتییان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بەکارهێناوە.

لە بەشی یەکەمی ئەم نووسینەدا، قسەم لەسەر سێ ڕێگا کرد کە حیزب بەهۆیەوە بودجەی گشتیی بۆ بەرژەوەندیی خۆی بەکاردەهێنێت، کە ئەویش خانەنشینکردنی کادیرێکی زۆری حیزبییە کە بە پلەی وەزیر دەستپێدەکات تاوەکو فەرمانبەری ئاسایی، ڕێگایەکی دیکە؛ ئەوەبوو کە حیزب کادیرەکانی خۆی کردووەتە فەرمانبەر بەبێ ئەوەی فەرمانبەری حکومەتی هەرێمی کوردستان بن، واتە لەبری ئەوەی لە فەرمانگەیەکی حکومەتدا ڕۆژانە دەوام بکەن، لە لقو مەڵبەندو بارەگا حیزبییەکاندان. خاڵێکی دیکە؛ کە لە نووسینی پێشووتردا قسەم لەسەر کرد، ئەو هەموو بینایە بووە کە لەسەر بودجەی گشتیی بۆ یەکێتیو پارتی دروستکراوە.

لەم نووسینەشدا قسە لەسەر چەند ڕێگایەکی دیکە دەکەم کە حیزب بەهۆیەوە بودجەی گشتیی بۆ بەرژەوەندیی خۆی بەکارهێناوە.

**وەزارەتەکانی حیزب**

لە حکومەتەکەی یەکێتیو پارتیدا، ئەگەر حیزبیی نەبیت، لە هیچ وەزارەتێکدا بە بەڕێوەبەری بەشیش پۆستت نییە، نەک بەڕێوەبەری بەشیش زۆرجار ئەگەر حیزبیی نەبیت، تەسکییەی ئەوەشت بۆ ناکرێت دانامەزرێیت وەک فەرمانبەرێکی ئاسایی، بەڵام قسەکردنی ئێمە لەسەر ئەمە نییەو گەر چاوپۆشیی لەمە بکەینو ئەوانیش نکوڵیی لێبکەن، ئەوا کۆمەڵێک وەزارەتو دامەزراوە هەن بەتەواوەتی لەژێر هەیمەنەی حیزبدانو جگە لە ڕەنگی زەردو سەوز، هیچی دیکە نابینن، ئەم وەزارەتانە زۆرینەی مووچەی فەرمانبەران بۆ ئەوانە.

مەبەستی من ئەوە نییە کە مووچەی فەرمانبەرەکانی ئەم دامەزراوانە کەم بکرێنەوە، بەڵکو پێویستە زیادیش بکرێن بەشێوەیەک کە هاوتابێت لەگەڵ هاوپیشەکانیان لە شارەکانی دیکەی عێراق.

لێرەدا ئاماژە بەو وەزارەتانە دەدەم کە لەژێر هەیبەتی حیزبدانو زۆرینەی مووچە بۆ ئەوانە.

* وەزارەتی دارایی: ئەم وەزارەتە جگە لەوەی تاوەکو ئێستا بەفیعلیی وەک دوو وەزارەت کار دەکات، بۆ دوو ئیدارەی پێشووی یەکێتیو پارتی، ژمارەیەکی زۆری کادیرە حیزبییەکانی یەکێتیو پارتی فەرمانبەری ئەم وەزارەتەن، پارساڵ وەزارەتی دارایی (٣٧) هەزارو (٧٨٨) مووچەخۆری هەبوو، بەشێکی زۆریان کادیری حیزبینو بەبێ ئەوەی بۆ چرکەیەکیش فەرمانبەربن، مووچە لەم وەزارەتە وەردەگرن، هەر لە پارساڵدا (٥٥٩)ملیار دینار کە (٤٦٩)ملیۆن دۆلار دەکات، مووچەیان بووە، ئەگەر ڕێژەیەکی گشتیش وەربگرین هەر فەرمانبەرێکی سەربەم وەزارەتە لە ساڵێکدا (١٢)هەزارو (٤٢٩)دۆلار وەردەگرێت، لەکاتێکدا ئەگەر ڕێژەیەکی گشتیی بۆ فەرمانبەرانی وەزارەتی پەروەردە وەربگرین؛ (٦)هەزارو (٤٢١)دۆلارە، چونکە (١٤٣)هەزارو (٣١٤) فەرمانبەری هەیەو مووچەی ساڵێکی هەمووشیان ترلیۆنێکو (١٤١)ملیار دینارە. بەپێی ئەم شیکردنەوەیەی سەرەوەش، مووچەی هەر فەرمانبەرێکی وەزارەتی دارایی دوو ئەوەندەی مووچەی فەرمانبەرێکی وەزارەتی پەروەردەیە، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە؛ کە لەبەر ئەوەی بەشی هەرە زۆری کادیرە حیزبییەکان بە پلەی باڵا وەک بەڕێوەبەرو ڕاوێژکار دامەزراون، مووچەکانیان زۆر بەرزە.

* وەزارەتی پێشمەرگە: پێویستە مووچەی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان هاوتابێت لەگەڵ مووچەی کارمەندانی وەزارەتی بەرگریی عێراقو پێشمەرگەش بکرێتە موڵکی نیشتمان، بەڵام لەبەر ئەوەی تاوەکو ئێستا پێشمەرگە لەژێر هەیمەنەی حیزبدایەو حیزب لەبری حکومەت جوڵەیان پێدەکات، تاوەکو ئێستاش ژمارەی هێزی پێشمەرگە بە نەزاندراویی ماوەتەوەو وەزیری پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەڵێت؛ ژمارەی هێزی پێشمەرگە (١٩٥) هەزار کەسەو بەپێی میلاکاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە مووچەیان بۆ تەرخانکراوە (١٢٢) هەزار کەسە، خەرجیی ساڵی (٢٠٠٩)ی پێشمەرگە لەسەر بودجەی گشتیی (٩٧١)ملیارو (٦٦٦)ملیۆن دینار بووە، گریمان ژمارەکانی وەزیری پێشمەرگە دروست نییەو بە لێکدانەوەو وەرگرتنی ڕێژەی سەدیی پشت بە میلاکاتی حکومەتی هەرێم دەبەستین، حکومەت پارساڵ (٥٩٦)ملیار دیناری تەرخانکردووە بۆ (١٢٢)هەزارو (٤٧١)مووچەخۆری وەزارەتی پێشمەرگە، ئەگەر ڕێژەیەکی گشتیی وەربگرین ساڵانەی هەر مووچەخۆرێک (٤)هەزارو (٦٥) دۆلارە، لەکاتێکدا ڕێژەی تێکڕایی بۆ مووچەخۆرێکی وەزارەتی دارایی کە زۆربەیان کادیری حیزبین (١٢)هەزارو (٤٢٩) دۆلارە، بە وەرگرتنی ڕێژەی تێکڕایی مووچەی کادیرێکی حیزبیی لەسەر بودجەی حکومەت، سێ ئەوەندەی مووچەی پێشمەرگەیەکە.

* ئاسایش: گومان لەوەدا نییە ئێستا ئاسایش لە سنووری پارتی ئاسایشی پارتییەو لە سنوری یەکێتیش ئاسایش لەژێر دەسەڵاتی یەکێتیدایە، لە پارساڵدا ژمارەی فەرمانبەرانی ئاسایشی گشتیی سلێمانی (١٧)هەزارو (٦٧٨) فەرمانبەرەو مووچەی ساڵێکی هەموویان (١٢٥)ملیار دینارەو ژمارەی فەرمانبەرانی ئاسایشی هەولێریش (١٨)هەزارو (٨١٩)کەسەو مووچەی ساڵێکی هەموویان (١٤٠)ملیار دینارەو لە بودجەی گشتیی پارەیان بۆ تەرخان دەکرێت، ئەمە جگە لە دەزگای زانیارییو پاراستن کە تاوەکو ئێستا بە نەزاندراویی ماوەتەوە.

* وەزارەتی ناوخۆ: هەرچەندە وەزارەتی ناوخۆ ئێستا یەکیگرتووەتەوە، بەڵام زۆر ئەستەمە لە ناوچەی دەسەڵاتی یەکێتیدا ئێستا کەسێک وەک کارمەندی ئەم وەزارەتە دابمەزرێتو یەکێتی نەبێت، هەر وەک هەمان شت لە ناوچەی دەسەڵاتی پارتیدا ئەستەمە، بەشی هەرە زۆری کارمەندانی ئەم وەزارەتەش لەبری ئەوەی بەرگریی لە میللەت بکەن، پاسەوانی بەرپرسە حیزبییەکانی یەکێتیو پارتیو بارەگا حیزبییەکانیانن، ژمارەی فەرمانبەرانی وەزارەتی ناوخۆش لە پارساڵدا (٩٥) هەزارو (٩٨٣)کەسەو مووچەی ساڵێکیشیان (٧٠٥)ملیار دینارە.

حکومەتی هەرێم پارساڵ (٦٢٥)هەزارو (٨٤٩) مووچەخۆری هەبووە، بەشی هەرە زۆریان ئەوانەن کە لەژێر دەسەڵاتی حیزبدان، بە ئاسایشو وەزارەتی پێشمەرگەو ناوخۆو داراییەوە (٢٩٢)هەزارو (٧٣١)مووچەخۆریان هەیە، لەو بودجەیەش کە مووچەی فەرمانبەران تەرخانکراوە، بەشی هەرە زۆری بۆ ئەم دەزگاو وەزارەتە حیزبییانەیە کە لە (٤) ترلیۆنو (٩٩٩)ملیار دینار کە پارساڵ بۆ مووچەی فەرمانبەران تەرخانکرا، (٢)ترلیۆنو (١٢٥)ملیار دیناری بۆ ئەو وەزارەتانەیە کە لەژێر دەسەڵاتی حیزبدان، بەم پێیەش؛ (٤٢,٥٪)مووچەی فەرمانبەرانی کوردستان بەشێوەی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ، دەچێتە خزمەتی حیزبەوە لە ڕێگای ئەم دەزگاو وەزارەتانەوە کە ئێستا حیزب بەڕێوەیان دەبات.

**ڕێکخراوەکانی حیزب**

یەکێک لە سیما جوانەکانی وڵاتی دیموکراتیی، هەبوونی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنییەو گومانیش لەوەدا نییە کە چەند ڕێکخراوێکی کۆمەڵگای چالاک کە ژمارەیان زۆر کەمە لە هەرێمی کوردستاندا هەیە، بەڵام ژمارەی ڕێکخراوە حیزبییەکان زۆرن.

لەماوەی ساڵانی ڕابردوودا، بەپشتیوانیی حیزبو کەسانی ناو حیزب، دەیان سەنتەرو ڕێکخراو لە کوردستاندا کرانەوەو بەشێکی ئەم سەنتەرانە ڕۆڵی بارەگا حیزبییەکانیان دەبینیو لەپێناو بەرژەوەندیی حیزبەکەیاندا کاریان دەکرد، هەندێکیشیان نە لەپێناوی حیزبەکەو نە لەپێناوی کاری ڕێکخراوەیشدا، هیچ کارێکیان نەکردووەو وەک «مشەخۆرێک» مانگانە بودجەیەکی شیاویان لە حکومەت وەرگرتووە.

> (٦٠٪)ی بودجە چووەتە خزمەتی یەکێتیو پارتیو (٦٪) بۆ پرۆژە خەرجکراوە

بەپێی ئامارێکی فەرمی کە لە بەرپرسێکی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستانمان وەرگرتووە، لەم هەرێمە سێ شارییەدا مانگانە (٤٢٦)ڕێکخراوو سەنتەر ملیارێکو (٤٥٦)ملیۆن دینار وەردەگرن.

بەپێی بەڵگەنامەیەک؛ ئەم ژمارەیەی سەرەوە بە دروست نازانمو دروستکەی لەخوارەوە دەخەمەڕوو، گریمان ئەو ژمارەیەی سەرەوەش دروستە، ئایا ئەو دۆخەی کە ئێستا لە کوردستاندا دەیبینین بەرهەمی کاری ئەم (٤٢٦) ڕێکخراوانە بێت، ئایا جیاوازیی نێوان بوونو نەبوونیان چییە؟

کاتێک مرۆڤ بڕیاری خەرجکردنی بڕێک پارە دەدات، هەڵسەنگاندێک لەنێوان بڕە پارەی خەرجکراو و سوودی ئەو شتەدا دەکات کە پارەکەی بۆ خەرجدەکات، بەڵام لە خەرجکردنی پارە بۆ ڕێکخراوەکان تەواو پێچەوانەی ئەمە ڕوویداوە.

ئەوەی لە کوردستاندا بەناوی ڕێکخراوەکانەوە بە چەند کەسێک دەدرێت، بڕێکی ئەوەندە زۆرە کە مرۆڤ تووشی شۆک دەکات، تەنیا ساڵی (٢٠٠٩) وەربگرین، ئەو بڕەپارەیەی دراوەتە ڕێکخراوەکان، بەشێکە لە بودجەی بەکاربردنو لە بودجەی بەکاربردنیشدا لەنێو خانەی مینحە (بەخشین)، جێی کراوەتەوە، ساڵی ڕابردوو (٣٦٨) ملیۆن دۆلار، (١٣١) ملیۆنو (٢٦٤)هەزار دۆلار دراوەتە ڕێکخراوەکانو زیاترە لە دوو ئەوەندەی ئەو پارانەی کە بۆ سەرجەم پرۆژەکانی وەزارەتی پەروەردە خەرجکراوە.

بۆ ڕێکخراوە زانستییەکان (**المنظمات العلمية**) (٩) ملیارو (٣٠٩) ملیۆن دینار خەرجکراوە، ئایا ئەم ڕێکخراوە زانستییانە کامانەن کە ئەم هەموو پارەیەیان بۆ خەرجکراوەو شوێن دەستیان دیار نییە.

بۆ ڕێکخراوی زانستیی (**المنظمات الثقافية**) لە ساڵی (٢٠٠٩)دا (١٩) ملیارو (٨١٢) ملیۆن دینار خەرجکراوە، ئایا ئەم ڕێکخراوە حیزبییانە کامانەن؟



رۆژنامەچات



فاروق رەفیق: کۆبوونەوەی سەرۆکی حکومەت لە پەرلەمان لە شانۆگەرییەک دەچوو کە پێشتر دەرهێنرابێت

# چیرۆکی ئەو رۆژنامەنووسەی هەولێر کە بەهۆی لێدوانێکەوە لە دەزگاکەی دەرکرا

رابەر فاریق

**هەولێر**



هەندێک شار هەن مرۆڤ تا ژیانیان تێدا نەگوزەرێنێ، لە راستییەکانی واقیعەکەی نزیک ناکەوێتەوە... من لە هیچ شارێکی تردا نەژیاوم، سلێمانی نەبێ، ئەویش تەنیا بە سەفەرو لە ماوەی چەند رۆژێکدا، کە تەنیا لە پیسترین و هەرزانترین هۆتێلی سلێمانی ماوەمەتەوە. لەبەر کاری رۆژنامەوانییش، چەند جارێک سەرم بە شاری کەرکوکدا کردووە، ئەو شارەی وەک ئەوە وایە لەجیاتی زبڵ، مرۆڤگەلی جوانیان تێدا فرێدابێ، بەڵام لە هەردووکیان پتر، لە هەولێر هەستم بە دڵتەنگیی کردووە، چونکە پتر لە هەولێر بیرم کردووەتەوە، پتر لە هەولێر ژیانم گوزەراندووە، ئەوا ئەگەر ژیابم.

تەمەنم بیست و چەند ساڵێکە، تا ئێستا لە دەیان خانووی کرێدا ژیاوین، بەڵام هەرگیز دایک و باوکم، خوشک و براکانم و خۆم، هەستمان بە ژیانی ئازاد نەکردووە.

لە سەرەتای نەوەدەکان، ماڵمان لە (گەڕەکی مەلایان) بوو، ئاسوودە بووم. ئەوکات لە گوفەکەکاندا بە دوای توێکڵەپرتەقاڵدا دەگەڕام، چونکە باوکم پارەی نەبوو، تەنانەت بۆ ژەمی بەیانیانیش مەسرەف بکا، بەڵام لە بیرم نییە هیچکام لەو رۆژانە، وەک دوێنێ و ئەمڕۆ و ئێستا، هەستم بەو جۆرە نیگەرانییە سەرتاپاییە کردبێ. مرۆڤ بێ نان ناژی، بێ ئازادییش لە مرۆڤبوون دەکەوێ. ئازادیی هەیە، لە ناوەوەی ئینسانە، دەبێ بە دەستی خۆمان لەو بیرەوە دەری بێنین. ئازادیی سەگ نییە، تا لە خەو هەستێ، بەشێکە لە بوون، دەبێ ئەو بەشە هەمیشە لە خەوتن دوور بخرێتەوە...

رۆژی ٢٥ی شوبات، خەڵک لە دژی سیستمی تۆتالیتێریی حیزبێکی وەک پارتیدا، خۆپیشاندانیان نەدەکرد، بەڵکو دژی ستەم و نەبوونی سیستمی دیموکراسی و نەبوونی خواستەکانیان دەچوونە سەر جادە، بەڵام پارتی دژی هەموو جۆرە خۆپیشاندانێک راوەستا، تەنانەت چەند رۆژێکیش پێشتر، بە هەموو شێوەیەک ئامادەباشیی فاشیزمانەی کردبوو...

رۆژی ٢/٢٥ زیاتر لە هەر رۆژێکی تر، هەستم بە بارقورسیی ئەم شارە کرد بەسەر شانمەوە، پتر هەستم بەوە کرد، ئەوەی تێیدا دەژیم، بەر لەوەی شار بێ، مۆڵگەی هێزەکانی پاراستنە. ئەوەی لە دوێنێدا بینیم، وا بزانم نوێ نەبوو، بەڵام کۆنیش نابێ. دوێنێ نەژیام، بەڵام پتر لە هەر رۆژێکی تر، هەستم کرد. ئێستا تێدەگەم، جیاوازیی دوێنێی هەولێر لە بەرامبەر دوێنێی سلێمانیدا، تەنیا بۆ بەرنامەی (من جیاوازم)م بە کەڵک دێ.

ئەو رۆژە، سیلەی کۆڵان، گەڕەک، مزگەوت، چایخانە و خواردنگە و کافێکان، دەوروبەری هەر کام لەو کەسە دەگمەنانەی بۆنی مرۆڤ و ئازادییان لێ دەهات، بە چەند کەسی چەکبەدەستی پاراستن، گەمارۆ درا بوو، بەڵام هەر دەبوو بچمە دەرەوە. دوای نیوەڕۆ، هەرچەندە دایک و باوکم رێگر بوون لە چوونە دەرەوەم، بەڵام هەر چۆنێک بوو رازیم کردن، بەوەی کە ناچمە ریزی خۆپێشاندەرانەوە.

لە ماڵەوە، هەموو دەیانزانی دەچم، بەڵام وەک دەڵێن: «ئێستا گەورە و تەمامم»، بۆیە جگە لە نەختێک تووڕەیی، هیچی تریان دەرنەبڕی. گیرفانم هەر ئەوەندە پارەی تێدا بوو، پاکێتێکی سیگار بکڕم و لەگەڵ دۆستێکدا، دوو قاوە بخۆینەوەو بتوانم بە تاکسییەک، دوای پرتەوبۆڵە و سوێندخواردن بە درۆ، بە ٣٠٠٠ بگەڕێمەوە ماڵ... چووم، لە بەردەم چاخانەی مەچکۆ، تێکەڵی خەڵک بووم؛ زۆر هاتبوون، دڵم خۆش بوو، هەستم کرد شار پڕ بووە لە بەرزەمرۆڤی نیچەیی، بەڵام لە هەولێر. هەستم کرد، کە ئیدی دەتوانم بڵێم: «شایەدی دەدەم، لە مەودوا دەژیم»، بەڵام: هەستەکان، بینین و بیرکردنەوە نین.

بە گشتی، لەو جۆرە رۆژو ساتەوەختانەدا، مرۆڤ تاقەتی گۆرانیگوتنی نییە، بەڵام دوور لە ویستی خۆم، دەمم جووڵا: «ئەگەر فەقێیان لە مەدرەسان دەخوێنن/ ئەمن بە بێ برینان/ خوێنێ دەڕێژم».

لە دەنگهەڵبڕینی ناوەکی بوومەوە. سەرنجم لە خەڵکدا: هەر چواردەورم هێزەکانی پاراستن و زێرەڤانین، بەڵام بە جلوبەرگی مەدەنییەوە، لە بیریشیان نەچووە دەمانچەی بێ کیف هەڵگرن، بەڵام بە نیوەشاراوەیی.

نەتاساوم، بیریش لەوە ناکەمەوە: ئەوانەی لێرەن، مرۆڤ نین، هاوار دەکەن، بە زمانی کوردی، لە پێناو بنەماڵە و ئایدیۆلۆجیای ترسناکدا، هاوڵاتییانی خۆپێشاندەر دەترسێنن... ئەمانە بیرکردنەوەی لاوەکین، هەر کەسیش حەز بکا، دەتوانێ پێیان ئاشنا بێ...

> **پارتی لە باتی داوای لێبووردن لە خەڵکی سلێمانی، لوقم و پاقلاوەی حیزبیی، کە پێیان دەگوت شیرینیی سەرکەوتن، بەسەر ئەندامانی حیزب دابەشکران**


وەڕەز نەبووم، دەمپرسی: کوا مرۆڤ؟ بەڵام نەمپرسی: ئەو مەلایانە لە کوێن، کە دژی شیعر، دژی چیرۆکی ئێرۆتیکی... دژی ئەدەب رادەوەستن، بەڵام لە بەرامبەر سەرکوتکردنی خواستی هاوڵاتییاندا، بێدەنگن؟ بێ ئەوەی پێغەمبەر بم، دەمزانی هیچکام لەو مەلایانە، لە ساتەوەختی هەڵڵای پارتیدا، لە ئاودەست نەبوون.

بیرم ناکەوێتەوە پرسیبم: فەرهاد پیرباڵ لە هەولێرە؟ هۆکار چییە، کە فاروق رەفیق و شێرکۆ بێکەس خۆیان پێشان دەدەن؟ درۆ ناکەم باشە: هەر بیرم لە یەکێتیی نووسەران و نووسەرەکانی تری ئەم شارە نەکردەوە، تەنیا گوتم: پارتی، لە دژی خەڵک خۆپێشاندان ساز دەکا. ئێوارە بوو کە زانیم: گەندەڵەکان دژی ئەوە نین، خەڵک دژیان بن، بەڵام دژی ئەوەن، کە «بە دەنگی بەرز بیر بکەنەوە».

ئەوەی رۆژە بینیم، ناڵێم هیچکام لە دیکتاتۆرە گەورەکان نەیانکردووە، چوون پارتی لە ترسناکیدا بە هیچکامیان بەراورد ناکرێ. دەڵێم: ئەوەی روویدا، خۆپێشاندانی کۆمەڵێک هێزی ترسناکی پارتی بوون، دژی میللەت، تا بیسەلمێنن ئێستایش دەتوانن بێدەنگیی لە هەولێر باڵادەست بکەن و بچووکترین مافی خەڵک، کە ئازادییە، زەوت بکەن. خۆپیشاندەرانی هەولێر، خەڵکی سڤیلی ئەم شارە نەبوون، بەڵکو رێنوێنیکارانی حیزب بوون.

خۆپیشاندانەکەی (٢٥ی شوبات)ی، پارتی لە دژی میللەت و بە تایبەتیش سلێمانی، لە هەولێر سازیدا. کە سەروەختەکەیش بوو بە ئێوارە، لە باتی داوای لێبووردن لە خەڵکی سلێمانی، لوقم و پاقلاوەی حیزبیی، کە پێیان دەگوت شیرینیی سەرکەوتن، بەسەر ئەندامانی حیزب دابەش کران. ئەوەی دابەش دەکرا، ئازادییەکانی تاکەکەس نەبوو، وێنەی رەنگاوڕەنگ و جۆربەجۆری سەرۆکی پارتی بوو. ئەوەی دابەش دەکرا، دروشمی پارتی بوو، نەک پەڕۆی سپی. ئەوەی دابەش دەکرا، هێزی پۆلیسی ناحیزبیی نەبوو، تا لە پێناو بەرگریکردن لە هێمنی و ئیرادەی هاوڵاتییان، پەرت بن، بەڵکو ئەندامەکانی زێرەڤانی و پاراستن بوون، بە جلوبەرگی ئاساییەوە. ئەوەی دوێنێ روویدا، مەرگی شەهامەتی دانیشتووان و خەڵکی هەولێر بوو، بەڵام تەنیا لەم ساتەوەختەدا.

کابرا گوتەنی: «چی روو دەدا، با روو بدا». بەپێی رووداوەکانیش دەزانم: سەرانی بزووتنەوەی گۆڕان، لە پێناو دەستەبەرکردنی خواستەکانی هاوڵاتییاندا کار ناکەن، بەڵام مەجبوورن لەو رێیەوە قسە بکەن، ئەگەرچی تاکەکەس مەجبوور نەبێ ئازادییەکانی لەرێی حیزب و بزووتنەوەکانەوە بە دەست بێنێ.



## کورتو کرمانج

**ژمارەیەک هاوڵاتی بۆچوونی خۆیان لەبارەی خۆپیشاندانەکان و ئامادەبوونی سەرۆکی حکومەتی هەرێم لە پەرلەمان لەرێی رۆژنامەوە دەردەبڕن**


**ئامادەکردنی: ئاکام ئەبوبەکر**

•••••••••••••••••••••



گریان سیروان، خوێندکار:
ئەندام پەرلەمانەکانی لیستی دەسەڵات سەلماندیان ئەوان خزمەتی حیزب دەکەن نەک میللەت، ئەوان ئامانجیان پلەو پارەیە تا کار لەکار نەترازاوە دەسەڵاتە هەڵوەشێتەوە باشترە، با میلەت بەزۆر هەڵینەوەشێنێتەوە.

•••••••••••••••••••••




دیدەن عەلی: خوێندکار:
ئەگەر پەرلەمان ئاوا لێپرسینەوە لەبەر پرسەکان بکات، نەکردنی باشترە، ئەنجامی هاتنی سەرۆکی حکومەت چی بوو، چی کرد بەداخەوە بۆ ئەو پەرلەمانە کارتۆنییە.

•••••••••••••••••••••




عیسمەت مەحمود، تەمەن (٦٠) ساڵ:
مێردەکەم شەهیدەو دوو کوڕم پێشمەرگە بووە، لە خانووی کرێدا دەژیم، مێردەکەم دانا وتم ژیان خۆش دەبێت، خراپتر بوو باش نەبوو، بۆیە بە حکومەت دەڵێم نامانەوێت با هەڵوەشێتەوە.

•••••••••••••••••••••




فاروق رەفیق، توێژەری فەلسەفە:
ئەدای پەرلەمان شوێنی پرسیارە لەدوای ئەو هەموو تاوانەی کرا دەبوو هەڵویستی پەرلەمانو ئەندامەکان بەشێوەیەکی تر بوایە کۆبوونەوەی سەرۆکی حکومەت لە پەرلەمان لە شانۆگەرییەک دەچوو کە پێشتر دەرهێنرابێت.

•••••••••••••••••••••



سومەییە واحید، خوێندکار:
نزیکەی (٥) ساڵە باوکم نەبینیوە ئاسایش گرتوویەتیو بێسەروشوێنە، دەبێت دەسەڵات مل بۆ داواکارییەکانمان بدات، بە دەسەڵات دەڵێم باوکم چی کردبوو ئێمەتان سەرگەردان کرد، بەس تاوانەکەیمان پێ بڵێن هیچمان ناوێت.

•••••••••••••••••••••



دیار جەبار، کاسب:
کۆبوونەوەکەی پەرلەمان هەر سیناریۆیەکی دەسەڵات بوو، گەورەترین کێشەی پەرلەمان زۆرینەو کەمینەیە، سەرۆکی حکومەت نەتوانێ کەسێک دەستگیر بکات، بەڵام حیزب بتوانێت، لێرەدا بوون و نەبوونی سەرۆکی حکومەت لە کوێدایە.

•••••••••••••••••••••




فازڵ عەباس: ئەندازیار:
حکومەت لە ماوەی بیست ساڵ نەیتوانی ئامانجەکانی خۆی و شەقام بپێکێت بێجگە لە ئامانجی گیرفان پڕکردن و گەندەڵیی نایەکسانی، سەرۆکی حکومەت خەڵک بەگێل دەزانێت کۆبوونەوەی رووکەشی دەکەن بۆ چەواشەکردنی رای گشتیی، بەڵام ئێستا میللەت هۆشیارە.

•••••••••••••••••••••




حاجی عەلی، هاوڵاتی:
دەسەڵات پێمان دەڵێت گڵۆپێک بکوژێنەوە با ماڵێکی تر رووناک بێت، ئەی بۆ خۆی چاکسازیی ناکات بۆئەوەی وڵاتێک رووناک بێتەوە؟

•••••••••••••••••••••



ئاسۆ عیزەت، خوێندکار:
دەبوایە کاتێک سەرۆکی حکومەت خۆی لە پرسیارەکان دەدزییەوە لە پەرلەمان، بێ ئینتیمای حیزبیی یەکسەر متمانەی لێوەربگیرایەتەوە، ئەم حکومەتە شەرعیەتی نەماوە.

•••••••••••••••••••••



یەڵدا سیوەیلی، خوێندکار:
کۆبوونەوەی سەرۆکی حکومەت بێجگە لە سیناریۆ هیچی تر نەبوو بۆ ئەوەی شەقام بێدەنگ بکەن، بەڵام نەیانتوانیو سەرکەوتوو نەبوون.

پەروەردەو خوێندن

## هەڕەشە لە مامۆستایانی زانکۆی سەلاحەدین دەکرێت

**هاوڕێ عەبدوڵڵا:** بە تەلەفۆن هەڕەشەی کوشتن لە ژمارەیەک مامۆستای زانکۆی سەلاحەدین دەکرێتو داوایان لێدەکرێت، بەشداریی خۆپیشاندان نەکەن.
لە چەند رۆژی رابردوودا سێ مامۆستای زانکۆی سەلاحەدین بە ناوەکانی (م.ئەیوب سماقەیی، د.بەحری کەریم، د.سلێمان جەعفەر) لە رێگەی چەند ژمارە تەلەفۆنێکەوە هەڕەشەی کوشتنیان لێکراوەو ئاگاداریان کردوونەتەوە کە دەست لە هەڵوێستەکانیان هەڵبگرن.
د. سلێمان جەعفەر، مامۆستا لە کۆلێژی زانستیی زانکۆی سەلاحەدین، بە رۆژنامەی راگەیاند: «بە تەلەفۆن هەڕەشەم لێکراوەو پێم وتراوە واز لە گۆڕان بهێنمو بەشداریی خۆپیشاندان نەکەم، ئەگەرنا هەرچی خراپە پێم دەکەن».
هەروەک مامۆستا ئەیوب سماقەیی، ئاماژەی بەوەکرد، ماوەی چەند رۆژێکە بە تەلەفۆن هەڕەشەی کوشتنم لێکراوە بەو بیانووەی هانی خۆپیشاندانم داوە».

## سەرپەرشتیاری کەمپەینی «تۆم بە سەرۆک قبووڵ نییە»:
# دەمانەوێت پیشانی بارزانی بدەین کە جەماوەری کەمبووەتەوە

رۆژنامە
.................................

شادان عەبدول، سەرپەرشتیاری کەمپەینی «تۆم بە سەرۆک قبووڵ نییە»، ئەوە دەخاتەڕوو، کە دەیانەوێت لە رێگەی کەمپەینەکەیانەوە ئەوە بۆ بارزانی بسەلمێنن، کە جەماوەری کەمبووەتەوەو ناتوانێت سەرۆکی هەمووان بێت.


رۆژی ٢٠١١/٢/٢٤ مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ئاژانسی (AGI) ئیتاڵی ئاشکرایکرد، «ئەگەر (٥٠) هەزار هاوڵاتی هەرێمی کوردستان داوای دەستلەکارکێشانەوەم بکەن، دەست لەکاردەکێشمەوە»، دوای چوار رۆژ شادان عەبدول، کچە خوێندکاری قۆناغی یەکەمی کۆلێژی کارگێڕیو ئابووریی لە زانکۆی سەلاحەدین، بە مەبەستی ناچارکردنی بارزانی تا دەستلەکاربکێشێتەوە، کەمپەینی «تۆم بە سەرۆک قبووڵ نییە»ی پێکهێنا.

ناوبراو ئاماژە بەوە دەکات، کاتێک کە مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند، کە ئەگەر (٥٠) هەزار هاوڵاتی هەرێمی کوردستان داوای دەستلەکارکێشانەوەم بکەن، دەست لەکاردەکێشمەوە، دوای ئەو راگەیاندنە پێمباشبوو دەستبکەین بە کەمپەینێکی ئیمزاکۆکردنەوە بۆ دەستلەکارکێشانەوەی سەرۆکی هەرێم. لەگەڵ دوو گەنجی تردا لە رۆژی (٢/٢٨) لە زانکۆی سلێمانی دەستمان بە کەمپەینەکە کردو دوو رۆژی یەکەم لە زانکۆدا واژۆمان کۆکردەوەو دواتر کەمپەینەکەمان بۆ سەرای ئازادیی گواستەوەو لە ئێستاشدا کەمپینەکە فراوانبووەو دە کەس سەرپەرشتی دەکات».

هەرچەند لە هەڵبژاردنەکانی (٧/٢٥)دا مەسعود بارزانی، (٧٠٪) دەنگەکانی بەدەستهێنا، بەڵام بە بڕوای چاودێرانو بەشێک لە خەڵکی کوردستان ناوبراو وەکو سەرۆکی حیزب مامەڵەی لەگەڵ هاوڵاتییانی هەرێمەکەی کردووە، نەک وەک سەرۆکی هەرێم. لە دوای رووداوەکانی (٢/١٧)ەوە دوو کەمپەینی ئیمزاکۆکردنەوە بۆ دەستلەکارکێشانەوەی سەرۆکی هەرێم پێکهێنرا.

شادان عەبدول، ئەوە ئاشکرا دەکات، تا ئێستا نزیکەی (٤٥) هەزار ئیمزامان کۆکردووەتەوەو خوێندکارانی زانکۆو هاوڵاتییان زۆر بە پەرۆشەوە بەرەو کەمپینەکە دێنو بەشێک لە خوێندکارانی زانکۆ بە خوێن ئیمزایان بۆ دەستلەکارکێشانەوەی سەرۆکی هەرێم کردووە، جگە لە سلێمانی، لە ئێستادا لە پێنجوێنو هەڵەبجەو کەلارو قەرەداغو وارماوا کەمپەینەکە بەردەوامەو بۆ شارو شارۆچکەکانی تر دەگوازرێتەوە.

سەبارەت بە ئامانجی کەمپینەکە ئەو کچە خوێندکارە وتی: «دەمانەوێت ئەوە پیشانی سەرۆکی هەرێم بدەینو پێی بڵێین کە جەماوەری نەماوەو ناتوانێت سەرۆکی هەمووان بێت، چونکە ناوبراو تا ئێستا وادەزانێت خەڵک لێی تووڕە نییەو هەموو خەڵک ئەوی دەوێت، نازانێت بە کوشتنو رفاندنو گرتنو بڵاوکردنەوەی ترسو تۆقاندنو سووتاندنی کەناڵەکانی راگەیاندن هێندەی تر خەڵک تووڕە دەبێتو جەماوەری کەمدەبێتەوە».


شادان عەبدول

پێشیوایە، سەرۆکی هەرێم تا ئێستا نەیتوانیوە سەرۆکی هەموو هاوڵاتییانی هەرێمی کوردستان بێت بەبێ جیاوازیی، بەڵکو سەرۆکی حیزبەکەی بووەو کەسێکی دادپەروەر نەبووە، قسەکانیشی تەنیا موزایەدەی سیاسییەو بۆ چەواشەکردنی دنیای دەرەوە ئەو قسانە دەکات، «ئەو هیچ کاتێک مەبەستی نییە کە دەست لە پۆستەکەی هەڵبگرێت، چونکە پۆستەکەی لە خەڵک لەلا گرنگترە، بۆیە داوا لە سەرۆکی هەرێم دەکەین، لە کورسی سەرۆکایەتی بێتە خوارەوەو دەست لەکار بکێشێتەوە».

# شۆڕشێکی نوێی خوێندکاریی دەستپێدەکات

راپۆرتی: هاوڕێو زمناکۆ
.................................

لەگەڵ رووداوەکانی هەرێمی کوردستان، شۆڕشی خوێندکارانو قوتابییان دەستپێدەکات، ئەوەش بە ئامانجی گۆڕانکاریی ریشەیی، خوێندکارانی زانکۆ داینەمۆو پێشەنگی ئەو شۆڕشەنو چاوەڕواندەکرێت زانکۆ رۆڵێکی بەرچاوی هەبێت لە گۆڕانکارییەکاندا.

بە بڕوای دەرباز محەمەد، مامۆستای زانکۆ، زانکۆکان هەڵسوڕێنەرو بزوێنەری شۆڕشەکان بوون، چونکە لە زۆربەی کۆمەڵگەکاندا، نوخبەی رۆشنبیرو زاناو خاوەن فیکر لە زانکۆکاندا کۆبوونەتەوە، ئەو فەزایەی زانکۆ بەتایبەتی لەو وڵاتانەی کە زانکۆ ئازادیی بیرکردنەوەو داهێنانی فیکرییو سیاسیی هەیە، ئەو فەزایە لە قۆناغێکدا بە ئاراستەی گۆڕانکاریی دێتە جوڵە.

لە (٢/١٧)ەوە هەرێمی کوردستان بە قۆناغێکی نوێدا تێدەپەڕێتو لە سێ هەفتەی یەکەمی خۆپیشاندانەکاندا، (٨) هاوڵاتی کوژراونو زیاتر لە (٢٠٠) کەسیش بریندارکراونو وەڵامی دەسەڵات لە بەرامبەر خۆپیشاندەران، ناڕازەییەکی توندی شەقامی کوردی لێکەوتووەتەوەو زیاتر لە (٢٥) رۆژە لە شاری سلێمانیو چەند ناوچەیەکی تر خۆپیشاندان بەردەوامەو هاوکات خوێندکارانی زانکۆی سلێمانیو کۆلێژو پەیمانگاکان بێدەنگییان شکاندووەو بەشێکی سەرەکیی ناڕەزایەتییەکان بوون.

رۆژی (٢/١٩)، خۆپیشاندانێکی هێمنانە لەنێو زانکۆی سلێمانی بەڕێوەچوو، رۆژی دواتر چەند خوێندکارێکی بەشی راگەیاندنی زانکۆی سلێمانی، «گرووپی زانکۆی سلێمانی»یان پێکهێنا وەکو گرووپێکی فشاری مەدەنیی دژ بەو کوشتنو دەستگیرکردنو ترساندنی هاوڵاتییان لەلایەن دەسەڵاتەوە.

بە بڕوای موسەننا ئەمین، مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی، زانکۆی سلێمانی رۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لە فراوانترکردنی ناڕەزاییو خۆپیشاندانەکان، بەوەش زانکۆ قۆناغێکی نوێی دەستپێکردو دەرگا داخراوەکانی بە رووی رۆشنبیرانو سیاسییەکاندا کردەوەو کۆتوبەندی ئازادییەکانی شکاند، خوێندکاران ئەو بێدەنگییەیان شکاندو ئێستا کاراکتەری سەرەکی ناڕەزاییەکانن.

موسەننا پێی وایە، ئەم جوڵەیەی ئێستای زانکۆی سلێمانی، سەرەتایەکی بەهێزە بۆ قۆناغێکی نوێو شۆڕشێکی نوێ، ئەگەر زانکۆ ئەو رۆڵە نەبینێت، شایەنی ئەوە نییە پێی بوترێت زانکۆ، چونکە گەورەترین سەرمایەی مرۆیی چالاکو رۆشنبیر لەنێو زانکۆدایەو زانکۆ کارگەی بیرو عەقڵی گەورەی کۆمەڵگەیە، لەهەموو وڵاتاندا خوێندکارانی زانکۆ لە پێشەوەی داواکارییەکانی خەڵکنو رابەرایەتییان کردووە، ئەرکی ئەم نەوەیە لە هەموو کەس قورسترو کاریگەرترە، بۆیە پێویستە زانکۆ میحوەری گۆڕانکارییەکان بێت.

هەروەها بەیان تۆفیق، ئەندامی گرووپی زانکۆی سلێمانی، مانگرتنو خۆپیشاندانی زانکۆی سلێمانی، بە شۆڕشێکی خوێندکاریی لە قەڵەمدەداتو بڕوای وایە «هیچی کەمتر نییە» لە شۆڕشەکانی رابردوو، وتیشی: ئەوەی لە زانکۆدا روویدا، دەسەڵاتی ترساندو هێندە کاریگەر بوو دەسەڵاتی تووشی شڵەژان کردو هەر لە سەرەتاوە بە هەموو شێوەیەک هەوڵیاندا بێدەنگمان بکەنو چالاکییەکان رابگرین. بەڵام بەیان وتی: «بەردەوام دەبین لە خەبات».

هاوکات لەگەڵ خۆپیشاندانی خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی، بڕیاربوو (٢/٢٥) ئەو شۆڕشە نوێیە زانکۆی سەلاحەدینیش بگرێتەوە، ئەوەش ترسی دەسەڵاتی زیاتر کردو بە مەبەستی رێگریکردن لە خۆپیشاندان، (٢/٢٤) یەکێتیی قوتابییانی سەر بە پارتی، دەوامی زانکۆی سەلاحەدینی راگرت.

دەرباز محەمەد، پێیوایە، ئەو جوڵەیەی ئێستای خوێندکارانی زانکۆ لە هەرێمی کوردستان زۆر لَخۆشکەرەو زیندوویەتی زانکۆ دەردەخات، خوێندکارانی زانکۆ خاڵی وەرچانو رۆڵی بەرچاویان هەیە لە گۆڕانکارییەکاندا، خوێندکارانی زانکۆ گوزارشت لە هەموو خەڵک دەکەن، ئەم نەوەیە دەستی بەهێزەو دەیەوێت ئەمڕۆ گۆڕانکاریی بکرێت، نەک سبەینێ، لە بەرامبەردا دەسەڵات زۆر دەترسێت لەو جوڵەیەی کە ئێستا لەنێو زانکۆدا هەیەو دەسەڵات ئیرادەیەکی بەهێزی هەیە بۆ کپکردنی ئەو جوڵەیە، چونکە پێیوایە، خوێندکاران دەتوانن رێبەرایەتیی گۆڕانکاریی بکەن.

سەرهەڵدانی شۆڕشێکی نوێی خوێندکاریی لە ئێستادا، هاندەرێکی بەهێزە بۆ بەردەوامبوونی ناڕەزاییەکانو زووتر ئەنجامدانی گۆڕانکاریی ریشەیی لە سیستمی حکومڕانیی هەرێمی کوردستان.

هەردی نەجمەدین، ئەندامی دەستەی سەرپەرشتیاری گرووپی زانکۆی سلێمانی، بە رۆژنامەی راگەیاند: «بە بەشداریکردنی خوێندکارانی زانکۆ، خۆپیشاندانەکان پێیاناوەتە قۆناغێکی قوڵترەوەو رۆڵی ئێستای زانکۆ کاریگەرییەکی باشی کردووەتە سەر رەوتی خۆپیشاندانەکانو گەیاندنی داواکارییەکانی خەڵک بەدەسەڵاتو بووەتە داینەمۆیەک بۆ گەیاندنی داواکارییەکانی سەرشەقام بە دەسەڵات».


هێرش عوسمان، خوێندکاری زانکۆی سلێمانی، ئاماژە بەوە دەکات: «زانکۆ، بەشێکی زیندووی کۆمەڵگەیەو دەمانەوێت رۆڵی کارا بگێڕین لەو گۆڕانکارییانەی کە لە هەرێمی کوردستاندا روودەدەن، زانکۆ رەنگدانەوەی هەموو کۆمەڵگەیە، لە کوڕە هەژارێکەوە لێرەیە تا کوڕی بەرپرسو کەسێکی مامناوەند، ناڕەزایەتییەکانی ئێمە کۆی گشتیی ناڕەزایەتییەکانی کۆمەڵگەیە».

کوێستان محەمەد، خوێندکاری زانکۆ، پێیوایە: «زانکۆ، پێگەیەکی بەهێزی هەیەو زانکۆ رەنگدانەوەی هەموو کۆمەڵگەیەو دەتوانێت تێبکۆشێت بۆ هێنانەدی خواستو داواکارییەکانی خەڵک».


خوێندکاران لەناو زانکۆی سلێمانی


فۆتۆ: ئاکام ئەبوبەکر

## شێرکۆ بێکەس:
## خوێندکارانی زانکۆ هاندەرن بۆ راپەڕینی خەڵک



لە هەموو دنیادا، زانکۆکان جێگەی فیکرو بیری داهێنەرانەو پێشکەوتووانەن، هەروەها هێزی گەورەی رووناکبیریین، زۆرجار کە راپەڕینە گرنگەکان روویانداوە، خوێندکارانی زانکۆ پێشەنگی بوون، بەشێکی زۆری گەنجانی زانکۆکان لە هەرێمی کوردستان، لە زۆر شت مەحرومن، بەتایبەتی ئازادیی، ئەوان لە مەشخەڵە داگیرساوەکانی رووناککەرەوەی رێگەی خەڵکن. لەم خۆپیشاندانانەی ئێستادا، خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی وەکو چاوگێک وان، ئەو خوێندکارانە نەوەی سەردەمی ئێمە نین، ئەوان نەوەی تەکنەلۆژیان، خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی رۆڵیان هەبووە لە جوڵاندنی زیاتری خۆپیشاندانەکانو هاندەربوون بۆ راپەڕینی هەموو خەڵک، کاریگەریی خوێندکارانی زانکۆ، کاریگەرییەکی تایبەتییە کە زیاتر لە دەسەڵاتی فیکرو زانستەوە دێتەدەرەوە.

خوێندکارانی زانکۆ، نەوەیەکن کە ئایندەیان لەبەردەمدایەو دەبێت رۆڵی گەورەیان هەبێت لە گۆڕانکاریی ریشەیی لە هەرێمی کوردستان.



گۆران ئەدهەم: بانگهێشتی چەندین لێپرسراوی حکومەتی هەرێم و عێراق و باڵیۆزمان کردووە

بەدواداچوون

# «یادکردنەوەمان ناوێت، پرۆژەمان دەوێت»

## هەڵەبجەییەکان لە (٣/١٦)دا خۆپیشاندان دەکەن

**ڕاپۆرتی: دیاری خالید**

دانیشتووانی شاری هەڵەبجە، بێزاربوون لەو بەڵێنو ئاهەنگانەی هەموو ساڵێک دەسەڵات لە (٣/١٦)دا لەو شارەدا دەیانکات، بەوهۆیەوە بڕیاریانداوە کە ئەمساڵ لەساڵیادی کیمیابارانی هەڵەبجەدا، خۆپیشاندان بکەن.

ئەمجەد عەلی، گەنجێکی (٢٤) ساڵی هەڵەبجەیەو پێیوایە کە یادی هەڵەبجە شتێکی ڕۆتینییەو دەڵێت: «لەبری یادەکە، با پرۆژەی خزمەتگوزاریی بکرێت بۆ شارەکە، ئەو پارەیەی بۆ یادەکە سەرف دەکرێت، با بۆ گەنجێک، یان شتێکی شارەکە سەرف بکرێت»، بۆیە داوا لە خەڵکی هەڵەبجە دەکات، ئەو یادە نەکەنەوە.

ئەو گەنجە هەڵەبجەییە، ئاماژە بەوەش دەکات: «هەموو ساڵێک لە (٣/١٦)دا، هەڵەبجە دەکرێت بەشاری شینو پرسە بەبێ ئەوەی کارێکی بۆ بکەنو دێن کۆمەڵێک بەڵێن دەدەن، بەڵام هیچ ناکەن، ئیتر بەسە، با بەڵێن نەدەنو یادی نەکەنەوەو پارەی بەسەرەوە نەخۆن».

شاری هەڵەبجە، لە (١٩٨٨/٣/١٦)دا لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە کیمیاباران کراو بەوهۆیەوە (٥) هەزار هاوڵاتی بوونە قوربانیی، لەئێستاشدا هەموو ساڵێک لەو ڕۆژەدا بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان شاری هەڵەبجەیان بیردەکەوێتەوەو یادی دەکەنەوە.

ئەنوەر عەرەب، یەکێکە لە ڕۆژنامەنووسەکانی شاری هەڵەبجەو بۆ ڕۆژنامە وتی: «خەڵکی هەڵەبجە، باوەڕی بەیادکردنەوە نییەو ئەوانەی کە لەناو حیزبەکاندا نین، ناچنە ئەو یادە، هەروەها ئێمە وەک ڕۆژنامەنووسانو ڕۆشنبیرانی سەربەخۆ، نامانەوێت ئەم یادە بکرێتو باوەڕمان پێی نییە».

لەبارەی ئەو خۆپیشاندانەی کە وا بڕیارە سبەینێ لە هەڵەبجە بەڕێوەبچێت، ئەو ڕۆژنامەنووسە وتی: «دەنگۆیەک هەیە کە خۆپیشاندان بکرێت، هەموو ئەگەرێک بۆ ئەو ڕۆژە هەیەو دەزگا ئه منییه کا ن و قایمقامیش ئاگادارن لێی، هەموویان حەزەری لێدەکەنو دەترسن بە ئاقارێکی تردا بڕوات».

دەسەڵاتدارانی ناوچەکە، ئاماژە بەوەدەکەن، کە هەڵەبجە لەدوای ساڵی (١٩٩١)ەوە گۆڕانکاریی زۆری بەسەردا هاتووەو گەشەی باشی بەخۆیەوە بینیوە، بەڵام ئەو ڕۆژنامەنووسە ئەوەی ڕەتکردەوەو وتی: «تا ئێستا هەڵەبجە نەبووەتەوە ئەو هەڵەبجەیەی پێش کیمیاباران، ڕاستە هەندێک بیناکراوە، بەڵام چەندین پرۆژە بۆ ئەم شارە دەرچووەو بردوویانەتە شوێنی دیکە، ئیتر چۆن خەڵک تووڕە نابن».

قا یمقا مییه تی قەزای هەڵەبجە، بۆ ئەمساڵی یادی کیمیابارانی شارەکە، وەک هەموو ساڵێکی تر، ئامادەسازیی کردووەو وا بڕیارە سبەینێ بە ئامادەبوونی بەرپرسانی حکومیو حیزبیی یادی (٣/١٦) بەڕێوەبچێت.

گۆران ئەدهەم، قایمقامی هەڵەبجە، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «بۆ یادی کیمیابارانی هەڵەبجە، بانگهێشتی چەندین لێپرسراوی حکومەتی هەرێمو عێراقیو چەند باڵیۆزخانەیەک کراوە».

هەرچەندە شەهیدانی کیمیابارانی هەڵەبجە وەک یەکو لەیەک ساتدا شەهیدبوون، بەڵام ناعەدالەتییەکی زۆر لەمووچەکەیاندا هەیەو تا ئێستا بەشێکی زۆر لەخاوەن شەهیدەکان خانوویان بۆ نەکراوەتەوە، ئەگەرچی پێشتر دەیانجار بەڵێنیان پێدرابوو.

کۆمەڵەی قوربانییانی کیمیابارانی هەڵەبجە، بەهۆی جێبەجێنەکردنی بەڵێنەکانی حکومەتو ئەو نادادپەروەرییەی لە مووچەو ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیداندا هەیە، وا بڕیارە سبەینێ بەشداریی ساڵیادی (٣/١٦) نەکات.

لوقمان عەبدولقادر، بەرپرسی کۆمەڵەی قوربانییانی کیمیابارانی هەڵەبجە، وێڕای ئەوەی کە ئەو یادە بەرز دەنرخێنێت، بەڵام بەشداریی ناکاتو دەڵێت: «ئێمە بە ڕۆژێکی تایبەت وەری دەگرین، ناخۆشە لەو ڕۆژەدا خەڵکی داواکاریی هەبێت، بەڵام بەرپرسان بەشێوەیەک دەرگاکانیان داخراوە، لەو ڕۆژەدا نەبێت ناتوانین داواکارییان لێبکەین». ئەو، بەنیگەرانییەوە باس لەوەدەکات کە «شەش کابینەی حکومەت، نەیانتوانی کێشەکانی قوربانییانی کیمیاباران چارەسەربکەن».

بەرپرسی کۆمەڵەی قوربانییانی کیمیابارانی هەڵەبجە، بۆ ڕۆژنامە وتیشی: «ئێمە ڕاستەوخۆ بە قایمقاممان وت، ناتوانین بەشداربینو بایکۆتی دەکەین ئەگەر داواکانمان جێبەجێ نەکرێن».

لەبارەی ئامادەکاریی بۆ خۆپیشاندان لە (٣/١٦)دا، لوقمان وتی: «خەڵک بەتەواویی ناڕازییە، بۆیە تەوەقوع دەکەم کە خەڵک ڕەدفیعلی دەبێت، هەرچەندە ئێمە لەگەڵ کاری خراپ نین کە ناخۆشیی لێ بکەوێتەوە».

لە ئێستادا، داواکارییەکانی کەسوکاری قوربانییانی کیمیاباران، بریتین لە دروستکردنی خانوو بۆ ئەو خاوەن شەهیدانەی کە سوودمەندنەبوون، چارەسەرکردنی بریندارانی چەکی کیمیایی، زیادکردنو یەکسانکردنی مووچەی قوربانییان، لێخۆشبوونی (٥٠٠) ملیۆن دیناری پێشینەی هاوسەرگیریی لە کەسوکاری قوربانییان، لەگەڵ ئاوەدانکردنەوەی شارەکە.



# هەڵەبجە بنکەی گرتنو گواستنەوەی نییە

**ئا: دیاری خالید**

**بەڕێوەبەری پۆلیسی هەڵەبجەی شەهید، جەخت دەکاتەوە کە زانیارییان پێگەیشتووە، لە ڕۆژی (٣/١٦)دا، لەجیاتی یادکردنەوەی کیمیابارانی هەڵەبجە، خۆپیشاندان دەکرێتو لەم ڕووشەوە لیژنەیەکی ئەمنییان بۆ پاراستنی ئارامیی شارەکە پێکهێناوە.**

عەقید ئەنوەر حاجی عومەر، بەڕێوەبەری پۆلیسی هەڵەبجە، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «بۆ ساڵیادی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە، کە وا بڕیارە سبەینێ (٣/١٦) بەڕێوەبچێت، لیژنەی ئەمنیی پێکهێنراوەو هەموو ئامادەسازییەک کراوە بۆ پاراستنی هێمنیی شاری هەڵەبجە»و داوا لە هەڵەبجەییەکانیش دەکات، ئەم یادە بەرزو پیرۆز ڕابگرن.

لەبارەی ئەگەری هێنانی هێزەکانی ناوخۆوە لەدەرەوەی شاری هەڵەبجە، عەقید ئەنوەر وتی: «لە ڕووداوی خۆپیشاندانەکاندا، ڕازی نەبووین پۆلیسێک لەدەرەوە بهێننە ناو هەڵەبجە، چونکە ئێمە ئەوەندە تواناممان هەیە کە پاڵپشت بە خەڵکی هەڵەبجە، هێمنیی شارەکە بپارێزین، چونکە ئەوەی پۆلیس بێت لای ئێمە، هەمووی خەڵکی شارەکەیەو تەنانەت خەڵکی ناحیەکانیشی تێدا نییە».

وا بڕیارە کە سبەینێ لەگەڵ ساڵیادی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەدا، لەلایەن کۆمەڵێک لە ڕۆشنبیرانو خەڵکی ناڕازیی هەڵەبجەوە، خۆپیشاندانێک سازبکرێت، عەقید ئەنوەر لەم بارەیەوە ئاماژە بەوە دەکات: «منیش ئەو دەنگۆیەم بیستووە کە لەناو خەڵکدا باس دەکرێت، بەڵام تا ئێستا هیچ سەرچاوەیەکی ڕەسمیی ئەوەی نەسەلماندووە کە خۆپیشاندان هەبێت، من داوا لە هەڵەبجەییەکان دەکەم، ئەو بۆنەیە نەکەنە ڕووداوێک وەک ئەوانەی کە ئێستا سلێمانیو کوردستانی گرتووەتەوە، ئەمە بۆنەیەکی تایبەتەو پێویست بە خۆپیشاندان ناکات، دەکرێت لە ڕۆژێکی تردا دوای یادەکە، یان پێش یادەکە، خۆپیشاندان بکرێت».

بەڕێوەبەری پۆلیسی هەڵەبجە، ڕەتیدەکاتەوە کە لەهەفتەی یەکەمی خۆپیشاندانەکانی هەڵەبجەدا، زیاتر لەکەسێک دەستگیرکرابێت، لەم بارەیەوە دەڵێت: تەنیا کەسێک گیراوە کە (٥) دەقیقە دوای ڕووداوەکە ئازادکراوە، ئەویش لەسەر داوای خۆپیشاندەران بووە، لەکاتێکدا لە ڕووداوەکەی (٢٢)ی مانگدا، (٤١) پۆلیسو کارمەندی بەڕێوەبەرێتییەکەمان لەگەڵ دوو ئەفسەرمان بریندابوون لەلایەن خۆپیشاندەرانەوەو لە ڕۆژی دواتریشدا خۆپیشاندەران هەوڵیاندا سەرۆکایەتیی شارەوانی بسووتێنن کە ئەندامی ڕێکخراوی ئاشتییە لە جیهان، لەوێش (٦) کارمەندمان بریندارکراون.

ناوبراو، باس لەوەش دەکات کە لە ڕۆژی دواتری ئەو ڕووداوەدا کە دەکاتە (٢/٢٣)، هێزەکانی پۆلیسی هەڵەبجە (١٥) خۆپیشاندەریان دەستگیرکردووە کە «دەمامکیان بەستووەو بەفەرمانی دادوەر بەپێی یاسای سزادانی عێراقی، تەنیا (١٢) سەعات بەندکراون».

بەهۆی پێکدادانی خۆپیشاندەرانو هێزەکانی پۆلیسەوە لە شاری هەڵەبجە، پۆلیسێک بەناوی (سەرکار) شەهیدکرا، بەڕێوەبەری پۆلیسی هەڵەبجەش، لەبارەی لێکۆڵینەوەکانی ئەو ڕووداوەوە، دەڵێت: ئەو خۆپیشاندانەی هەڵەبجە کە بەرەو توندوتیژیی چوو، ئێمە دڵنیابووین کە کۆمەڵێک خەڵکی دەرەوەی هەڵەبجە هاتوونو دەزانین کێن کە هەندێکیان دەمامک بەسەر بوون، دیار بوو بۆ توندوتیژیی نواندن هاتبوون، بەداخەوە ئامانجی خۆیان پێکاو تەقەیان کردو بە گوللەی دەمانچە سەرکاریان شەهید کرد.

ناوبراو، لەبارەی شەهیدکردنی سەرکارەوە زیاتر دەدوێتو ئاماژە بەوە دەکات: «توێکاریی پزیشکیمان بۆ کردووە، گوللەکە دەرکەوتووەو دەینێرین بۆ ئەدیلە جینائیە لەهەولێرو دەیسەلمێنین کە چ جۆرە دەمانچەیەکیش بووەو بەڵگەی تریش هەیەو برینداری تر هەیە لەناو خۆپیشاندەراندا کە ئەو کەسەیان بینیوە کە تەقەی لە سەرکار کردووە، ئێمە ناتوانین زیاتر بچینە ناو وردەکارییەکان، چونکە لێکۆڵینەوەکە تەواو نەبووە، ئەوکات کۆنگرەی ڕۆژنامەوانیی دەگرینو وێنەی تاوانبارەکە بڵاودەکەینەوە».

ئەو بەرپرسەی پۆلیس، ئەوەش دەخاتەڕوو، هێشتا ئەو کەسە دەستگیرنەکراوە کە تۆمەتبارە بەکوشتنی شەهید سەرکار، بەڵام بەم نزیکانە وێنەکەی بڵاودەکرێتەوە، ئاماژە بەوەش دەکات کە پێش ڕووداو ناکەوین، بەڵام «بەڵگەمان لایە کە دەتوانین بڵێین فڵانە کەس بووە».



عەقید ئەنوەر، بەڕێوەبەری پۆلیسی هەڵەبجە

دەتوانین هێمنیی شارەکە بپارێزین

عەقید ئەنوەر حاجی عومەر، باس لە پێویستی زیاتری بنکەی پۆلیس دەکات لە هەڵەبجەو ئاماژە بەوەدەکات، لەساڵی هەشتاکاندا دوو بنکەی پۆلیس هەبووە، بەڵام ئێستا ڕێگەمان بەخۆمان نەداوە کە کەمتەرخەم بینو لە ئاست داواکاریی هاوڵاتییاندا بووین، توانیومانە هەر ڕووداوێک هەبێت بچین بە دەمیانەوەو چەندین باندی دزیمان دەستگیرکردووە، جگە لەمەش وەزارەتی ناوخۆ، ڕەزامەندیی لەسەر بودجەی (٢٠١١) دەربڕیوە بۆ دروستکردنی بینایەکی گەورە بۆ پۆلیسی هەڵەبجەو ناوی دەنێین شەهید سەرکار.

لەبارەی نەبوونی شوێنی پێویست بۆ مانەوەی دەستگیرکراوان لە پۆلیسی هەڵەبجە، عەقید ئەنوەر وتی: «ئەمە یەکێکە لە گرفتەکانی ئێمە کە لە زۆرێک لە قەزاکاندا بنکەی گرتنو گواستنەوە هەیە، بەڵام لە هەڵەبجە نییە، ئەوەش مەسرەفێکی زۆرە لەسەر حکومەت، کاتێکیش زیندانییەک هەبێت، ئەگەر ماوەی سجنەکەی لە (٢٤) سەعات تێبپەڕێت، ئەوا دەینێرین بۆ سلێمانی، ئەگەر لەوکاتە کەمتر بێت، ژووری ئەفسەرەکانی بۆ چۆڵ دەکەین».

## پەیمانگایەک نەخشەی شوێنی بۆمبە کیمیاییەکانی هەڵەبجە دەکێشێت


بەدواداچوون

**رۆژنامە**: پەیمانگای ڤیوگروپ لە (٢٣)یەمین ساڵیادی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەدا نەخشەی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەو شوێنی بۆمبە کیمیاییەکانو ئەو ژێرزەمینانە بڵاودەکاتەوە کە تیایدا هاوڵاتییان شەهیدکراون.

بەشی (GIS)ی پەیمانگای ڤیوگروپ بۆ راهێنانو توێژینەوەی ئەندازیاریی، رایانگەیاند وەک هەستێکی بەرپرسیارێتی نەتەوەیی‌و مێژوویی‌و وەک وەفایەک بۆ شەهیدانو کەسوکاری شەهیدانی هەڵەبجە، هەستاون بە دۆکیۆمێنتکردنو نەخشەکردنی شوێنی بۆمبە کیمیاییەکانو ژێرزەمینە شەهیدکراوەکانی ئەو شارە.

لە نەخشەکەدا (٢٨) جێکەوتی شوێنی کیمیایی دیاریکراوە لەگەڵ دیاریکردنی (١٧) ژێرزەمین کە لەکاتی بۆمبارانکردنەکەدا هاوڵاتییان تێیدا شەهیدبوون.

عادل لەتیف بەڕێوەبەری پەیمانگاکە رایگەیاند: ئەم نەخشەیە سەرەتایەو ئاسۆیەکە بۆ بە (GIS) کردنی هەموو داتاکانی ئەو شارە، لەماوەی (٩)مانگی کارکردنی مەیدانیی‌و مەکتەبیدا تەنها ئەوەندە داتامان چنگ کەوت، کە زۆر کەمترە لە حەقیقەتی ئەو کارەساتە.



### لەیادی هەڵەبجەی ئەمساڵدا، دەسەڵات دادگایی دەکرێت

**دکتۆر فائیق محەمەد گوڵپی**

ئەم دەسەڵاتە حیزبییە خێڵەکییە دەسکەلایەی داگیرکەرانی کوردستان کە لە دوای راپەرینەوە تا ئەمڕۆ، بە زەبری گوللەو درۆو پارەو فێڵ، حوکمی هەرێمی کوردستان دەکات، لە مێژووی نوێی گەلی کوردا، چەندان کارەساتی قەوماندووە، یەک لەو کارەساتانە. کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە، لە سەرەتای بەهاری ساڵی ١٩٨٨دا، دوای کردەیەکی سەربازیی هاوبەشی هێزی پێشمەرگەی بەرەی کوردستانیی‌و سوپای پاسدارانی ئێران، شاری هەڵەبجەو ناوچەی هەورامان کەوتنە ژێر دەسەڵاتی ئێرانو هێزی پێشمەرگەی بەرەی کوردستانیی‌و بە بیانووی داگیرکردنی بەشێک لە خاکی عێراق لەلایەن سوپای پاسدارانی ئێرانەوە، سوپای رژێمی بەعس، بە بەرچاوی جیهانەوەو بێشەرمانە، بە چەکی کیمیایی شاری هەڵەبجەی بۆردومان کردو دەیان هەزار کەسی بێچەکی شەهیدو بریندار کرد. بەرپرسەکانی هێزی پێشمەرگەی ئەو کاتەو دەسەڵاتدارانی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان، وەک چۆن ئێستا نرخ بۆ سەرو سامانی گەلی کورد دانانێنو بەرامبەر خۆپیشاندان بە گوللە، گەنجو منداڵی کورد شەهید دەکەنو سامانی ژێر زەمینی‌و سەرزەمینی خەڵکی کوردستان تاڵان دەکەن، ئەو کاتەش لە کاتی کیمیابارانی هەڵەبجەدا، بە مەرگی ژنو منداڵ پێدەکەنینو سامانی بەجێماوی خەڵکی شەهیدو برینداریان تاڵان دەکرد.

پێشمەرگەکانی بیستو سێ ساڵ لەمەوبەری هەڵەبجەو حاکمەکانی ئەمڕۆی کوردستان، ئەوساش وەک ئێستە ئاگایان لە ئێشو ئازاری خەڵکی بێچەکو بێتاوانی هەڵەبجە نەبوو، وەک چۆن ئەمڕۆ بیر لە ئاسایشی خەڵکی کوردستان ناکەنەوە، ئەوساش نە خۆیانو نە ئێرانی هاوپەیمانیان هیچ ئامادەکارییان نەکرد بۆ وەڵامدانەوەی هەر هێرشێکی هەوایی سوپای بەعس، مەفرەزەی پزیشکیان بۆ چارەسەری بریندارەکانی چەکی کیمیایی نەبردە گۆڕەپانی شەڕەکە. وەک چۆن ئەمڕۆ هەرچی پۆستو ئیمتیازاتی هەرێم هەیە بەسەر خزمو بنەماڵەکانیاندا دابەشیان کردووە، پێش روودانی شەڕی هەڵەبجە، بەرپرسەکانی هێزی پێشمەرگەو حاکمەکانی ئەمڕۆی هەرێم، خزمو بنەماڵەکانی خۆیانیان ئاگادارکردەوە کە بە زووترین کات هەڵەبجە چۆڵ بکەنو خۆیان لە مەرگ بپارێزن.

ئەو دەسەڵاتەی کە لە سەردەمی جەولەی شەڕی براکوژیی دوای راپەڕیندا، چەندان جار گەنجانی هەڵەبجەی لە خوێندا گەوزاندو دوورودرێژترینو سەخترین شەڕی براکوژیی لە هەڵەبجەدا ئەنجامداو لە خۆپیشاندانی ئاشتییانەی ساڵی ٢٠٠٦دا، (کوردە)ی شەهید کردو دەیان گەنجی بریندار کرد، ئەمڕۆ لە بەردەمی لقی چوارو لە شەقامی خانەقاو لەبەردەمی مزگەوتی گەورەو لە هەڵەبجەو لە کەلارو لە چەمچەماڵ، (رێژوان، سورکێو، شێرزاد، ئۆمێد، سەرکار، بیلال، رەشیدو گەرمیان) شەهید دەکاتو هاورێکانیان بریندار دەکات.

هەڵەبجە، کێشەی کوردی بە جیهان ناساند، دەسەڵاتی کوردی هەڵەبجەی لە شەڕی براکوژیی‌و ئابڵووقەی ئابووریی‌و گەندەڵیی ئیداریدا خنکاند، هەزاران کەسی لە هەڵەبجەدا بە دەستی تاریق رەمەزانو بڕیاری عەلی کیمیایی‌و نزار خەزرەجی شەهیدو بریندار بوون، کەچی دەسەڵاتدارانی ئەمڕۆی کوردستانو فەرماندەی پێشمەرگەکانی ئەو کاتەی هەڵەبجە، وەک چۆن بکوژانی خەڵکی هەڵەبجە لە زیندان ئازاد دەکەنو ئیمزای لە سێدارەدانی عەلی کیمیایی ناکەن، ئەمڕۆش بکوژانی (کوردە، رێژوان، سورکێو، شێرزادو ئەوانی تر) دەستگیر ناکەن. ئەو سیاسەتەی لە رابردوودا دەسەڵاتی هەرێم بەرامبەر بە هەڵەبجەی پەیڕەو کردووە، بە تەمایە لەئێستادا بەرامبەر بە سەرتاپای هەرێمی کوردستان درێژەی پێبدات، ئەو ناڕەزایەتییەی خەڵکی هەرێمی کوردستان بەرامبەر بە دەسەڵات کە لە ١٧-٢دا دەستپێکردووەو بەردەوامە، پێشینەی خۆی هەیە، کارەساتی هەڵەبجەو ئەنفالو فەرامۆشکردنی خەڵکی هەڵەبجەو گەرمیانو بازرگانیکردن بە هەڵەبجەوە، هۆکارە سەرەکییەکانی تێکچوونی پەیوەندیی نێوان خەڵکو دەسەڵاتن، کاتێک یادی هەڵەبجەو کارەساتەکانی ئەنفال دەکرێنەوە، تاکو پێکهاتەکانی گەلی کورد بەشێوەیەکی چڕوپڕ مێژووی نابەرپرسیارێتی‌و بە مێگەل سەیرکردنی گەلی کوردی دێتە بەرچاو لەلایەن دەسەڵاتی هەرێمی کوردستانەوە. ناڕەزایی خەڵکی کوردستان بەرامبەر بە سیاسەتی دەسەڵاتی کوردی لە سەر ئەنفالو کیمیابارانی هەڵەبجە، ناڕەزایی خەڵکی کوردستان لە سەر سیاسەتی گشتیی دەسەڵاتو ناڕەزایی خەڵکی کوردستان لە سەر شەهیدکردنی گەنجانی خۆپیشاندانەکانی مانگی شوبات، بە هەموویەوە کۆدەبنەوەو لە بیستو سێ ساڵەی یادەوەریی کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجەدا، دەسەڵاتی کوردی، لەلایەن خەڵکەوە دادگایی دەکرێت.

# چیرۆکی ئەو گەنجەی دڵی هەڵەبجەییەکانی زامدار کردەوە

**دیاری خالید- هەڵەبجە**



مەراسیمی ناشتنی سەرکار

«تەقە مەکەن پۆلیسە، پۆلیس فریاکەون»، ئەمە دیمەنی گرتەیەکی ڤیدۆییە کە کۆمەڵێک گەنج لە شاری هەڵەبجە هاواریان دەکردو بەرەو ئۆتۆمبێلێک دەڕۆشتن تاکو بە گوللەپێکراوێک بگەیەننە نەخۆشخانەو نەمرێت، کە (سەرکار حەمە سەعید)ی تەمەن (٢٨) ساڵ بوو، کە دواتر گیانی لەدەستدا.

سەرکار، کارمەندی پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکانی هەڵەبجە، یەکێکی تر بوو لە قوربانییانی خۆپیشاندانەکانی دوای (١٧)ی شوبات، کە بە رووداوێکی تەمومژاویی‌و نادیاردا لە (٢/٢٢)دا، لە شەقامی گشتیی هەڵەبجەی شەهید فیشەکێک بەر سەری کەوتو بووە قوربانیی.

کوشتنی ئەو گەنجە زیاتر دڵگرانیی لای خزمو کەسوکاریی‌و دانیشتووانی شارەکەی دروستکردووە، بەو پێیەی نازانرێت لەبەرچی کوژراوە، کە نە خۆپیشاندەر بووەو نە پۆلیسی چەک بەدەستیش بووە، تەنیا بە جلی پۆلیسییەوە لەناو خۆپیشاندەراندا دەرکەوتووە.

سەرکار حەمە سەعید، ماوەی ساڵێکە وەک پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان دامەزراوەو خوێندکاری قۆناغی دووی پەیمانگەی تەکنیکی هەڵەبجە بوو، ئەو بە کۆمەڵێک خەونو ئاواتەوە گیانی سپارد.

وەک براو هاوڕێو کەسە نزیکەکانی سەرکار باسی دەکەن؛ لە ناچاریی‌و هەژاریدا بووە بە پۆلیسو هەتاکو مردنیش بە هەموو شێوەیەک رەخنەی لەم دەسەڵاتە هەبووەو بە بێزارییەوە ناوی بردوون.

کوشتنی سەرکار، گومانو خەیاڵی کەڵەکەبووی لای هاوڕێو نزیکەکانی دروستکردووە، چونکە دوژمنایەتی لەگەڵ خەڵکیدا نەبووە، هەرچەندە لایەنی ئەمنیی هەڵەبجە باس لەوە دەکەن؛ لە لایەن خۆپیشاندەرەوە کوژراوە، بەڵام وەک زانراوە لەناو خۆپیشاندەراندا بووەو چەکی پێ نەبووە.

جوتیار حەمە سەعید، برای قوربانیی ئاماژە بەوە دەکات؛ سەعات چواری سەر لە ئێوارە شەهید کراوەو دەوامی فەرمانگەی پۆلیسیش تا سەعات یەکی پێشنیوەڕۆ بووە، بەڵام بانگیان کردبووە وە بۆ ئەو خۆپیشاندانەی لە هەڵەبجە کراوە، وتی: «١٠ خولەک بەر لە رووداوەکە پەیوەندیم پێوە کردو پێیوتم؛ ناچمە ناو قەرەباڵغیی، کاکە سەرکارم تەنیا دارێکیشی پێ نەبوو».

جوتیار، هەر لە بارەی براکەیەوە دەڵێت: «ئەوەی ئێمەی نیگەران کردووە، نازانین لەبەرچی کوژراوە، ئازاری ئەو وای لە دایکم کردووە ناتوانێت قسە بە ئاسایی بکاتو بە جارێک کارەساتێک رووی تێکردین.

وەک براکەی روونیدەکاتەوە؛ سەرکار، سەربەخۆ بووەو سەر بە هیچ حیزبو لایەنێک نەبووەو لە هیچیانەوە نزیک نەبووە.

هێمن لەتیف، هاوڕێیەکی سەرکارە، باس لە نهێنیی ژیانی دەکات کە چەندە هەستیار بووەو هەموو خراپییەکانی دەسەڵاتو کۆمەڵگەی بینیوەو دەڵێت: «لە سەرەتای نەوەدەکانەوە هاوڕێین، سروشتی خۆی وابوو نەیدەتوانی تێکەڵی هەموو کەس بێتو بە توندیی دژی ئەم دەسەڵاتە بوو، کە بەردەوام خەڵکی دەچەوساندەوەو تەواو یاخی بوو لێی».

هێمن، دەڵێت: «ئەوەی سەرکاری کردە پۆلیس ناچاریی بوو، چونکە باری دارایی زۆر باش نەبوو، نەیدەویست لەسەر گیرفانی کەس بژی، هەر ئەمە بوو وای لێکردبوو لەگەڵ هەموو داواکانی خەڵکدا بێت».

# «عەمرەی ئازادیی»

**راپۆرتی: ئاکام ئەبوبەکر**

ستەملێکراوان لە سەرای ئازادیی شاری سلێمانی کۆدەبنەوەو هەندێکیشیان چیرۆکی ستەملێکردنیان لەلایەن دەسەڵاتەوە بۆ رۆژنامە دەگێڕنەوە.

لە ساڵی (٢٠٠٣)ەوە هۆشیار ساڵحی مێردی لەلایەن ئاسایشی سلێمانییەوە بەتۆمەتی «ئیسلامیبوون» دەستگیرکراوە، ئەمەش پاڵنەری، ژیان محەمەد، خەڵکی قەزای چەمچەماڵ بوو بۆ بەشداریکردن لە خۆپیشاندانەکانی سەرای ئازادیی‌و بەهەناسە سوارییەوە بە رۆژنامەی وت: «لە مانگی ٩ی ٢٠٠٣ هاوسەرەکەم کاتێک لەماڵەوەو لەسەر بەرماڵ نوێژی نیوەڕۆیی دەکرد لەلایەن ئاسایشەوە دەستگیرکرا، لەوکاتەوە بێسەروشوێنەو یەک جار سەردانمان کرد».

ژیان محەمەد، خاوەنی (٣) منداڵەو لە خانووی کرێدایە، گلەیی لە خراپیی گوزەرانی دەکاتو دەڵێت: «سەرچاوەی مادیمان ئەوەیە کە هاوڵاتییان بەخێر بۆمان دەهێنن ناتوانم منداڵەکانم وەک منداڵی خەڵک پارە خەرج بکەنو جلوبەرگ بکڕن ئەگەر مێردەکەم لامان بوایە بەم داماوییە نەدەژیاین».

یەکێک لە خەسڵەتەکانی خۆپیشاندانی سەرای ئازادیی فرەڕەنگییەکەیەتی لە چەندین لایەنی جیاوازەوە ئایندارو چەپ رۆشنبیرو نەخوێندەوارو کاسبو خوێندکار پیرو گەنجو ئێستاش خاوەن کەیسی ستەملێکراویان بۆ زیادبووە، هاوکات رەوەندی کوردیش لە ئەورووپا لە هەوڵی ماراسۆنییدان بۆ گەڕانەوەو بەشداریکردن لە خۆپیشاندانەکانی سەرادا، کە هەندێک بە «عەمرەی ئازادیی» ناوی دەبەن.

لانە مستەفا، نیشتەجێی وڵاتی هۆڵەندایەو لە بەر خۆپیشاندانو پشتیوانیکردنی مەیدانی ئازادیی گەڕاوەتەوە کوردستانو دەڵێت: «باشترین هەل هەڵکەوتووە بۆمان، تا وەک تاکەکانی تری دنیا لە کوردستان بژین، زۆر لام سەیرە. لە وڵاتان گوێ لە دەسەڵات دەگرێتو ئەویش گوێت لێدەگرێت، بەڵام لێرە پێچەوانەیە دەبێت ئێمە بەس گوێ لە دەسەڵات بگرین دەممان داخەین. هەروەها وتی: «لەجیاتی باوکیشم لێرەم، ئەگەر بمایە دڵنیام لێرە دەبوو».

هەرچەندە لە سنوورەکانی ژێر دەسەڵاتی پارتی هاوڵاتییان بە شێوازی جیاجیا سەرکوت دەکرێن، تا نەیەنە سەر شەقامەکانو خۆپیشاندان بکەن، بەڵام زۆرێک لە گەنجەکان روو لە سەرای ئازادیی دەکەن.

> **لە ئاکرێ بەهۆی سەرکوتکردنو هەڕەشەی پارتی، ناتوانین بێینە سەر شەقامەکان**

محەمەد عەزیز، لە ئاکرێ لەبەر رێگریی خۆپیشاندان لەلایەن پارتییەوە بڕیاردەدات لەگەڵ هاوڕێیەکی لە مەیدانی ئازادیی بەشداری بکات لە خۆپیشاندانەکان، وتی: «لە ئاکرێ بەهۆی سەرکوتکردنو هەڕەشەی پارتی، ناتوانین بێینە سەر شەقامەکان بۆیە هاتووم ئەگەر خوێنیشم برێژم لەگەڵ گەنجەکانی سلێمانیدام، هەروەها وتیشی: «زۆرێک لە گەنجەکانی بادینان ناڕازینو لەگەڵ مەیدانی ئازادین، بەڵام سەرکوتکراون».

گەوهەر یاسین، لە ناحیەی شۆڕشەوە بەشداریی دەکات لە خۆپیشاندانەکانی مەیدانی ئازادیی، بەدەم هەنسکەوە، وتی: « (واحید حسێن ئەمین)ی مێردم (٦) ساڵە نادیارە، مێردەکەم لە فەرمانگەی ئاوی کەرکوک دەوامی دەکرد، کاتێک سەرلەبەیانی ٢٠٠٦/٦/٢٦ رۆیشت بۆ دەوام، نەگەڕایەوە ئەوەی ئێمە زانیومانە لەلایەن دەسەڵاتی کوردییەوە فڕێنراوە، دواتر لەڕێگەی ناسیاوێکمانەوە پاش (١١) رۆژ لە دەستگیرکردنی لە ئاسایشی سلێمانی دۆزیمانەوە، خۆم و چوار منداڵیان سەرگەردان کرد، لەبەر خراپیی باری ئابووریمان کەرکوکمان بەجێهێشتو چووینە ناحیەی شۆڕش، وتیشی: ئەمانە هەمان کاری حکومەتی بەعس دەکەن جیاوازییەکە ئەوەیە ئەم کوردە ئەو عەرەب بوو.

بۆچوون

ئاگاداری سەرجەم نووسەرانی بەڕێزی رۆژنامەکەمان دەکەینەوە، با نووسینەکانیان لەنێوان (٥٠٠-٥٥٠) وشەدا بێت، ئەگەرنا چانسی بڵاوبوونەوەی کەم دەبێت یاخود کورت دەکرێتەوە.

# کاتێ گوتاری راگەیاندنی دەسەڵات بێڕێزیی بەرامبەر عەقڵ دەکات



عەلی زەڵمی *

خۆپیشاندانەکەی (٢/١٧) ئەو رووداوە دڵتەزێنەی لێکەوتەوە، وەک بەشێک لەو دیاردە بەرفراوانە نوێیە سیاسییو کۆمەڵایەتییە لە ناوچەکەدا روودەدات، بۆ چاودێرانو توێژەرانی بوارەکانی کۆمەڵگەو کەلتوور زۆر شتی پێوتین، لە زۆر بوارو رەهەندەوە، هەر زوو بیرمەندانی وێنەی چۆمسکی، فۆکۆیاماو سالڤۆی ژیژکو چەندین کۆمەڵناسو ئەکادیمی دیکە لە ناوەندە زانستییەکانی جیهانەوە هاتنەگۆو، پێناسەو چەمکی نوێیان ورووژاند لەمەڕ ئەو بزاڤە جەماوەرییانەی کە دوو مۆرکی سەرەکیی هەموویانی کۆدەکردەوە، ئەوانیش؛ جموجوڵەکان لەلایەن گەنجەوە رابەرایەتی دەکرێ، لەبری پارتی سیاسیی تەقلیدیی، هەروەها کاریگەریی تۆڕی کۆمەڵایەتی ئینتەرنێت زۆر بە روونی دیارو کاریگەرە، ئێمە لەم دەرفەتە کورتەدا هەوڵدەدەین قسە لەسەر گوتاری راگەیاندنی دەسەڵاتو بە وردتر راگەیاندنی پارتی بکەین، کە زیاتر لە رێگەی کەناڵە تیڤییەکانەوە خۆی نمایش دەکرد، ئاخر گوتاری راگەیاندنی دەسەڵات گرنگیی خۆی هەیە، لە سەرتاسەری راپەڕینەکانی میسر من هێندە چاودێریی کەناڵی فەرمیی میسرم دەکرد، هێندە سەیری جەزیرەو ئەلعەرەبیەم نەدەکرد، کەچی تا دوا سات ئەو دەزگایە هەر بە بێلایەنیی مایەوە، بەڵام راگەیاندنی پارتیو یەکێتی زۆر نائومێدکەرو چەواشەکار بوو لەم رووداوانەی لە کوردستان روویاندا، وێنەکانی ئەم شاشانەو وشەکانی ئەم دەنگانە جارێکی تر ئەوەیان پێوتین؛ کە راگەیاندن لەم دەڤەرەی ئێمەدا چەندە لە قەیراندایەو چەندە لایەنگرو ناپیشەگەرە.

بەکارهێنانی دەستەواژەی «ئاژاوەگێڕ»و «گێرەشێوێن»و «دەستی دوژمنان»و...هتد، ئەوەمان پێدەڵێت؛ کە ئەم گوتارە هێشتا لێوانلێوە لە نەفەسی شەڕی ناوخۆو هەروەها لەشکرە میدیاکارە شەڕەنگێزەکانی شەڕی براکوژیی هێشتا سەرمەشقن لەو دەزگایانەداو لەسەر بنەمای پاراستنی حیزبیی لە سەروو پاراستنی خەڵکو نەتەوەدایە، کار دەکەن. ترسناکترین خەسڵەت لەم چەند رۆژەی دوایی لەو گوتارە تەلەفزیۆنیانەدا بینیمان ئەوەیە؛ کە ئەوان ناتوانن وێنای جەماوەرێکی راپەڕیو بکەن لەدەرەوەی لایەنێکی سیاسیی ئۆپۆزسیۆن، ئەگەرنا ئیدی ئاژاوەگێڕن، رۆلان بارت پێماندەڵێت؛ کە چۆن وێنەو ئاماژەکان ئایدیۆلۆژیایی هەر گوتارێک پیشان دەدات، دواتریش چیرۆکەکان ئەو ئاماژانە دەکەنە گوتاری بەرجەستە، هەر وەک چۆن لە مادەیەکی ریکلامی ئەم پرۆسەیە دەبینن، کۆمەڵێک چیرۆکو گێڕانەوەی هەزەلی ئەو پرۆسە ناوەستایەی دەزگاکانی راگەیاندنی پارتی دەرخست، کە ئێمە هەوڵدەدەین ئەو نموونە چیرۆکانە بە کورتی لێرەدا بهێنینەوە، یەکێک لەو شتە سەیرو سەمەرانەی کوردستان تیڤی، کە دکتۆرێکی رۆشنبیریان هێنابوو بۆ گێڕانەوەی بیسڵەمینەوە، ئەوە بوو؛ گوایا «چۆن دەبێت خەڵکی سلێمانی هاوسۆزی خۆیان دەربڕن بۆ سەرکەوتنی گەلانی میسرو تونس، لە کاتێکدا ئەو وڵاتانە دەستیان هەبووە لە بردنی چەندەها کیژۆڵەی کورد لە کاتی پرۆسەی ئەنفالدا»، وەک ئامانجی خۆپیشاندانەکەی (٢/١٧)ی بەردەکی سەرا دیاریکرابوو بۆ هاوسۆزیی سەرکەوتنی شۆڕشی میسر، ئاخر هێنانەوەی ئەم بابەتە لەم کاتەدا بۆ ختووکەدانی نەستی تاکی کورد، وەک هەموو جار ئەمە پیشەی دەسەڵاتە لە کاتی هەڵبژاردنەکانو تەنگژەکاندا دەیهێننەوە، هیچ نییە جگە لە گەمەیەکی کۆنی دۆڕاو، زۆر هەست بە نەنگییو کەمیی خۆم دەکەم کە بینەری ئەو گوتارەمو ئەو بێڕێزییە بەرامبەرم دەکرێت تا ئەو ئاستەی بێڕێزیی کە راست پێچەوانەی ئەمە خۆی راستە، ئاخر دەبێت بوترێت؛ دەستخۆش گەنجانی شاری سلێمانی کە هاوسۆزیتان دەربڕی بەرامبەر ئەو گەلەی کە توانی دەسەڵاتێکی دیکتاتۆریی کۆنە هاوڕێی سەدام بڕوخێنێ، کە کاتی خۆی ئەو کچە کوردانەی لە سەدامی دۆستی وەرگرتووە، نەک گەنجێکی راپەڕیوی (١٨) ساڵ ئەسڵەن دوای پرۆسەی ئەنفال لەدایک بووە، سەیرو سەمەرەیەکی میدیای دیکە ئەوە بوو، کابرایەکی بە حساب ئەویش هەر دکتۆرو خوێنەوار هێنراوەتە سەر شاشەو گومان لە رەسەنی ئەو خەڵکانە دەکاتو گوایا لە شوێنانی دیکەوە هاتوون بۆ گێرەشێوێنی لە سلێمانی، جارێ نوکتەکە لەوەدایە، ئەو برادەرە دکتۆرە تەمەنی زیاتر لە (٦٥) ساڵ دەبوو، دەیوت؛ من کەسیانم نەناسیوە واتە بەشداربووانی خۆپیشاندانەکەی (١٧) شوبات، ئاخر بە چ لۆژیکێک تۆ دەبێت ئەو هەموو خەڵکە بناسی، بۆ ئەمە شاری سلێمانی پەنجاکانە، کە دەوروداوسێو گوزەرەکە هەمووی بناسی، یان ئەمە لادێیەکی بچووکە؟ لەمانەش سەیرتر ئەوە بوو کە چەند برادەرێک هاتوون، دەڵێن؛ ئێمە پەشیمانین کە بەکاریان هێنایین بۆ لێدانی بارەگای لقی (٤)ی پارتی، ئاخر ئەم مادە ئیعلامییە بە راستی دیسان یاریکردنە بە ئاوەزو ئەقڵی بینەر، بەڵام وەک وتم؛ یاریکردنێکی نەزانانە هەر هیچ نەبوایە لەبەر بێڕێزیی پێمان با گەنجیان بهێنایە، ئەم چیرۆکە بێتامو سواوانە خۆ هیلاکردنی ناوێت رۆژانە بە سەرنجێکی کەم چەندین دیمەنی هاوشێوە دەدۆزیتەوە، بۆیە ئەمانە تەنیا چەند نموونەیەکی کەم بوون، گوتاری میدیا کە هەنووکە ئەو چوارچێوە کلاسیکییەی تێپەڕاندووەو ئەمڕۆ چالاکیی راگەیاندنی تاکییو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی ئینتەرنێتو رۆژنامەگەریی ئۆنلاین، پێناسەی نوێیان بەخشیوە بە میدیاو رۆڵەکەی لە دەیەی یەکەمی سەدەی بیستویەک، بەڵام دابەزین بۆ ئەو ئاستە نزمەی گوتاری راگەیاندن کە بەو شێوازە نەشارەزاییە کە کاری وێنەی دوژمن داتاشین بێتو هەروەها خۆڵادان لە پیشاندانی وێنەی کوشتنی گەنجێکی (١٦) ساڵ لەبری ئەوە زەقکردنەوەی وێنەی شووشە شکاوێک، یان بەرد وەشاندنێک، من پێموایە؛ ئەم ئاکارە میدیاییەی ئەم گوتارە ئەنجامی دەدات کە بێڕێزییە بەرامبەر بە بینەر، وا دەکات پرسیار بکەین لەسەر وردو درشتی هەر مادەیەک دێتە دەرەوە لەو شاشانەوە، لێرەدا دەبێت گریمانەیەک بخەینە روو؛ ئەویش هۆشیاریی شەقامی کوردی زۆر بەرزترە لە هۆشیاریی راگەیاندنی دەسەڵاتو وردتر تیڤیو رۆژنامەکانی پارتی، بە جۆرێک هاوڵاتییانی کورد بە هۆی کرانەوەیان بە رووی جیهانداو بە کلیکێک گوزەر بە هەموو سەرچاوە هەواڵییەکانی جیهاندا دەکەن، لە هەموویشی گرنگتر ئەوڕۆ رۆژنامەوانی ئۆنلاینو بە تایبەتی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەک فەیسبووکو تویتەر بێ فلتەر زانیارییەکانیان دەگەنە وەرگر. ئەگەرنا بە ناچاریی گریمانەی دووەم دێتە پێشەوە، کە ئەویش ئەوەیە، ئەو راگەیاندنانە کاری چەواشەکاریی دەکەنو بەدەستی ئەنقەست دەیانەوێت ئاراستەی رووداوەکان بە ئاقاری دیکەدا بەرن، لەم بارەشدا رووبەڕووی دووجۆر راگەیاندنکار دەبینەوە، یەک: کەسانی مشەخۆرو گوێ لە مستی ئاغاکانیانو دوو: ئەوانەی ویژدانی خۆیان ئازار دەدەن لە گرفتێکی قووڵی زاتیدان، ئاخر مانای نییە دوو هەفتە خرۆشانی گەنج و پیرو چەپو راستو باوەڕدارو بێ باوەڕی شاریو لادێی رووماڵ نەکرێتو وەک ئەوەی وڵات شامی شەریف بێت.

* زانکۆی بریستۆل- ئینگلاند

# گرەوی دەسەڵات



سەمەد بێتواتەیی

خۆپیشاندانو داواکارییەکانی شەقامی کوردی کە لە ٢٠١١/٢/١٧، لە سلێمانی سەریانهەڵداوەو سەرجەم قەزاکانی سلێمانیو گەرمیانو کۆیەشی گرتووەتەوە، تەنیا لە بوارێکدا قەتیس نین، بەڵکو لە یەک کاتدا داواکاریی سیاسییو ئابووریو ئیدارییو هی تریشن، هەرچەندە لە سەرەتای خۆپیشاندانەکاندا مەترسیی ئەوە دەکرا، کە بە ئاراستەیەکی ناتەندروستدا بڕۆن، بەڵام ئەوەی مایەی دڵخۆشیی هەموو دڵسۆزان بوو، ئەوە بوو ئەو جوڵانەوە سیاسیی _ کۆمەڵایەتییە، ئاراستەی راستو شێوازی بەرزو سەردەمیانەو پێشکەوتووانەی خۆی سەلماند، ئێستاو پاش تێپەڕبوونی نزیکەی مانگێک بەسەر دەستپێکی ئەو چالاکییانەدا سەرجەم بەشداربووان دەریانخست کە چەند پشوو درێژنو چەندیش هەست بە بەرپرسیارێتی دەکەن.

بەڵام ئەوەی جێی داخە دەسەڵاتی کوردی زۆر بە خەمساردییو گوێ پێنەدانەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکاتو پێناچێ تائێستا بیەوێ لە داواکارییەکانیان تێبگات! هەر وەک ئەوەی لەبیریان چووبێتەوە کە ئێمە لە وڵاتێکی خاوەن دەستوورێکی دیموکراتیو پەرلەمانیدا دەژین (عێراق)!.

بە بۆچوونی من گرەوی دەسەڵات لە بەدەنگەوەنەهاتنی داواکاریی خەڵکی ناقایل بۆ ئەم خاڵانە دەگەڕێتەوە:

١/ تێڕادیتن لە نیازپاکیی خۆپیشاندەران:

بەو مانایەی ئەوان دەزانن خەڵکی کوردستان وڵاتی خۆیان خۆشدەوێو دەزانن لەسەر دەستی داگیرکەران زۆری چەشتووەو دیسان لە شەڕەکانی ناوخۆشدا تووشی کارەساتی ئەوتۆ بووە، کە هێشتا کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی وەک رۆژی رووناک دیارن، لەبەر ئەوە دەسەڵات پێیوایە؛ ئەگەر بێتو لانی کەمیی داواکانیشیان جێبەجێ نەکات، ئەوا پاش ماوەیەک بڵاوەی لێ دەکەن!.

٢/ وەڕسبوونی جەماوەر:

بەرپرسانی هەرێمی کوردستان وای بۆ دەچن چەند رۆژ، یان چەند حەفتەیەکی ترەو ئەگەر هەر پشتگوێخران خەڵک ماندوو دەبێو لە ئەنجامدا بێ هیوا دەبنو وازدێنن!.

٣/ دوور نییە دەسەڵات بیەوێ خۆپیشاندەران والێبکات لە ئەنجامی ماندووبوونو بێ هیوایی لە وەرگرتنەوەی وەڵامی پۆزەتیف بە ئاقاری نەخوازراودا بڕۆنو دوا جار بڵێن؛ ئەها ئەی نەمانگوت ئەوانە ئاژاوەگێڕن!! بەو پاساوەشەوە گورزێک ئاراستەی هەندێک لایەنی ئۆپۆزسیۆنو هاوڵاتییانیش بکەن!.


٤/ پێدەچێ کاربەدەستان گرەویان لەسەر ئەوەش کردبێ، کە ناقایلییو داواکارییەکان تەنیا لە سنووری پارێزگای سلێمانیو گەرمیانو کۆیەن (لانیکەم بە رواڵەت)، بەڵام ئەم هەڵسەنگاندنە بەجێ نییەو دانیشتووانی هەولێرو دهۆکیش دژی ناعەدالەتییو گەندەڵین، ئەوانیش دژی بەشبەشێنەو بێدادین. بگرە بەشی زۆری لایەنگرانی هەردوو حیزبی دەسەڵاتداریش حەز لە ئازادییو دیموکراسیو چاکسازییو شەفافیەت دەکەن.

٥/ سەبارەت بەوەش کە ئەو هەزاران کەسەی شەقام نوێنەرایەتی خەڵک ناکەن، وا چاکە بێننەوە بیری خۆیان کە میسر زیاتر لە هەشتا ملیۆن کەسە، بەڵام هەرگیز لە (٦- ٨) ملیۆن کەس زیاتر نەهاتە سەر جادەو خۆپیشاندانەکانی میسریش لە کۆی (٢٩) پارێزگا (١٠) پارێزگای تێنەپەڕاند!

٦/ لە کۆتایشدا ئەگەر دەسەڵات توانی خۆپیشاندەران بەدەستی بەتاڵ رەوانەی پشت دەرکەی ماڵەکانیان بکاتەوە، (کە زەحمەتە بتوانێ) دێتو دەست دەداتە هەندێک گۆڕانکاریی رووکەش (**سطحي**)، کە هیچ لە مەسەلە گرنگەکان ناگۆڕێو بەمەش دەیەوێت ئەم نامەیە بداتە جەماوەر، کە هەر دەسەڵات خۆیەتی چاکسازیی دەکاتو واشی پێشان دەدات گوایە، ئەو چاکسازییانەی ئەوان لەژێر فشاری ئۆپۆزسیۆنو شەقامدا نییە، بەڵکو لە بەخشندەیی دەسەڵات خۆیەتی!!!

دیارە هەمووشمان دەزانین سەردەمی ئەو جۆرە گەمانە بەسەر چووە، لێرە بەدواوە گەلان خۆیان بڕیار دەدەن چۆن دەژینو کاتی ئەوە نەماوە چەند کەسێک کە بە پەنجەی دەستێک دەژمێردرێن لە جیاتی نەتەوەیەک بیر بکەنەوەو بڕیار لەسەر شێوە ژیانی میللەت بدەن!.

# دەمکوتکردنی میدیاو دەنگی ئازاد، بۆچی؟



موتەلیب سەعید

لەبەرامبەر ئەو کۆدەنگییە نارەزاییانەی ئێستا لە وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتییو هەرێمی کوردستان بەتایبەتی بوونی هەیە دەربارەی گەندەڵیی، بێکارییو نادادگەریی کۆمەڵایەتی، دەستوەردانی حیزب لە کاروباری گشتیی، قۆرخکردنی دەسەڵات لەلایەن سیستمە دیکتاتۆرییەکانی بەشێک لە حکومەتو دەسەڵاتە قۆرخکارەکان لەسەر ئاستی دونیاو خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، لە ئێستادا خەڵکی کوردستان بەئاگان لەو رووداوانەی کە لەجیهاندا روودەدەن، گەلان بۆ گوزارشتکردنو هەڵوێستوەرگرتن داوای مافەکانیان دەکەن.

بۆماوەی سێ هەفتەیە شەقامی کوردی لە زۆربەی شارۆچکەکانی کوردستان لە بەردەوامیدان لەسەر خۆپیشاندان بە مەبەستی گەیشتنە ئەنجامێکو تا ئێستا بەردەرکی سەرای سلێمانی، رۆژانە جەماوەرێکی زۆر لەتوێژی جیاواز بەشێوەیەکی مەدەنییانە بەردەوامن لەسەر داواکانیان.

لەچوارچێوەی نارەزاییەکانداو لەپاڵ ئەو بارودۆخە نائارامەی شاری گرتەوە، لەکاتێکدا شار هەموو شەقامەکانی بەهێزی جیاواز تەنرابوو، کۆمەڵێک چەکدار کە ژمارەیان (٥٠) چەکدار بووە، هەڵدەکوتنە سەر رادیۆو تیڤی نالیاو زۆر دڕندانە هەموو کەرەستەکانی تێکوپێک دەشکێننو بیناکەشی دەسووتێنن، ئەم رەفتارە ناشارستانییە لەژێر دەسەڵاتی ئەو فرەهێزە، وێنەیەکی ترسی نائارامی دژ بەمیدیای ئازادو لەهەمانکاتدا سەرکوتکردنی دەنگی ئازادە لەشارێکی وەک سلێمانی کە مەڵبەندی رۆشنبیرییە، ئەمە لەکاتێکدا کە هەڵکوتانە سەر میدیایەکی ئازاد، یەکێکە لەپیشێلکارییەکان بەرامبەر بە یاسا.

بەداخەوە، کارەکە بەمەوە ناوەستێتو سەرەڕای ئازاردانی خۆپیشاندەران بەتایبەتی لەشاری هەولێرو شارۆچکەکانی سلێمانی، کۆمەڵێکی تر لەخۆپیشاندەرانو رۆژنامەنووسان رووبەڕووی گرتنو ئازاردان دەبنەوە. بەراشکاویی دەڵێم، هەمووومان دوولایەنی گرنگ کۆمان دەکاتەوە بۆ پێکەوەژیان کە ئاشتیو ئارامییە، ئەمەش بەبێ ئازادییو مافی هاوڵاتیبوون نایەتەدی.

سەرەتا پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان، زۆر واقیعبینانەو بەکرداریش مرۆڤدۆستانە مامەڵە لەگەڵ ئەم دۆخە هەستیارەدا بکات، لەبەرئەوەی پاراستنی گیانی هاوڵاتییان لەئەستۆی دەسەڵاتی سیاسیدایەو کە رەخنە لە دەسەڵات دەگرین، دەبێت هەمیشە خۆشمان بە بەرپرسیار بزانین لەبەرامبەر چونێتیی رەفتارکردنو هەڵوێستوەرگرتن بەرامبەر پاراستنی ئاسایشو روونەدانی گرژییو بەریەک نەکەوتن لەگەڵ هێزەکانی ناوخۆو ئاسایشدا. لەم بارودۆخە هەستیارەداو لە شەوی (٣/٦)دا، هێزێکی نەناسراو لەسەعات دوای شەو هەڵدەکوتنە سەر خێمەی خۆپیشاندەرانی سەرای ئازادییو دوای ئازاردانو لێدانی خۆپیشاندەران، خێمەو کەلوپەلەکان لەلایەن ئەو هێزەوە دەسووتێنرێت، ئەگەرچی ئەوهێزە هەرچییەک بن، هێزێکن لەپێکهاتەی ئەم حکومەتەنو ئەگەر بوترێت مانەوەی خۆپیشاندەران لەشەودا لەوشوێنەدا نایاساییە، بەڵام لێدانو ئازاردانی ئەو هاوڵاتییانە، پێشێلکارییەکی ترە بەرامبەر بە یاسا، ئەمە جگەلەوەی کە هەر هەوڵێک بۆ راگرتنی ئەو دەنگانە بە مەبەستی دەمکوتکردن، گرژییەکو ئاڵۆزییەک دروست دەکاتو رەوتی داواکارییەکانیش بە ئامانجی خۆی ناگات، لەلایەکی تر هەمان شەو لەسەعات یەکدا، هێزێکی چەکدار هەڵدەکوتنە سەر رادیۆی (دەنگ) لە کەلارو هەموو کەلوپەلەکانی لە کومپیوتەر کەرەستەو پێداویستییەکانی رادیۆکە دەشکێنن، ئەم دەستانە کێنو بۆچی وادەکەنو ئامانجیان چییە؟

ئەوە حکومەت بەو کارە هەڵدەستێت، وەک هەستکردن بە بەرپرسیارێتیو داکۆکیکردن لەبەرامبەر ئەو پیشیلکارییانەی دژ بە میدیاو رۆژنامەنووسان، چالاکوانان دەکرێت، چ بەهەڕەشە، یان لێدان، پێویستە لەبەرامبەر هەر دەستدرێژکارییەکو هەوڵێکی تێکدەرانەدا، هەڵوێستێکی مەدەنییانە بگرینەبەرو دەنگی نارەزایی خۆمان بگەیەنینە دەسەڵاتداران، تا دەستدرێژکاران، ئەو دەستانەی چاویان بەئازادییو مافی هاوڵاتیبوون هەڵنایە، رووبەڕووی یاسا بکرێنەوەو سزابدرێن. با لەوە زیاتر تاکەکانی ئەم کۆمەڵگەیەو ناوەندەکانی راگەیاندن نەکەونە بەر هەڕەشەو پەلاماردان.

بەدواداچوون

## (٢١) ڕێکخراوی گەرمیان، داوای کشاندنەوەی هێزە چەکدارەکان دەکەن

**هاوڕێ عەبدوڵڵا**

(٢١) ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنیی گەرمیان، داوای دەرکردنی ئەو هێزە چەکدارانە دەکەن، کە هێنراونەتە گەرمیانو بۆ ئەو مەبەستەش یاداشتێک دەدەنە لایەنە پەیوەندیدارەکان.

دوای ڕووداوەکانی (٢/١٧)، ناڕامیی باڵی بەسەر شاری کەلاردا کێشاوەو لە ئەنجامی خۆپیشاندانەکانیش، هاوڵاتییەک کوژراوەو (٣٠) کەسی تر بریندارکراونو دووجاریش هێرشکراوەتە سەر ڕادیۆی دەنگ لە کەلار.

هاوکات دوێنێ، (٢١) ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنیی گەرمیان، لە ڕێگەی ئیدارەی گەرمیانەوە، یاداشتێکی (٣) خاڵییان ئاراستەی حکومەتو پەرلەمان کرد.

عەدنان قوربانی، ئەندامی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی گەرمیان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «دیارترین داواکارییەکانمان بریتیین: لە ئاساییکردنەوەی بارودۆخی گەرمیانو کشاندنەوەی هێزە چەکدارەکانو ئەنجامدانی چاکسازیی لە ئیدارەی گەرمیان».

# جلڕەشەکـــــانی کەلار..

راپۆرتی:
**گەرمیانی حەمەی پوور**



فۆتۆ: ڕۆژنامە

جلڕەشەکانی کەلار

### سەرەتای سەرهەڵدانی ناوی جلڕەشەکان

جلڕەشەکانی کەلار، لە ساڵی ٢٠٠٨ بۆ یەکەمجار لە ڕاگەیاندنەکاندا وەکو کۆمەڵە گەنجێکی ئاژاوەگێڕ لە گەرمیان (شاری کەلار)دا باس کران، ئەوەش بەپێی لێدوانەکانی پۆلیس لەسەر ئەو گەنجانەی کە بە تۆمەتی شەڕکردن دەستگیر دەکرانو چەند کەسێکیان جلی ڕەشیان لەبەردابووە، ئیتر ئەوە بوو بە ناسنامەیەک بۆ هەر گەنجێکی کەلار کە جلی ڕەشی لەبەردا بێت، بەڵام هەر زوو پۆلیس لە ناوبردنی ئەو گەنجانە بە جلڕەشەکان نیگەرانیی خۆی دەربڕیو جەختی کردەوە کە هیچ گرووپو دەستەیەک لە کەلاردا بە ناوی جلڕەشەکان نییە.

نەقیب شۆڕش پاڵانی، بەرپرسی بنکەی پۆلیسی کەلار بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «بوونی گرووپێک بە ناوی جلڕەشەکانەوە، هەر لە سەرەتاوە شتێکی دروستکراو بووەو هیچ گرووپێکی (ئاژاوەگێڕ) بەو ناوەوە لەکەلاردا نەبوونو ڕەخنەشی لە ڕاگەیاندنەکانو ڕۆژنامەنووسان گرت کە ئەو بابەتەیان وروژاندووەو ئەو چەند گەنجەی کە شەڕیان کردووەو کێشەیان دروستکردووە، بە جلڕەشەکان ناویان بردوون».

### بۆچی ناونران جلڕەشەکان؟

«سێ ساڵ لەمەوبەر، چەند کەسێک لەوانەی بە هۆی شەڕکردنەوە لە کەلار دەستگیرکران، جلی ڕەشیان پۆشیبوو، هەرچەندە پۆشینی جلی ڕەش وەکو حەزێک کاری بەشێکی زۆر لە گەنجانە لەو سنوورە، کەچی دەستگیرکردنی چەند کەسێک بوو بە ناسنامە بۆ هەموو گەنجانی کەلارو هەموو ئەو گەنجانەش کە جلی ڕەشیان دەپۆشی، بوون بە هێمای شەڕانگێزیی»، ئەمە قسەی گەنجێکی شارەکەیە لە سەر جلڕەشەکان.

ئەو گەنجە کە نەیویست ناوی بهێنرێت، ئەوەشی وت: «هەموو ئەمانەش جگە لە کۆمەڵێک تۆمەتی ناڕەوا بەرامبەر بە گەنجانی کەلار، هیچی تر نەبوو، چونکە مەسەلەی شەڕکردن هەر دەبێتو ئەگەر مانگانە ئاماری پۆلیسی هەموو شارەکان وەربگریت، دەبینی ئەو کێشانە هەن».

### جلڕەشەکانو ئەندامانی پەرلەمان

هەر چەندە پێشتر مەسەلەی جلڕەشەکان لە ڕاگەیاندنەکانەوە بڵاوکرابووەوە، بەڵام ئەم مەسەلەیە ئەو کاتە وروژا کە دوو ئەندامی پەرلەمانی سەر بە دەسەڵات کە یەکێکیان پارتیو ئەوی تریان یەکێتی بوو، خۆپیشاندەرانی کەلاریان بە جلڕەشەکان ناو برد کە ئەوەش تەنیا هێمایەک بوو بەوەی کە خۆپیشاندەرانی کەلار، کەسانێکی ئاژاوەگێڕو شەڕەنگێزن، دواتر پەرلەمانتارێکی سەر بە فراکسیۆنی گۆڕان لەبەرامبەر ئەو تۆمەتانەدا، بێدەنگیی شکاندو ئەو جلڕەشانەی بە کەسوکاری ئەنفال ناو برد.

لە کۆبوونەوەی نائاسایی پەرلەمانی کوردستاندا، عەبدوڵڵا مەلا نوری، وتی: «ئەوانەی بە جلڕەشەکان ناودەبرێن، کەسوکاری ئەنفالن، ئەو گەنجانە کە جلەکانیان ڕەشە، بەڵام ناخیان سپییە، ئەو گەنجانە جلەکانیان ڕەشە، بەڵام هەر زۆر پێش بەرپرسەکانی ئێمە هەستیان کرد کە ئەم وڵاتە لە لێواری قەیرانێکی گەورەدایە».

### ئەنفالو جلڕەشەکان

ناوبردنی جلڕەشەکان لەلایەن عەبدوڵڵا مەلا نوورییەوە بە کەسوکاری ئەنفالکراوەکان، بوو بە بیانوویەک بۆ نوێنەری حیزبەکان لەناو ڕێکخراوەکانی تایبەت بە ئەنفالداو وەک هەمیشە هەوڵدرا کەسوکاری ئەنفالکراوەکان بۆ ململانێ سیاسییەکان پەلکێش بکەنو دژ بە وتەکانی ئەو پەرلەمانتارە، بیبیانهێننە سەر جادە؟

ئەنوەر حەمەلاو، ئەندامی کۆمەڵەی داکۆکیکردن لە مافی کەسوکاری ئەنفالکراوانی گەرمیان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «چەند ئەندامێکی کۆمەڵەکەمان کە کادیری حیزبەکانن، هەوڵیان دا دژ بە وتەکانی عەبدوڵڵا مەلا نوری، کەسوکاری ئەنفالکراوان بهێننە سەر جادە، بەڵام ئێمە ئەوەمان قەبووڵ نەکرد، چونکە ئەوەی ئەوان دەیانویست چەواشەکردنی کەسوکاری ئەنفالکراوان بوو لەسەر وتەکانی عەبدوڵڵا».

ئەو ئەندامەی کۆمەڵەی داکۆکی، ئەوەشی وت کە کۆمەڵەکەی ئەوانو ڕێکخراوی چواردەی چوارده، پێکەوە بەیاننامەیەکیان بڵاوکردەوە کە تێیدا داوای ڕوونکردنەوە لەو پەرلەمانتارە دەکەن، بەڵام وتەکانی ئەو بۆ خۆی ڕوونەو ئەو تۆمەتانە ڕەتدەکاتەوە کە پەرلەمانتارانی دەسەڵات دەیدەنە پاڵ گەنجانی پاشماوەی ئەنفالکراوان.

### جلڕەشەکان گرووپ نین

پۆلیس، دەڵێت: «ئەمانە گرووپ نینو ناتوانین ناویان لێ بنێین گرووپی جلڕەشەکان، لەناو خەڵکدا وابڵاوە کە ئەمانە گرووپن، بەڵام لە ڕاستیدا وانییە، بەڵکو ئەمانە هەر لە گەڕەکێکو یەک دوانێکن، شەڕیان کردووەو فایلیان هەیەو یەک دوو جارێک گیراون، واتە ئەوە نین کە شوێنێکی تایبەتیان هەبێتو تێیدا کۆببنەوەو بڕیار بدەن کە بچن بۆ فڵانە شوێن، یان فڵانە کار».

ئەوەشی وت: «ئەم ناوە ڕاگەیاندنەکان دروستیان کردو گەورەیان کردەوە، ئەگەر نا شەڕو کێشە لە هەموو شوێنێک هەر دەبێت».

### گەنجێکی شارەکەش دەڵێت، ئەو نازانێت ئەو جلڕەشانە کێنو بۆ ئەو ناوەیان لێنراوە؟

کاروان مەحمود، خوێندکاری زانکۆو دانیشتووی گەڕەکی فەرمانبەرانی کەلار، بۆ ڕۆژنامە، وتی: «من منداڵی ئەم شارەمو هەر لێرەش گەورە بووم، کەچی تا ئێستاش نەمزانی ئەو گەنجانە کێن کە ناونراون جلڕەشەکان، ئەوانە تەنیا لە ڕۆژنامەو ڕاگەیاندنەکانەوە ئەو ناوەیان بەسەرا درا، ئەگەرنا وەک ئەوەی کۆمەڵێک گەنجی ئاژاوەگێڕ یان شەڕەنگێز هەبنو ببنە هۆی مەترسی بۆ سەر شارەکە، یان هەر کەسێک، من شتی لەو شێوەیەم نەبینیوەو نەبیستووە».

کاروان، ئەوەش دەڵێت: ماوەیەک ڕاگەیاندنەکان وایان لە گەنجی کەلار کردبوو کە ڕوویان نەبوو جلی ڕەش لەبەر بکەن، چونکە بەو چاوە تەماشا دەکران کە لە ڕاگەیاندنەکاندا باس دەکران.

پێشتریش چاومان بە یەکێک لەو گەنجانە کەوتبوو کە بەجلی ڕەشەوە بە تۆمەتی شەڕکردن دەستگیر کرابوو، ئەو وتی: «ئەمە گشتی قسەی جەریدەیە کە گرووپی جلڕەشو شتیان بۆ خۆیان دروستکردووە، ئەگەر نا منیش وەکو هەرکەسێکی تر هاوڕێو برادەرم هەیەو کە شەڕێکم تووش بێت، برادەرم لەسەرم دێتە جواب، ئیتر ئەوان ئەمانە بە گرووپو کۆمەڵەو شتی وا دەنووسن».

ئەو گەنجە، ئەوەشی وت: «ئەو گەنجانەی ناونراون جلڕەشەکانو گوایە لە خۆیانەوە لەخەڵک دەدەن، ئەسڵی نییە، چونکە مەگەر کەسێک شێت بووبێت، لەخۆیەوە لەخەڵک بدات»، وتیشی: «من بۆ خۆم دەژیمو نامەوێت کەس تەداخولی ژیانم بکات».

### ڕای توێژەرانی کۆمەڵایەتی

توێژەرێکی کۆمەڵایەتی پێیوایە، کە ئەو گەنجانە جلڕەش بن یان سپی، هیچ لە گرفتەکە ناگۆڕێتو ئەوانە تەنیا قوربانیی دەستی کۆمەڵگان.

مامۆستا سەرحەد، مامۆستای کۆمەڵایەتی لە کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتیی کەلار، لە بارەی جلڕەشەکانەوە وتی: «ئەو گەنجانە جلڕەشبن یان سپی، یان ڕەساسی، یان هەرجۆرێک خۆیان ئارەزووی بکەنو لەبەری بکەن، هیچ لەمەسەلەکە ناگۆڕێت، بەڵکو ئەو بۆچوونو پەیامەی ئەوان هەیانە گرنگە، ئەو پەیامەش کە ئەمانە هەیانە بۆ کۆمەڵگا، من پێموایە کە سەرچاوەکەی ئەوەیە کە ئەوانە لە ژیانیاندا بۆشاییەکی گەورە هەیە، چونکە لە گەرمیاندا شوێنێک یان هۆیەکی سەرگەرمکردن وەک یانەیەک، یان پارکێک یان شوێنێکی وەرزشی یان هونەری گەورە نییە کە ئەو ژمارە گەنجە لەخۆ بگرێت، ئەگەر هەشبێت زۆر کەمو دیاریکراوەو تەنیا لەیەک شوێن هەیە، نەک هەموو شوێنێکو کەمیی کتێبخانەش لەلایەکی ترەوە کە هۆکارێکە بۆ تێگەیشتن لە دەوروبەرو خۆڕۆشنبیرکردن، هۆکارێکی ترە بۆ ئەو گەنجانە».

ئەو توێژەرە کۆمەڵایەتییە، وتیشی: «بێکارییش هۆکارێکی ترە کە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ژیانی ئەمانە هەیەو وایان لێدەکات کە بێهودە بن لە ژیان، بە تایبەت کاتێک کەسانی تر دەبینن کە بەرپرسی حیزبیو حکومییو سەربازینو لەناکاو پێدەگەنو دەوڵەمەند دەبن».

ناوبردنی خۆپیشاندەرانی کەلار بە جلڕەشەکان لەلایەن پەرلەمانتارانی سەر بەدەسەڵاتەوە لە کۆبووەنەوەی نائاسایی ٢٠١١/٣/٤ی پەرلەمانی کوردستان، زیاتر ئەم بابەتەی وروژاندو لەو سەروبەندەشدا، وەکو کاردانەوەیەک، ڕۆژانی چوارشەممە، گەنجانی کەلارو ڕزگاریو پێنجشەممە، خۆپیشاندەرانی سەرای ئازادیی بە ڕەشپۆشی درێژەیان بە خۆپیشاندانەکانیان دا.


بەرپرسێکی پۆلیس: هیچ گرووپێکی ئاژاوەگێڕ بەناوی جلڕەشەکانەوە نییە



## ئازاد چالاک: ئەگەر سەرۆکی حکومەت نەیتوانی راشکاوانە ئەوە بڵێت، با هیچی تر نەڵێت، چونکە ئەوەی دەوترێت، بەشێکی کەمی راستییەکانە

بۆچوون

# ((مـاسـت رەشـە))



ئازاد چالاک

پێش ئەوەی تیشک بخەمە سەر بەشێک لە قسەکانی سەرۆکی حکومەتی هەرێم لەبەردەم ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، دەبێت ئـەوە بڵێم کە راگەیاندنەکانی دەسـەڵات زۆر بەشانازییەوە باسی ئەو ئامادەبوونەی د. بەرهەمیان کردو وەک دەستکەوتو بڕوابوونی دەسەڵاتی بە دیموکراسییو ئـازادیـی وێنەیان کرد، لەکاتێکدا بانگهێشتکردنی بەرپرسانی حکومەتو لێپێچینەوە لە کارەکانیان، یەکێکە لە ئەرکە سەرەکییەکانی هەر پەرلەمانێکو بەپێچەوانەوە ئامادەنەبوونی سەرۆکی حکومەتو وەزیرەکان بەدرێژایی مـاوەی تەمەنی پەرلەمانی کوردستانو کـەمـتـەرخـەمـیـی لیستی دەسـەڵاتو سەرۆکایەتیی پەرلەمانو بەرپرسانی هەرێم پیشان دەداتو ئەگەر پەرلەمان رۆڵی خۆی ببینیایە لە چاودێریکرنو بانگهێشتکردنو پرسینەوە لە بەرپرسانی حکومەت، ئەوا ئەمجۆرە تێگەیشتنە لای راگەیاندنەکانی دەسەڵاتو حاڵی گەندەڵییو ناڕەزاییەکانی خەڵکیش بەم رۆژە نەدەگەیشت.

### سەرۆکی حکومەت دانی بەچیدا نایەوە

دووبـــارەو چـەنـدبـارە، سـەرۆکـی حکومەت باسی لە بوونی گەندەڵییو کەموکورتیی حیزبو حکومەت کردەوەو هەمووانی بە بەرپرسیار لەقەڵەمدا بە دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆنەوە، داوای کردەوە کە هەموو هاوکاربین بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، باسی لەوە کـردەوە کە ئەو دەستی بە چاکسازیی کردووەو ئەوەندە ملیۆنی لە ئیدارەی سلێمانی گەڕاندووەتەوە بۆ حکومەتو چەندین یاسای ناردووەتە پـەرلـەمـان، بـەڵام پەرلەمان یاساکان دەرنـاکـات، بێئەوەی بڵێت کە ئـەوە زۆرینەیە ئەو یاسایانە دوادەخاتو لەناو ئۆپۆزسیۆنو لەناو دەسەڵاتدا کەسانێک هەن، یەکیانگرتووە دژی ئەو چاکسازییەی کە بەڕێزی دەستیپێکردووە، چونکە لە بەرژەوەندییان دراوە، کاری چاکسازیی کارێکی ئاسان نییەو بەربەستی زۆری لەبەردەمدایە.

### سەرۆکی حکومەتی هەرێم چی نەوت!

بۆ ئەوەی هەقیقەتی ئەو مەسەلانە بخەینەڕوو کە د. بەرهەم باسیکردنو وەک دەستکەوت بۆ خۆیو بۆ حکومەتو ئەو سیستمەی کە بەڕێزی سەرۆکایەتی دەکات، تیشک دەخەمە سەر ئەم خاڵانەی خوارەوە:_

١/ لەبارەی گەڕاندنەوەی ١٧_١٨ ملیۆن دۆلار بۆ حکومەت لە ئیدارەی پارێزگای سلێمانی، چەند پرسیارێک دێتە پێشەوەو دەبێت سەرۆکی حکومەتو داواکاری گشتییو دەزگا چاودێرییەکان بە پەرلەمانیشەوە وەڵامی بدەنەوە:

ا - کێ بەرپرسە لە بەهەدەردانی ئەو بڕەپارەیەی سەرەوەو لە چ بوارێکدا بەهەدەردراون؟ چۆن لە سیستمێکدا کە ئەو سەرۆکایەتی دەکات، توانراوە فێڵ لە یاساو رێسا بکرێتو ئەو بڕەپارەیە هەموو مانگێک لە قوتی خەڵکو شاری سلێمانی زەوت بکرێت؟

ب - ئەو بڕەپارەیە، چەند مانگە، یاخود چەند ساڵە لە سلێمانی دەدزرێتو کێ بەرپرسە لە گەڕاندنەوەی هەموو ئەو پارانە بۆ خەڵک؟ کێ لێپرسینەوە لە بکەرانی ئەو کارە نایاساییانە دەکات؟ دکتۆر بەرهەم خۆی، یاخود داواکاری گشتیی، یاخود پەرلەمان، یاخود دیوانی چاودێریی؟


ئـەو کەسانەی کە ئـەو کارانەیان ئەنجامداوە، لەسەر کارەکانیان ماون، یاخود ئێستا (سحب الید) کراونو دراون بە دادگاو بە فەرمانی کامە بەرپرس ئەو سەرپێچییانەیان ئەنجامداوە؟

ج - دکتۆر بـەرهـەم، تەنیا باسی ئیدارەی سلێمانی کرد کە ئەو گەندەڵییەی تیا دۆزیـوەتـەوەو ئەو سەرکەوتنەی بۆ حکومەتەکەی تۆمارکردووە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئایا لە هەولێرو دهۆک بودجە بەباشی خەرجکراوەو دەست نەبراوە بۆ بودجەی گشتیی؟ تەنیا بەرپەرسانی یەکێتی کە ئەو جێگری سکرتێری گشتییەو سەرۆکی حکومەتەکەیەتی لە سلێمانی، تەنیا ئـەوان تاوانبارن بە گەندەڵییو دەست درێژ دەکەن بۆ سەروەتو سامانی گشتیی؟ ئایا هۆکاری باسکردنی سلێمانی چییەو دکتۆر دەیەوێت بڵێ چی؟ تۆ بڵێی پارتی راست بکات کە کێشەی خۆپیشاندەران تەنیا لەگەڵ یەکێتیو بەرپرسانی سلێمانییە، بۆیە خۆپیشاندان لە شارەکانی تر نەکراوە؟ یان ئەوەتا سەرۆکی حکومەت سڵ دەکاتەوە باس لە گەندەڵییەکانی ئەو پارێزگایانە بکات کە دەسەڵاتی بەسەردا ناشکێتو ناشیەوێت پارتی لە خۆی عاجز بکاتو دوژمنی تر بۆ خۆی زیاد بکات، بۆیە قیروسیای لە بەرپرسانی یەکێتی کردووە؟ گومانم لەوەدا نییە کە سەدان دۆکیۆمێنت لەبەر دەستی دکتۆر بەرهەمدا هەن هەر لە دەستبردنی گـەورە بەرپرسانی هـەردوو حیزب بۆ سەروەتو سامانی گشتییو دانی قیستی کەڵەکەبووی کۆمپانیایەکی تەلەفۆنی کەرتی تایبەت کە لە بودجەی هەرێم درا کە دکتۆر خۆی ئاگای لێیە، جگە عیجزی سەدان ملیۆن دۆلاری شارێکی هەرێم، تا دەگاتە گرێبەستە نەوتییەکانو پارەی شیرینیی نەوتو پرۆژە وەهمییەکانو... هتد.

٢/ لەبارەی ئاسایشو پێشمەرگەو خۆپیشاندەرانەوە کە سەرۆکی حکومەت دەیویست نە شیش بسووتێتو نە کەبابو نە دڵی کەسیش برەنجێنێت، ئێستاش دانی بەوەدا نەنا کە ئەوانەی تەقەیان کردووە لە هاوڵاتییان، کێنو ئەو سزایە چۆنو کەی جێبەجێ دەکرێت؟ سەرۆکی حکومەت، شانازیی بە رۆڵی هێزە ئەمنییەکانی کوردستانەوە دەکات، بـەڵام هەر لەپاڵ بوونی ئەم وەزارەتـە زەبـەلاحـانـەدا کە بودجەیەکی ئێجگار گەورەیان بۆ تەرخان دەکرێت، ئاسایشی هەرێم دەشێوێنرێتو لەجیاتی کەسانی گێرەشێوێنو تێکدەرو مافیا، دەسەڵات خۆی قیناعو دەمامک دەپۆشێتو دەچێت کەناڵی ئاسمانیی نالیاو بارەگاکانی گۆڕانو رادیۆی دەنگو خێمەکانی سەرای ئازادیی دەسووتێنێتو هاوڵاتی دەرفێنێتو راپێچی ئاسایشو زیندانەکانیان دەکات.

سەرۆکی حکومەت، پێمان ناڵێت ئەو باسی کام حکومەتەیان دەکاتو سەرۆکی کامەیان! ئەوەیان کە گوایە بە رۆژ ئەمنو ئاسایشی هاوڵاتییان دەپارێزێت، یاخود حکومەتە دەمامککراوەکە کە شەوانە هەڵدەکوتنە سەر هاوڵاتییانو ژیانیان لێ هەراسان دەکەنو پێچەوانەی یاساکانی خۆیان تاوان ئەنجامدەدەن؟

کـاک د. بـەرهـەم، هەقە لە خۆی بپرسێت، نەک لە هاوڵاتییانو ئەندام پەرلەمانەکان کە ئەو هێزە دەمامکدارانە کێن؟ ئەو سەیارە ئاخیر مۆدیلە جامڕەشو بێژەقەمانە سەر بە کێن کە لە هەولێرو لە شارەکانی تر بە پێچەوانەی یاسا خاوەنی هەموو دەسەڵاتێکنو بکوژو ببڕ خۆیاننو بە جلی مەدەنییەوە جۆرەها چەکیان هەڵگرتووە؟ دەبێت سەرۆکی حکومەت




وەک هاوڵاتییان لەوە دڵنیابێت کە ئەو سەرۆکی حکومەتی ژێرمێزو سەیارەی جامڕەشی بێژەقەمو مافیای پڕچەکو قیناعبەسەریشە!

سەرۆکی حکومەت باس لە دژەتیرۆر دەکـاتو دەڵێت، بەرپرسانیان راپێچی دادگا دەکەین، ئاخۆ تا چەند ئەو قسەیەی جدییو واقیعییەو تاکوێ بڕدەکات؟

٣/ جەنابی سـەرۆکـی حکومەت، باسی لەوە کرد کە کەسێک لای خۆیان، مانگانە (٥) دەفـتـەر، یاخود پەنجا ملیۆن دیناری وەردەگرت، کەچی ئێستا لە کەناڵێکی ئۆپۆزسیۆن دەمی گەرمەو باسی گەندەڵیی دەکات، هەروەها باسی لەوەش کرد کە یەکێکی تر، بێئەوەی یەک پسوڵەو وەسڵ پێشکەش بکات، گەورەترین موستەفید بووە لەو پارەو مینحانە!

گریمان ئـەم قسانەی سەرۆکی حکومەت ١٠٠٪ راستن، بەڵام خۆ دەکرێت بپرسین، ئەم حکومەتو ئەم سیستمە بۆ هـەوڵـدەدەن خەڵک فێری گەندەڵییو سەرشۆڕیی بکەن، بۆ کە لای خۆیان بن ئەو پارانەیان دەدەنێ، بەرامبەر بە چی؟ ئەو پارانە کە ئا وا تەخشانو پەخشانی دەکەن، هی کێیەو بۆچی وا بێبەزەییانەو بێباکانە دەیدەن بەموبەو؟ بۆ هەتا لای حیزبەکانی دەسەڵات بن، کارێکی باشو حـەڵاڵـەو باسی نـاکـەن، بـەڵام ئەگەر هاتنە لای ئۆپۆزسیۆن، ئەو کات خودی سـەرۆکـی حکومەت باسیان دەکـات، تەنیا بۆ ئـەوەی بڵێت کە هەموومان بەرپرسیارین لە گەندەڵیی، چ دەسەڵاتو چ ئۆپۆزسیۆنو دەبێت هەتا هەتایە هەر واش بین.

سەرۆکی حکومەت، بـەو لۆژیکە هەرگیز ناتوانێت چاکسازیی بکات، چونکە چاکسازیی راستەقینە بە موئەسەساتکردنو واڵاکردنی دەستی دەزگاکانی چاودێریی داراییو داواکاری گشتییو دوورخـسـتـنـەوەی دەستی حیزب دەستپێدەکات، کە ئازایەتیو شەفافبوونی زۆری دەوێـت، کـە لە ئێستادا وەک رووکەش هەیە.

### جارێکی تر وەڵامەکانی سەرۆکی حکومەت، تووشی رەشبینیو نائومێدیی کردینەوە!

خۆپیشاندەرانی سـەرای ئازادیی، دروشمێکی سەرنجڕاکێشیان لەسەر پارچە مقەبایەک بـەرزکـردەوە، نوسیبوویان، بەکۆی دەنگی پەرلەمانتارانی لیستی کوردستانیی ((ماست رەشـە)) ئەو پارچە مقەبایە، وەک کۆشکو تەلاری بەرپرسان، بەڕوونی گوزارشتیان لەم دۆخەی ئەمڕۆی کوردستان کرد.

لە بەرنامەیەکی (KNN)دا، لەگەڵ بێهیوابوونم بە چاکسازیی ریشەیی لەم سیستمەدا، وتم؛ ئەم بارودۆخەی لە کوردستاندا ئەمڕۆ لە ئارادایە، هەمووی خەتای کابینەی دکتۆر بەرهەم نییە، هەمووشمان دەزانین کە کێشەکان وەک میراتێک بۆ هەمووان لەپێش راپەڕینو لەدوای راپەڕین ماوەتەوە، بەڵام گرفت لەوەدایە کە رۆژ لەدوای رۆژ لاسەنگتر دەبێت، بۆ ئـەوەی راستگۆبین لەگەڵ خۆمانو لەگەڵ خەڵک، دەبێت دەست بخەینە سەر هەموو برینەکانو ئازایانەش بە هەردوو سەرۆکو هەردوو مەکتەبی سیاسیی بڵێین؛ کە ئێوەن هۆکاری ئەم بارودۆخەو چاکسازیش هەر دەبێت لەوانەوە دەستپێبکات.

ئەگەر سەرۆکی حکومەت نەیتوانی راشکاوانە ئـەوە بڵێت، با هیچی تر نەڵێت، چونکە ئـەوەی دەوتـرێـت، بەشێکی کەمی راستییەکانەو وەک پەرلەمانەکەی کوردستانی لێدێت کە بەبێ موناسبە سەرۆکەکەی لەکاتی ژماردنی دەنگەکاندا، خۆزگەی بەوە خواست کە باشبوو (٦٧)دەنـگ بوو، نـەک (٦٦)و کەسیش لە ئەندامانی لیستی کوردستانیی نقەیان لێوە نەهاتو باسی (٣٠) ساڵ پاش ئەو رووداوەیان نەکرد.



نازم سائیغ*

# میللەت... خۆپیشاندان... دەسەڵات

خۆپیشاندان لە هەموو وڵاتو هەموو شوێنێکی جیهان ئاساییو رەوایەو رێنماییو سنووری خۆی هەیەو دەبێ خۆپیشاندەران پـابـەنـدبـن پـێـوەی، لـە بـەرامـبـەردا بە هەمانشێوە بۆ دەسەڵاتیش هەندێ هێڵی سوور هەن بەرامبەر خۆپیشاندەران دەبێ نەبەزێنرێن.

وادیـــارە نـاتـێـگـەیـشـتـنـێـک خـۆی لەژێر تەمێک حـەشـارداوە، واتـە ئەگەر خۆپیشاندەران لە کاتی خۆپیشانداندا پەلاماری موڵکی گشتییو تایبەت بدەن، ئەوا بەم کارەیان لە سیستمی خۆپیشاندان دەردەچـنو ئامانجەکانی خۆیان ناپێکن، لە هەمانکاتدا دەسەڵاتیش بە شێوەیەکی ناشارستانییانەو دڕندەیی رەفتار بەرامبەر بە خۆپیشاندەران دەکات، هەر بەم هۆیەوە ئەو ناتێگەیشتنە دروست دەبێتو هەوڵەکان بە هـەدەر دەچـنو ئاڵۆزییەک دروست دەبێتو دەسەڵات چەکو گوولڵەی زیندوو بەکاردێنێتو زیانی گیانیی لێ دەکەوێتەوە، کە بە هیچ جۆرێک قەرەبوو ناکرێتەوە.

ئێستا شـارەکـانی عـێـراق دووچـاری قـەیـرانـێـک بـووەتـەوە، بـەڵام وادیـارە دەسـەڵاتـداران بەرپەرچدانەوەی میللەتو لـەنـاوبـردنـیـانـی زۆر پـێ ئـاسـانـتـرە لە لەناوبردنی گەندەڵیی، یاخو جێهێشتنی دەســەڵات، نـە دەسـتـیـان لـە دەسـەڵات بەردەبێتو نە گەندەڵیشیان پێ چارەسەر دەکـرێـت، بـە هیچ جۆرێکیش نایەوێت شەرعییەت بە خۆپیشاندەران بـداتو بە تێکدەرو گێرەشوێنو خەوارج ناویان دەبات، هەڕەشەی کوشتنو دەستبڕینیان لێ دەکاتو جار بە جاریش خۆپیشادانەکە بە فیتو دەستی دەرکیی وەسـف دەکـات، لەبیری چـووە ئەگەر دەستی دەرەکـیـی نەبوایە ئەسڵەن بە خەونیش ئەم پۆستەی دەست نـەدەکـەوت، چەند پیاوکوژێکی خۆشی رەوانەی ناو خۆپیشاندەران دەکات، بە جلی مەدەنیی بۆ کوشتنیانو پڕوپاگەندەی بوونی تیرۆریستی خۆکوژیی لەنێو خۆپیشاندەران بڵاودەکاتەوە بۆ تۆقاندنیان، ئەوەش لەبیر خۆیان دەبەنەوە کە میللەت زۆر لە تانکو زرێپۆشو چەکی دەسەڵات بەهێزترە، چونکە خۆپیشاندەران خاوەن مافن، خاوەن مافیش لە هەموو چەکێک بەهێزترە.

ئەگەر لە هەر شارێکی عێراق چەند سەد هەزارێک برژێتە سەر شەقامەکان، ژمارەیان لەو دەنگانەی کە بە دەستیان هێناوە، زیـاتـرەو بەمجۆرەش دەسـەڵات متمانە لـە دەسـت دەداتو گرێبەستی نێوان میللەتو دەسەڵات هەڵدەوەشێتەوە، کە ئـەو گرێبەستەش دەسـتـووری وڵاتـە، دەبێ دەسەڵات ئەوە بزانێ کە چاکسازیی ناوەخت هیچ سوودێکی نابێت، ئەگەر لە کاتی خۆی نەبێت، منیش گەشبین نیم کە بتوانرێت چاکسازیی بکرێت، چونکە وەک دەزانین کە گەندەڵیی هەموو دامودەزگاکانی دەوڵەتیان گرتووەتەوەو دەسەڵاتیش لە وەڵامدا دەڵێت: گەندەڵیی بە شەو و رۆژێک چارەسەر ناکرێت.

* چالاکوانی تورکمان

رۆژنامە
کۆمپانیای وشە هەفتانە دەریدەکات | خاوەنی ئیمتیاز: کۆمپانیای وشە | سەرنووسەر: ئازاد چالاک | www.sbeiy.com

بەڕێوەبەری نووسین: سیروان رەشید ٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ serwan_rm@yahoo.com | هیوا جەمال ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦ hiwa.jamal@yahoo.com

لێپرسراوی هونەری: شاخەوان ئەنوەر ٠٧٧٠١٣٦١٨٢٦ shakhawan.shdn@gmail.com

کارگێڕیو ریکلامو ئاگاداریی: ٠٧٤٨٠١٢١١٤٤ – ٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩ info. rozhnama@gimail.com riklam.rozhnama@gimail.com

ناونیشان: سلێمانی: زەرگەتە. گردی زەرگەتە. کۆمپانیای وشە. هەولێر: گەڕەکی زانکۆ. چوارڕیانی حەمرین. تەنیشت بەڕێوەبەرێتی ژینگە (٠٧٥٠٤٧٣٣٦٤٢)

دابەشکردن: کۆمپانیای پەیپەر ٠٧٧٠٨٦٤٩٢١٠ ٠٧٥٠٤٤٨٣٦٣١

بۆچوون

نووسەرانی بەڕێز ئاگادار دەکەینەوە، ئەو بابەتانەی لە ڕۆژنامە جێیان نابێتەوەو شیاوی بڵاوکردنەوەن، لە ماڵپەڕی ڕۆژنامە (www.rozhnama.com) بڵاویان دەکەینەوە.

پشکۆ ناکام



# زیایە مەسرەفیی

ماوەیەکی دوورو درێژ بوو سکرتێری (ی.ن.ک) دەربارەی ئەو هەموو دەنگو هاوارو ناڵەیەی جەماوەری کوردستان نقەی لە خۆی بڕی بوو، تا خۆی هاتەوە سلێمانیو لە یادی ڕاپەڕیندا، هەندێک قسەی کرد کە (کالعادە) شیاوی هەڵوەستەکردنە لێیان، بۆ نموونە وتی: پشتگیریی (ی.ن.ک) بۆ داواکانی خۆپیشاندەران دەردەبڕین!!

کەسێک لە نزیکەوە لەو زاتەو (بڕیارە ژێربەژێرەکانی م.س) ئاگادار نەبێت، وا دەزانێت کە سبەینێ خۆیو چەند (مەلاو حاکمو خانمێک) بەپێ بەرەو بەردەرکی سەرا بەڕێدەکەونو دەچنە ناو خۆپیشاندەرەکانەوەو دەست دەکەن بە سروودی (خوایە وەتەن ئاواکەی...)، بەڵام کە دیمەنی چادرە سووتاو و رووخاوەکانی ئەوێ دەبینین، تێدەگەین کە مەبەستی لە پشتگیریکردنەکەی، پشتگیریکردنە لە بەردەرکی سەرا بە چۆڵی بەبێ نەفەرەکانی، ئەوانیش بە ڕۆژ چۆڵیان نەکرد، بۆیە لوتفیان کرد کە بە شەو پێیان چۆڵ بکەن بۆ ئەوەی لە ماڵەوە بنوون، چونکە بارانو سەرمای سەرەتای بەهار هەڵامەتو ئەنفلوەنزای بەدواوەیە، تا جەماوەری (سەرورییەکان)! تووشی نەخۆشیی نەبن..

هەرئەوزاتە وتی: شەهیدەکانی ئەم دواییەی سلێمانی، بە شەهیدی خۆمان دەزانین!! دیارە گەر ئەو قوربانییانە (شەهیدی یەکێتی بن)، دەبێت ئەوانەی بکوژیانن، دوژمنو ناحەزی یەکێتی بن، خۆ ناکرێت کەسێک بە دەستی ((دۆستو هاوڕێیەکی ستراتیژیی)) ئەوان شەهید بێت، بەڵام سەرۆکەکەی (ی.ن.ک) دەربارەی بکوژانی ئەو شەهیدانە، نوتقی نەکردو نەمانزانی ئاخۆ ئەو قوربانییانە دەخرێنە سەر لیستی (شەهیدانی دەستی هاوپەیمان)، یان هەروەک خۆیانو پێش شەهیدبوونیان لە لیستی ((ئاژاوەگێڕەکان)) گیردەخۆنو ناوهێنانیان تەنیا ((ڕتوش))کردنی ڕەسمیی یادەکە بوو.

هەروەها ئەو زاتە وتی: هیوادارم خۆپیشاندەرەکان لە کاری توندوتیژیی دوور بکەونەوە، ڕاستە هەقیەتی دەبێت لە بەردەرکی سەرا ئەو هەموو (بی، کەی، سی)و خاوەن مۆنیکا جامڕەشانە لابەنو خۆپیشاندەرانیش بە شەو (دەموچاوی)خۆیان نەشارنەوەو پەلاماری هێزە موسالیمەکانی ئاسایشو دژەتیرۆر نەدەنو وەک شەمشەمەکوێرە (برایەتی گوڵو تفەنگ) تێکنەدەن!

لە دواجاریشدا، هیوادارین تاڵەبانی ئەمر بکات کە چیتر خۆپیشاندەران نەکوژن کە ئەو سەرەڕای ئەوەش بە (شەهیدی) خۆیان لە قەڵەمی بدات، دەبێت شەهیدانەشیان بۆ ببڕێتەوە کە مەسرەفێکی تری زیادەیە، لەکاتێکدا کە یەکێتی بە دەست نەبوونیو ئیحتیاجییەوە دەناڵێنێت....

* بۆ وتەکانی تاڵەبانی، بڕوانە سایتی چاودێر ٢٠١١/٣/٧

# حوکمەتە حیزبییەکانی پدکو ینک: ئینجاز لە فەشەلدا



مەحمود ڕەزا ئەمین

ڕۆژی ٢٠١٠/١٠/٢٩ بەهۆی ڕاگرتنی دانی پێشینەی خانوو بە گوندنشینەکان، لە بەردەمی بانکی خانوبەرەی سلێمانی دا قەڵەباڵغی دروست بوو. لەلای ئەو قەرەباڵغییەدا تاکسییەکم ڕاگرت. شۆفێرەکەی پرسی: ئەو قەڵەباڵغییە چییە؟ چیرۆکەکەم بۆ گێڕایەوە. زۆر بە خێرایی هاتە دەم، وتی: «لە ژێر لێفەکەمەوە دەتوانم، سێ حوکمەتی وەکو ئەم حوکمەتەی د. بەرهەم بەڕێوەبەرم».

پێمwایە د. بەرهەمیش خیلافێکی زۆری لەگەڵ شۆفێری تاکسییەکە نەبێ. زمانحاڵی ئەڵێ: «حوکمەتکردن زۆر ئاسانە: فیشاڵە وتار بدەو بڕۆ... بەڵێنی زل بدەو بڕۆ... خەڵک ڕازین یا نە کەیفی خۆیانە، تۆ موچەی خۆت وەرگرەو بڕۆ، ئیمتیازەکانت بپارێزەو هەقت نەبێ... ئابوری وێرانە.. ئاسایش بەربادە.. کارو بەرهەم نین، قیروسیا، کەی ئەوانە خەمی حوکمەتو سەرۆکن!»

دکتۆر لە هەموو دەرکەوتنێکیا، زۆرتر، لە باتی شەرحکردنی پلانی حوکمەت بۆ نەهێشتنی نەخۆشییە ئابوری، کۆمەڵایەتی، خزمەتگوزاری، سیاسی، ئەمنی، تەندروستی، زانستی، پیشەسازیو داراییەکان، باسی سەرکەوتنەکانی خۆیو دەسکەوتەکانی کابینەکەیمان بۆ ئەکا. سەرەوزیر کە ناتوانێ لەسەر ئەنجامدانی تاوانی بینراو (الجريمة المشهودة) چەکدارێکی ناسراوی پارتی یان یەکێتی... دەزگایەکی حیزبیی پارتی یان یەکێتی بدا بە دادگا، لەبەر شەوقی کامێرادا باسی سەروەریی قانونو بێلایەنی دادگامان بۆ ئەکا. کە تەواوی کابینەکەی ناتوانێ بڕیاری ڕێکخراوی یەکێتیی قوتابیانی پارتی هەڵوەشێنێتەوەو دەرگاکانی زانکۆکانی پارێزگای هەولێر بۆ خوێندکاران بخاتەوە سەر پشت، ئەو باسی هەوڵەکانی جیاکردنەوەی حیزب لە حوکمەتت بۆ ئەکا. کە لێی ئەپرسی هەڵوێستت چییە لەسەر دامەزراندنی ناقانونی دەیان هەزار کادرو ئەندامو لایەنگری حیزبی، بە تەزکیەی حیزبی، ئەو باسی عورفو عادەتی کۆمەڵایەتیو واسیتەو واسیتەکاریت بۆ ئەکا.

لە وتاری پێشومدا: (ئەم حوکمەتە بونی خەتەرە نەک نەبونی) فەشەلەکانی حوکمەتەکەی دکتۆرم ژمارد بو. لەم وتارەدا باسی ئەو شتانە ئەکەم کە د. بەرهەم بە «ئینجاز»یان ئەزانێ.

ئاخۆ حوکمەتە حیزبییەکانی هەرێم «ئینجاز»یان هەیە؟

حوکمەت چییە؟ جۆرێکە لە مەنەجمێنت: ئیدارەدان.

ئیدارەدانی سەرکەوتو ئەو ئیدارەدانەیە کە بە ئیمکانیاتی بەردەست: مادیو مرۆییو مەعنەوی، زۆرترین خزمەت (سیاسی، ئابوری، ئەمنی، زانستی، پیشەسازی، دارایی، کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیری) بە باشترین کوالیتی پێشکەش ئەکا.

بۆئەوەی بزانین شەش کابینە حیزبییەکەی پارتیو یەکێتی لە نزیکەی ٢٠ ساڵی ڕابردودا سەرکەوتو بون یان فاشیل، ئەبێ بپرسین: توانیویانە بە باشترین شێوە ئیمکانیاتی مادیو مرۆییو سامانی سروشتیو هەلومەرجی سیاسی بخەنەگەڕو زۆرترین قازانج بە خەڵک بگەیەننو باشترین کاڵا پێشکەش بکەن؟:

یەکەم: ئەگەر حوکمەتەکانی یەکێتیو پارتی، هەرکامیان لە هەر قۆناغێکدا توانیبێتی زیاد لەو توانا ماددییەی لەبەردەستی بوە، خزمەت بگەیەنێ، مانای وایە «ئینجاز»ی هەبوە.

بۆ نمونە: ئەگەر کابینەی شەش لە ساڵێکدا تەنیا یەک ملیارد دۆلاری لەبەردەست بو، بەڵام توانی بایی یەک ملیاردو یەک ملیۆن دۆلار خزمەت، بە کوالیتی بەرز، پێشکەشی هاوڵاتیان بکا، ئەوە ئینجازی ئیدارەدانە. ئەکید هەر شەش کابینەکەی یەکێتیو پارتی «ئینجاز»ی وایان نەبوە.

ئەگەر کابینەکە بایی یەک

> فراکسیۆنی دەسەڵات لە پارلەمانی کوردستان بە چەپڵە متمانەیان دایەوە بە بەرهەم ساڵحو حوکمەتەکەی پارتیو یەکێتی

ملیارد دۆلار خزمەتی کوالیتیی بەرزی پێشکەشکردین، مانای وایە ئەرکی سەرشانی خۆیی جێبەجێکردوە. سەرکەوتوە، بەڵام ئینجازی نییە تا پێویست بێ میدیای ئازادو ئۆپۆزسیۆن دەستخۆشی لێ بکەن. ئەکید هەر شەش کابینەکەی یەکێتیو پارتی «ئینجاز»ی وایان نەبوە.

لێ، ئەگەر یەک ملیارد دۆلاری لەبەردەست بو، بایی چارەکە ملیاردێک دۆلار خزمەتگوزاری پێشکەشکردین، ئەوە فەشەلی گەورەیەو ئەبێ لەسەری ئیجرائاتی لەگەڵ بکرێ... ڕەخنەی توندی لێ بگیرێ... کابینەکەی هەڵوەشێنرێتەوە. بە دڵنیاییەوە ئەم نمونەیە کورتکراوەی تاقیکردنەوەی هەر شەش کابینەکەی یەکێتیو پارتییە بە بچوککراوەیی. یانی فەشەلی کابینەکانی حیزب لەم نمونەیەش گەورەترن، بۆیە گونجاوە کابینەکانیان ناوبنێین، کابینەکانی داهێنان لە فەشەلدا.

دووەم: د. بەرهەم ژمارەیەک شانازیی وەهمی هەیە، پێیانەوە ئەنازێ:

١ - دامەزراندنی ژمارەیەک زانکۆی تر.

٢ - دامەزراندنی نزیکەی ٣٥٠٠٠ کەس.

٣ - پێشینەی خانو بۆ گوندییەکان.

٤- یەکخستنی پێشمەرگە لە یەک هێزدا.

ئاخۆ ئەوانە «ئینجاز»ن؟

لە زانستی ئابوریدا تێرمێک هەیە پێی ئەوترێ (**الجهد الاقتصادي**). جوهدی **ئیقتیصادی** چییە؟ خاوەن کارگەیەک کاڵایەکی دیاریکراو بەرهەم ئەهێنێ. داهاتی کارگەکەی بەشی ژیانی خۆیو خێزانەکەیو موچەی کرێکارەکانیو (**صیانە**)ی کارگەکەی ئەکا. شتێکیشی لێ ئەمێنێتەوە بۆ پاشەکەوتکردنو کەڵەکەکردنی سەرمایە بۆ ڕۆژانی لێقەومانو زەرەری گەورە. ماندوبونی ئەم کابرایە لەگەڵ کارگەکەی، بە خۆڕایی ناڕوا. جوهدی ئەم خاوەن کارگەیە جوهدێکی ئیقتیسادیە.

خاوەن کارگەیەکی تر هەمان کاڵا، یان کاڵایەکی تر بەرهەم ئەهێنێ، لێ داهاتی کارگەکەی وەکو خاوەن کارگەکەی یەکەم بەشی ژیانو پێویستییەکانی تر ناکا. ئەم کابرایە ئەگەر بەردەوام بێ لەسەر ئەو کارەی، لە کۆتاییدا ئیفلاس ئەکا. ئەو جوهدەی ئەم کابرایە سەرفی ئەکا، پێی ئەوترێ جوهدی نا ئیقتیسادی.

با بەو پێودانگەی سەرەوە «ئینجاز»ەکانی کابینەی شەش بپێوینو بزانین فیعلەن ئینجازن یان فەشەل؟

١- زانکۆ دامەزراندن کاتێک ئینجازە کە: زەرورەتی ئابوریو زانستیو کۆمەڵایەتی سەپاندبێتی؛ کە خوێندکارە دەرچوەکان بەگوێرەی پلانی پێشوەخت لەناو کەرتی تایبەتیو گشتیدا جێگەیان ببێتەوەو جوهدی ئیقتیسادی سەرف بکەن؛ کە لە کاتی دامەزراندنیا نوقسانیەکی تر نەبێ، لەم پێویست تر بێ پارەی بۆ خەرج بکرێ؛ کە نە زانکۆ نوێیەکەو نە زانکۆ کۆنەکان کێشەی کەمیی دەستەی خوێندن (**الهيئة التدريسية**)و مەنهەجیان نەبێ؛ کە کێشەی بیناو جێگەو ڕێگەی بەڕێوەبردنو هۆڵی خوێندن لە هیچ زانکۆیەکدا نەبێ؛ کە ئامرازەکانی حەوانەوەی تەلەبەو میزانیەی پێویست بۆ سەرخستنی زانکۆکە دابینکرابنو قورسایی نەخەنە سەر کەرتەکانی تر.

ئەوەی ڕونو ئاشکرایە، لە کوردستان دامەزراندنی زانکۆ هیچ پەیوەندییەکی بە پێویستییەکانی ژیانی کۆمەڵەوە نییە. یەکێتیو پارتی بە بڕیاری سیاسیو بۆ بەرتیلی سیاسی زانکۆ دائەمەزرێنن. ڕۆژی ٢٠١٠/١/٢٦ سەرۆکی هەرێم چوە ناوچەی پشدەرو ڕانیە. لەوێ بەڵێنی دامەزراندنی زانکۆی ڕاپەڕین ی دا. زانکۆکانی هەڵەبجەو گەرمیان بەهەمان دەستور، بە بڕیاری لێپرسراوە حیزبییەکانی یەکێتیو پارتی دامەزرێنران.

٢- بە گوێرەی قانونی بودجەی ساڵی ٢٠١٠، ئەبو کابینەکەی بەرهەم ساڵح نزیکەی ١٠٠٠٠ کەس، لەسەر بناغەی پێویستی وەزارەتەکانو لێوەشاوەییو شارەزایی، دابمەزرێنێ. بەڵام کابینەی شەش، بە تەزکیەی حیزبی نزیکەی ٣٥٠٠٠ ئەندامو لایەنگری هەردوو حیزبەکەی دامەزراندوە. ئەمە لەیەککاتدا: پێشێلکردنی قانونی بودجەیە؛ بەفیڕۆدانی سامانی گشتییە؛ خیانەتە لەو سوێندەی خواردویەتی کە حوکمەتی گەل بێ نەک حوکمەتی حیزب. ئەبو لەسەری پارلەمان لێی بپرسیایەتەوە.

گومان هەیە دەسەڵات بەنیازی خراپ ئەمە بکا: لەباتی بوژاندنەوەی ئابوری و لەو ڕێگەیەوە نەهێشتنی بێکاری، پەنا ببا بۆ نغرۆکردنی کەرتی بەڕێوەبردن بە موچەخۆری بندیوارو گەورەترکردنی دیاردەی بێکاریی دەمامکدار. بۆئەوەی هیچ حوکمەتێک دوای حوکمەتە حیزبییەکانی پارتیو یەکێتی نەتوانێ باری ئابوریو ئیداریی کوردستان هەڵبستێنێتەوە. نیازی وەها ئەگەر هەبێ، ئەگاتە ڕادەی خیانەتی گەورەی نیشتمانی.

٣- پێشینەی خانو بۆ گوندنشینەکان، بڕیارێکی سیاسیی ئیرتیجالیی بێپلان بو. ئەم بڕیارە ناتوانێ: گوندەکان ئاوەدان بکاتەوە؛ ئابوری کشتوکاڵی ببوژێنێتەوە؛ لە قەبارەی قەیرانی نیشتەجێبون کەم بکاتەوە؛ گوندییەکان بگێڕێتەوە بۆ لادێ. لەبەرئەوە هەرچی پارەیەک لەم بڕیارەدا خەرج کراوەو خەرج ئەکرێ، ئەچێتە خانەی بەفیڕۆدانی سامانی گشتییەوە. کابینەی شەش ئەم بڕیارەی وەکو بەرتیلی سیاسی دەرکرد. بۆ کڕینی دەنگ بو بۆ هەڵبژاردنی گشتیی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق. ئەبو لەسەری پارلەمان لێی بپرسیایەتەوە.

٤- دوو هەوڵی هاوتەریب هەن بۆ ئەوەی دەسەڵات پێی ئەڵێ «یەکخستنی پێشمەرگە». یەکێکیان دروستکردنی چوار لیوای سەربازییە لەسەر میلاکی وەزارەتی دیفاعی عێراق، بۆ هەرێمی کوردستان. یەکێتیو پارتی ئەم چوار لیوایەیان لەنێوان خۆیاندا دابەش کردوە.

هەوڵەکەی تریان یەکخستنی هێزی چەکداری هەردولا (پێشمەرگەی یەکێتی)و (زێرەڤانیی پارتی) یە لە چوارچێوەی وەزارەتی پێشمەرگەی حوکمەتەکەی یەکێتیو پارتی دا. بۆ سەلماندنی ئەوەی ئەم هێزەش هەر بە هێزی حیزبی ئەمێنێتەوەو کەس ناتوانێ بەبێ تەزکیەی حیزبی تیایدا ببێ بە هیچ، خوێنەر ئەنێرم بۆ لای هەواڵێک کە ڕۆژی یەکشەممە، ٢٠١٠/٤/٤ لە ماڵپەڕی سەرۆکایەتی هەرێمدا بڵاوکراوەتەوە. ناونیشانی هەواڵەکە بریتییە لە (سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەرپەرشتی کۆبونەوەیەکی فەرماندەیی گشتی هێزەکانی پاراستنی هەرێم دەکات). لە خاڵی ٢ی ئەو هەواڵەدا بە دەق نوسراوە: «٢- بەشداریکردنی لایەنە سیاسییەکانی دیکە لەو هێزانەی وەزارەتی پێشمەرگە، ئەوانەی کە بە کردەوە پێشمەرگە بوون». ئەم دەقە هیچ لێکدانەوەیەک هەڵناگرێ، ئەوە نەبێ کە ئەو شانازییە بەدینەهاتوەی د.بەرهەم باسی ئەکا، تەقنینکردنو شەرعاندنی میلیشیاکانی پارتیو یەکێتییە. ئەو میلیشیایانەی ٢٠ ساڵە بەخوێنو سامانی خەڵک قەڵەو ئەکرێن بۆ پاراستنی بەرژەوەندی دوو بنەماڵە.

بە گوێرەی بەڵێنی سەرۆکی هەرێم کە ٢٠١٠/٢/١٦، لە وتاریدا بۆ (کۆنگرەی یەکگرتنەوەی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلام لە کوردستان) بە زانایانی ئاینیو خەڵکی کوردستانی دا، ئەبو «ئینجاز»ی یەکخستنی هێزی پێشمەرگەو تەواوی دامەزراوە دووبەشکراوەکانی تری هەرێم، هەتا کۆتایی ٢٠١٠ بهاتایەتە دی.

بەرهەم ساڵح لە دانیشتنی ٢٠١١/٣/٩ دا لە (لا وعی) دا دانی بە شکستی خۆیو حوکمەتەکیدا هێنا. ئەوانەی ئەمانەوێ تێبگەین، تێگەیشتین کە: دەستی سەرۆکو حوکمەتەکەی زۆر لە دەستی حیزب کورتترن؛ هیچ تاوانبارێکی پێ نادرێ بە دادگا؛ ناتوانێ سنور بۆ حیزب دابنێ مافی مرۆڤو مافی هاوڵاتی کوردستان پێشێل نەکا؛ ناتوانێ بەرگری لەو قانونانە بکا کە پارلەمانەکەی حیزب دایان ئەنێ؛ ناتوانێ ڕێگەی پێشێلکردنی قانون لە حیزبو میلیشیاکانی بگرێ؛ ناتوانێ نەهێڵێ میلیشیای حیزب خۆپیشاندەر بڕفێنێ... خێمەی خۆپیشاندەر بسوتێنێ؛ ناتوانێ یان ناوێرێ ڕێگە لە تاوانی سیستماتیک بگرێ؛ بۆ جوڵاندنی هێزو بڵاوەپێکردنی هێز حیزب نە پرسی پێ ئەکا، نە بەگوێی ئەکا؛ دەسەڵاتی خۆیو وەزیرەکەی لە ژێر دەسەڵاتی یەکێتیی قوتابیانی پارتییەوەیە؛ ئاگای لە داتاکانی وەزارەتەکانی پارتی نییە؛ ئاگای لە باری دارایی گیتۆکەی پارتی نییە؛ لەترسی غەزەبی حیزب دایە پاڵی حیزبو خوێنی خۆپیشاندەرانی بۆ چەتەکانی حیزب حەڵاڵ کرد؛ توانای بەرەنگاربونەوەی دیاردەی گەندەڵی نییە؛ ناتوانێ بەر لە بەفیڕۆدانی سامانی نیشتمانی بگرێ؛ ئاگای لە داهاتو شیرینی نەوتی کوردستان نییە.

سەرەڕای ئەو ڕاستییانە، کەچی فراکسیۆنی دەسەڵات لە پارلەمانی کوردستان بە چەپڵە متمانەیان دایەوە بە بەرهەم ساڵحو حوکمەتەکەی پارتیو یەکێتی. ئەو ئەندام پارلەمانەی متمانە بە حوکمەتی وەها ئەدا، بێگومان نوێنەری گەل نییە، بۆیە ئەشێ بونی ئەم پارلەمانە بکەین بە فەشەلێکی تری دەسەڵاتو وەکو خەڵکی سلێمانی ئەڵێن، ناوی بنێین: شازی فەشەل.

بڵێی زاکیرەی گەل مەهزەلەکەی ٢٠١١/٣/٩ ی لە بیربچێتەوە؟


REKLAM
KONKA
1.99 cm
LED TV
دیزاینێك لەوپەڕی خەیاڵ...
HDMI
USB
VGA
3D
Al-Sard Group Co., LTD.
www.askome.com


REKLAM
نزیکتر لە سروشت
نزیکتر لە ژیان
گاردن سیتی
شـــارێک لەسەر ١٢٠٠٠٠م٢ کە ٧٥٪ی باخچەو ســـەوزاییە
دابین کردنی مەسعەد لە پارکی داخراوەوە بۆ شوقەکان
گـــەیاندنی بـۆری غـــاز بۆ شوقەکان
دوو جۆر عەزلی سەرماو گەرماو دەنـگ
شوقەی دوو نهۆم ٢٨٥ م٢
شوقەی یەک نهۆم ٢٢٠ م٢
لەگەڵ گەراج و گەنجینە
halabjagroup
گرووپی هەڵەبجە
ناونیشان: سلێمانی _شەقامی بازنەیی مەلیک مەحمود - گەڕەکی کوردسات _خوار ئەخۆشخانەی ٤٠٠ قەرەوێڵەیی
مۆبایل:٠٧٥٠١١٤١٨٨٨-٠٧٥٠١١٤١٨٨١ | ئیمەیل: gardencity@halabjagroup.com